هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتیی ئە نجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە / کۆلێجی زمان
بەشی کوردی

# سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکیی گریمانە پێشەکییەکان

نامەیەکە

عومەر مەحموود کەریم

پێشکەشی ئە نجومەنی کۆلێجی( زمان )ی زانکۆی کۆیەی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ( دکتۆرای فەلسەفە ) لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت

پ.د. محەمەد مەعروف فەتاح

٢٧٠٩ی کوردی　　　　٢٠٠٩ی زایینی

ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی کۆیە ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردی، لە بواری( پراگماتیك و سیمانتیك)دا .

ناو: پ.د. محەمەد مەعروف فەتاح

بەروار : / ٤ / ٢٠٠٩

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: صلاح حەوێز ڕەسول

سەرۆکی بەشی کوردی

بەروار: / ٤ / ٢٠٠٩

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی (**سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکی گریمانە پێشەکییەکان**) خوێندەوە و لە گەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لە بارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی ( **نایاب** ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردیدا پێ بدرێت.

ناو:پ.ی.د.محەمەد عەبدولفەتاح مەحوی
ئەندام
بەروار : ٢٣ / ٥ / ٢٠٠٩

ناو:پ.د.یوسف شەریف سەعید
سەرۆکی لیژنە
بەروار: ٢٣ / ٥ / ٢٠٠٩

ناو:پ.ی.د.تالب حوسێن عەلی
ئەندام
بەروار : ٢٣ / ٥ / ٢٠٠٩

ناو:پ.ی.د.عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول
ئەندام
بەروار : ٢٣ / ٥ / ٢٠٠٩

ناو:پ.ی.د.بەکر عومەر عەلی
ئەندام
بەروار : ٢٣/ ٥ / ٢٠٠٩

ناو: پ.د. محەمەد مەعروف فەتاح
ئەندام و سەرپەرشت
بەروار: ٢٣ / ٥ / ٢٠٠٩

لــــەلایەن ئەنجومــــەنــــی کۆلێجی زمــــانەوە پەسەنــد کرا .

د.گۆران صلاحەددین شوکر
ڕاگری کۆلێجی زمان
بەروار: ١٠ / ٦ / ٢٠٠٩

**ئەم نامەیە پێشکەشە بە:**

- گیانی پاکی دایك و باوکم.
- هاوسەری ژیانم و جگەرگۆشەکانم :

دیاری

گلێنە

گۆنا

گەردوون

# سوپاسو پێزانین

سوپاسو پێزانینم بۆ:

- سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە ، کۆلێجی زمان ، بەشی کوردی ، کە بواری خوێندنی دکتۆرایان بۆ ڕەخساندین.
- مامۆستای بەڕێزم ( پ .د.محەمەد مەعروف فەتاح)، کە سەرپەرشتی نامەکەی کردم و بە تێبینییە وردەکانی ڕێنمایی کردم و لە ئاست هەر گرێ و ئاڵۆزییەکی نامە کەدا هاوکارم بوو، هیوای لەش ساغی و تەمەن درێژی بۆ دەخوازم.
- هەموو ئەو هاوڕێ و مامۆستا بەڕێزانەی کە لە کاتی نووسینی ئەم نامەیەدا بە سەرچاوە و وەرگێڕان یارمەتییان داوم، بە تایبەتی برایانی بەڕێزم :( د.هۆشەنگ فاروق جەواد) کە لە وەرگێڕانی دەقە ئینگلیزییەکاندا هاوکاری زۆری کردم و پوختەی نامەکەی بە زمانی ئینگلیزی بۆ نووسیم، ( د.سەباح ڕەشید قادر ) کە لە وەرگێڕانی دەقە ئینگلیزییەکاندا هاوکاری زۆری کردم و لە پێداچوونەوەی نامەکەدا تێبینی وردی دامێ، (د.عەلی تاهیر) کە لە وەرگێڕانی دەقە فارسییەکاندا هاوکاری کردم، (د.صلاح محەمەد صالح) کە کۆمەڵێك سەرچاوەی بۆ دەستەبەرکردم.

# هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| لێکەوتە | □+ |
| گرتنەوە | ǁ− |
| گریمانەی پێشەکی | << |
| یەکسانە | = |
| یەکسان نییە | ≠ |
| یاخود (یان) | v |
| و | ʌ |
| نا هەردووکیان | ve |
| پاشان (ئینجا) | → |
| ئەگەر و تەنیا ئەگەر | ≡ |
| نەفی(نە) | □ |
| نیشانەی وەرگرتن و گواستنەوە | ┌ ┐ |
| گۆڕاو | χ |
| بکەر | λ |
| کارا | γ |
| زانیاریی هاوبەش | κ |
| ڕاست | ڕ |
| درۆ ( نا دروست ) | د |

□

# فەرهەنگۆك

| | |
|---|---|
| Inference | ئاماژە |
| Proposition | باس ( قەزیە ) |
| Maxim | بنەما |
| Relation | بنەمای پەیوەندی |
| Quality | بنەمای چۆنیەتی |
| Manner | بنەمای شێواز(ڕوونی) |
| The cooperative principle | بنەمای هاریکاری |
| Flouting | بەزاندن |
| Heritage expression | بۆماوەی دەربڕین |
| Background | پاش زەمینە |
| Filter | پاڵێوەر |
| Foreground | پێش زەمینە(پێشینە) |
| Syntagmathc | پەیوەندیی ئاسۆیی |
| Paradigmatic | پەیوەندیی ستوونی |
| Opposition | پەیوەندیی جیاوازی |
| Non-detachability | توانای جیانەکردنەوە |
| Calculability | توانای هەژماردن(حیسابکردن) |
| Cancellability | توانای پاشگەزبوونەوە (سڕینەوە ) |
| Suspended | توانای هەڵواسین |
| Projection | جێکەوتە |
| Non-asserted | جەخت لێ نەکراو |
| Hyponymy | داپۆشین |
| Implicative expresson | دەربڕینی لێکەوتەیی |

| | |
|---|---|
| Holes | دەروازە |
| Plug | دەمبەست |
| Context | دەوروبەر |
| Cleft sentence | ڕستەی کەرتبوو |
| Statement | ڕستەی هەواڵدان |
| Surface structure | ڕونانی سەرەوە |
| Mutual knowledge | زانیاریی هاوبەش |
| Common ground | زەمینەی گشتی |
| Projection problem | کێشەی جێکەوتە |
| Semantic fields | کێڵگە واتاییەکان |
| Entailment | گرتنەوە |
| Grammatically specified entailment | گرتنەوەی ڕێزمانی |
| Grammatically unspecified entailment | گرتنەوەی ناڕێزمانی |
| Assumption | گریمانە (وادانان) |
| Presupposition | گریمانەی پێشەکی |
| Existential Presupposition | گریمانەی پێشەکیی بوون |
| Pragmatic Presupposition | گریمانەی پێشەکیی پراگماتیکی |
| Potential Presupposition | گریمانەی پێشەکیی کاریگەر(متبوو) |
| Semantic Presupposition | گریمانەی پێشەکیی سیمانتیکی |
| Logical Presupposition | گریمانەی پێشەکیی لۆجیکی |
| Structural Presupposition | گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی |
| Counterfactual Presupposition | گریمانەی پێشەکیی دژەواقیع |
| Psycho Presupposition | گریمانەی پێشەکیی دەروونی |
| Factive Presupposition | گریمانەی پێشەکیی ڕاستەقینە (دروست) |
| Lexical Presupposition | گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی (لێکسیکی) |
| non- Factive Presupposition | گریمانەی پێشەکیی ناڕاستەقینە |
| Appropriateness | گونجان |
| Implicature | لێکەوتە (لێکەوتنەوە) |

| | |
|---|---|
| Conversational Implicature | لێکەوتەی ئاخاوتەیی |
| Particularized Conversational Implicature | لێکەوتەی ئاخاوتەیی تایبەتی |
| Generalized Conversational Implicature | لێکەوتەی ئاخاوتەیی گشتی |
| Scaler Implicaturs | لێکەوتە پلەییەکان |
| Standard Implicature | لێکەوتەی ستاندەر |
| Conventional Implicature | لێکەوتەی نەریتی (تەقلیدی) |
| Truth conditional | مەرجی ڕاستی |
| Extension expression | مەودای دەربڕین |
| Non-conventional | نانەریتی |
| Negation | ناکردن( نەفی) |
| Clitic | نووسەك |
| Inference | هەڵهێنجان |
| Inherence | واتای پابەندبوون |
| Adequation | واتای پێکچوون |
| Implicated | واتای گەیەنراو |
| What is said | واتای گوتراو |
| utterance | وتە |

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| هێما و کورتکراوەکان ........................ | I |
| فەرهەنگۆك ........................................ | II |
| پێشەکی.................................................. | ١ |
| **بەشی یەکەم** | |
| **دەروازەیەك بۆ چوونە ناو باسەکە** | |
| ١ـ١.سەرەتا.............................................. | ٣ |
| ١ ـ٢ . لێکەوتە ئاخاوتەییەکان.............................. | ٣ |
| ١ـ٢ـ١ . لێکەوتە و هاریکاری.............................. | ٥ |
| ١ـ ٢ـ٢ . جۆرەکانی لێکەوتە.................................. | ٨ |
| ١ ـ ٢ـ٣. لێکەوتەی ستاندەر.................................. | ٨ |
| ١–٢–٤. لێکەوتەی ئاخاوتەیی.................................. | ١١ |
| ١ـ٢ـ٥. بەزاندنی بنەما وردەکانی هاریکاری.................... | ١٢ |
| ١ـ٢ـ٦. لێکەوتەی ئاخاوتەیی گشتی.............................. | ١٩ |
| ١ـ٢ـ٧. لێکەوتە پلەییەکان ........................................ | ٢٠ |
| ١ـ٢ـ٨. لێکەوتەی ئاخاوتەیی تایبەتی.............................. | ٢٢ |
| ١ـ٢ـ٩. تایبەتییەکانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی ........................ | ٢٣ |
| ١ـ٢ـ١٠. لێکەوتەی نەریتی ( تەقلیدی )........................ | ٢٦ |
| ١ـ٣ . گرتنەوە.................................................. | ٢٨ |
| ١ـ٣ـ١. داپۆشین ................................................ | ٣٣ |
| ١ـ٣ـ٢. جۆرەکانی گرتنەوە........................................ | ٣٥ |
| **بەشی دووەم** | |
| **گریمانەی پێشەکی و بۆچوونەکان** | |
| ٢ ـ١. سەرەتا................................................ | ٤٠ |

٢-٢. زاراوەی گریمانەی پێشەکی........................... ٤٠
٢ -٣. تیۆرە لۆجیکییەکانی گریمانەی پێشەکی ..................... ٤١
٢-٤. گریمانەی پێشەکیی دەروونی.............................. ٥١
٢-٤. تیۆرە سیمانتیکییەکانی گریمانەی پێشەکی .................. ٥٢
٢-٥. تیۆرە پراگماتیکییەکانی گریمانەی پێشەکی .................. ٦١

**بەشی سێیەم**

**جۆرەکانی گریمانەی پێشەکی**

٣-١. سەرەتا............................................ ٧٨
٣-٢. گریمانەی پێشەکیی بوون ................................ ٧٩
٣-٣. گریمانەی پێشەکیی ڕاستەقینە ............................ ٨٤
٣-٤. گریمانەی پێشەکیی ناڕاستەقینە .......................... ٨٧
٣-٥. گریمانەی پێشەکیی دژە واقیع ............................ ٨٩
٣-٦. گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی(لێکسیکی)...................... ٩٢
٣-٧. گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی ............................ ١٠١

**بەشی چوارەم**

**ئەنجام و پێشنیاز**

**٤-١. کورتە و ئەنجام** ......................................... ١٠٦
**٤-٢. پێشنیاز** .............................................. ١٠٨
**سەرچاوەکان** ............................................. ١٠٩
**خلاصه** .................................................. ١١٤
**Abstract** ............................................. ١١٥

# پێشەکی

## ١ـ ناونیشان و بواری نامەکە:

ناونیشانی نامەکە (سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکیی گریمانە پێشەکییەکان)ە، نامەکە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی تیۆری گریمانەی پێشەکی و پراکتیزە کردنی لە زمانی کوردیدا .

بواری نامەکە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئاستی پراگماتیك و سیمانتیکدایە و سروشتی تیۆرەکەش وا دەخوازێت، کە لایەنی لۆجیکیش بێتە ناو شیکردنەوەکە، چونکە تیۆری گریمانەی پێشەکی سەرەتا لە ناو لۆجیکدا پەیدابووە.

## ٢ـ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

ئەمڕۆ گریمانەی پێشەکی بابەتێکی تەوەرییە لە پراگماتیکدا، تاکو ئێستا بە زمانی کوردی بە سەربەخۆیی لێی نەکۆڵراوەتەوە، لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوە لەم لایەنەوە پێویستە و جێگای بە هەند گرتنە، بۆیە ئەو بابەتە هەڵبژێردراوە و کراوەتە ناونیشانی نامەکە.

## ٣ـ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە، ڕێبازێکی وەسفیی شیکارییە، کەرەستەی شیکردنەوەکە پتر زمانی ئێستای قسە پێکەرانە هەرچەندە هەندێك نموونەش لە زمانی نووسین هێنراوەتەوە، ئەو نموونانەی کە لە پراکتیزەکردنی تیۆرەکەدا دەستەبەرکراون و شیکراونەتەوە، سەلیقەی قسەپێکەرانی زمانی کوردییە، واتە شیکردنەوە و لێکدانەوەی توانستی قسەپێکەرانی ئەمڕۆی زمانی کوردییە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا.

## ٤ـ گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:

ئەو گرفت و کێشانەی ناوەرۆکی ئەم نامەیە دەیانخاتەڕوو، بریتین لە بوارە جیاجیاکانی تیۆریی ئەم بابەتە و چۆنیەتیی دامەزراندن و پراکتیزەکردنی لە زمانی کوردیدا، لەبەر کەمی سەرچاوەی تیۆری لە سەر بابەتەکە بە زمانی کوردی، پشت بە سەرچاوەی ئینگلیزی و فارسی و عەرەبی بەستراوە، لە وەرگێڕانی دەقەکانیشدا ڕووبەڕووی کێشەی

زاراوە بووینەوە، چونکە بابەتەکە لە کوردیدا بابەتێکی نوێیە و زۆربەی ئەو زاراوانەی کە تایبەتن بەم بوارە  لەکوردیدا نین، یان زۆر کەمن.

**٥ـ ناوەڕۆکی نامەکە:**

نامەکە لە پێشەکییەك و چوار بەش پێکهاتووە :

**لە بەشی یەکەمدا**، وەکو دەروازەیەك بۆ چوونە ناو باسەکە، باسی جۆرەکانی واتا و، واتای لۆجیکی کراوە و هەردوو بابەتی لێکەوتەی ئاخاوتەیی و گرتنەوەی لۆجیکی ڕوونکراونەتەوە، چونکە پەیوەندییان بە گریمانەی پێشەکییەوە هەیە.

**بەشی دووەم**، تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی ئەو بۆ چوونانەی کە لەبارەی گریمانەی پێشەکییەوە هەن، لەم ڕووەوە سێ جۆر تیۆر باسکراون، کە بریتین لە تیۆرە لۆجیکییەکانی گریمانەی پێشەکی، تیۆرە سیمانتیکییەکانی گریمانەی پێشەکی و تیۆرە پراگماتیکییەکانی گریمانەی پێشەکی.

**لە بەشی سێیەمدا**، باسی جۆرەکانی گریمانەی پێشەکی کراوە، کە بریتین لە گریمانەی پێشەکیی بوون، گریمانەی پێشەکیی ڕاستەقینە، گریمانەی پێشەکیی ناڕاستەقینە، گریمانەی پێشەکی دژەواقیع، گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی  و گریمانەی پێشەکی پێکهاتەیی.

**لە بەشی چوارەمدا**، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و پێشنیازەکان خراونەتەڕوو. لە کۆتایی نامەکەشدا لیستی سەرچاوەکان و پوختەی نامەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

## دەروازەیەك بۆ چوونە ناو باسەکە

### ١ـ١. سەرەتا:

لەم بەشەدا وەکو دەروازەیەك  بۆ چوونە ناو باسەکە بە پێویستی دەزانین باسی واتای لۆجیکی بکەین و هەردوو چەمکی لێکەوتەی ئاخاوتەیی و گرتنەوەی لۆجیکی ڕوونبکەینەوە.

(گرایس) دووجۆر واتای لێکجیاکردووەتەوە، واتای گوتراو What is said و واتای گەیەنراو (شاراوە) implicated (Grice, ١٩٧٥: ٤٤). مەبەست لە واتای گوتراو ئەو واتایەیە، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی وشە فەرهەنگییەکان و ئەو واتا ڕێزمانییەی کە لە چۆنیەتی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەکە دێتە ئاراوە(محمد محمد، ٢٠٠٧: ١٤١). مەبەستی (گرایس) بۆ واتا زۆر ڕوون نییە، چونکە ئاماژەی بە واتای لۆجیکی واتە (گریمانەی پێشەکی و گرتنەوە) نەکردووە. بۆیە زۆر زمانەوانی وەك (ڕۆبەرت هارنیش) و (جیرولد سادك) ڕەخنەیان لەم دابەشکردنەی (گرایس) گرتووە، کە بۆ واتا کردوویەتی و بە جۆرێکی تر واتایان دابەشکردووەتەوە (محمد محمد، ٢٠٠٤: ٣٩ ـ ٤١). لێکۆڵینەوەکەی ئێمەش وا دەخوازێت، کە واتای لۆجیکیش بهێنینە ناوەوە و هەردوو بابەتی لێکەوتەی ئاخاوتەیی و گرتنەوەی لۆجیکی باسبکەین، چونکە پەیوەندییان بە گریمانەی پێشەکییەوە هەیە.

### ١ـ٢. لێکەوتە ئاخاوتەییەکان[1] :Conversational implicatures

کاتێك قسەکەر کە مەبەستێك، یان پەیامێکی دەبێت لە ڕێگەی گوتنەوە دەیگەیەنێتە گوێگر، بەڵام زۆرجار دەبینین قسەکەر کە وتەیەك دەردەبڕێت، زۆر زیاتر دەگەیەنێت لەوەی کە دەیڵێت، گوێگریش کە وتەکە دەبیستێت گریمانەی ئەوە دەکات ،کە قسەکەر هاریکارە و دەیەوێت شتێك بگەیەنێت، ئەو شتەش دەبێت زیاتر بێت لەوەی کە

---

(١) زمانەوان و توێژەرانی کورد  چەند زاراوە یەکییان بۆ Conversational implicatures بەکارهێناوە: عەبدولواحید موشیر دزەیی، زاراوەی (دەرکەوتەکان)ی بەکارهێناوە (عەبدولواحید، ٢٠٠٥: ١١٠)، سازان ڕەزا، زاراوەی (واتای شاراوە)ی بەکارهێناوە (سازان، ٢٠٠٥: ٨٢)، ئاڤێستا کەمال، زاراوەی (بەخشکەیی دەربڕین)ی بەکارهێناوە (ئاڤێستا، ٢٠٠٦: ٦٦). ئێمە زاراوەی (لێکەوتەی ئاخاوتەیی)مان بە پەسەند زانیوە و بەکارمانهێناوە، چونکە لێکەوتەی ئاخاوتەیی ئەو واتایەیە، کە لە وتە و ڕستەکان دەکەوێتەوە.

وتەکە نیشانی دەدات، ئەم واتا زیادەیە پێی دەگوترێت لێکەوتە implicature ( Yule, ٢٠٠٠: ٣٥). کەواتە لێکەوتە ئەوەیە، کە قسەکەر پێشبینی دەکات و گوێگریش بە پشتبەستن بە بنەمای هاریکاری هەڵی دەهێنجێت (اوزوالد دیکرو و جان ماری، ٢٠٠٧: ٥١٢).

(گرایس) مەبەستی قسەکەر و لێکەوتەی ئاخاوتەیی بە بەشێك لە واتای ناسروشتی داناوە. قسەکەر زۆر جار مەبەستەکەی بە شێوەیەکی شاراوە دەردەبڕێت، بەڵام دەبێت گوێگر لە مەبەستەکەی بگات، ئەگەر لە مەبەستەکەی نەگات، ئەوا کردەی گەیاندن نایەتەدی. بۆ نموونە کابرایەك هەیە و قەرزاری تۆیە، ماوەیەکی زۆرە خۆی لێت شاردووەتەوە، ئەگەر ڕۆژێکیان بە ڕێککەوت ئەم کابرایەت لە بازاڕدا بینی و پێت گوت:

**(١) مەرحەبا !**

ئەوا پێویستە ئەم پیاوە لە مەبەستی تۆ بگات و ئەو لێکەوتەیە بەدەستبێنێت، کە داوای قەرزەکەی لێ دەکەیتەوە، ئەگەر لە مەبەستەکەت نەگات، ئەوا مەبەست و ئامانجەکەت نایەتەدی (عبدالهادی، ٢٠٠٤: ٢١١).

بە ڕای زۆربەی زمانەوانان لێکەوتە یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتییەکانی پڕاگماتیك، گرنگییەکەی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

١ـ گرنگیی لێکەوتە لەوەدایە، کە تەفسیری توانای قسەکەر دەکات، بەوەی کە ئەو واتا و چەمکەی دەیگەیەنێت زۆر زیاترە لەوەی کە دەیڵێت (Levinson, ١٩٨٣: ٩٧).

٢ـ گرنگییەکی تری لێکەوتە ئەوەیە، کە دەتوانێت ئاسانکاری لە وەسفی بونیادی واتاییدا semantic description بکات، ئەمە لە بەراوردی نێوان ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**(٢) دارا پارچە زەوییەکی کڕی <u>و</u> کردییە خانوو.**

**(٣) کابول پایتەختی ئەفغانستانە <u>و</u> بەیروتیش پایتەختی لوبنانە.**

واتای ئامرازی لێکدەری (و) لە هەردوو ڕستەکەدا جیاوازە، لە ڕستەی (٢) دا، ئامرازی (و) ڕیزکردن و بە دوای یەکدا هاتن دەگەیەنێت، بۆیە ناکرێت هەردوو ڕستە سادەکە ئاڵ و گۆڕ بکرێن، بەڵام لە ڕستەی (٣)دا ئامرازی (و) تەنیا واتای هاوبەشی دەگەیەنێت، بۆیە دەکرێت ڕستەکان ئاڵ و گۆڕ بکرێن. لە بەرامبەر ئەم جۆرە نموونانەدا، واتاسازی چارەسەرێکی

ئەوتۆی نییە، جگە لەوەی کە بڵێت ئامرازی (و) ڕۆڵی لێکدان و بەستنەوە دەبینێت، یان چەند واتایەکی جیاوازی هەیە. بەڵام لێکەوتە چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم کێشانە دەدۆزێتەوە (Levinson, ١٩٨٣: ٩٨).

٣ـ گرنگییەکی تری لێکەوتە ئەوەیە، کە بە پشتبەستن بە ژمارەیەکی کەم لە بنەما دەتوانین وتەی زۆر و جۆرا و جۆر تەفسیربکەین (Leech, ١٩٩٦: ٨).

١ـ٢ـ١. **لێکەوتە و هاریکاری** Cooperation and implicature:

چەمکی لێکەوتە لە بنچینەدا لەو تیۆرە تایبەتییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە چۆن زمان بەکاردەهێنرێت، بە باوەڕی (گرایس) بەکارهێنانی زمان چالاکییەکی هۆشەکییە (عەقڵانی) و ئامانجی هاریکاریکردنە لە نێوان هاوبەشەکاندا، بۆیە پێویستبوو ئەو بنەما و یاسایانەی کە مێشکی مرۆڤ ئاراستەیان دەکات بۆ ئەوەی ئاخاوتن کاریگەر و سەرکەوتوو بێت، دەستنیشان بکرێن (عادل، ١٩٨٩: ١٤٦).

بە بۆچوونی (گرایس) ئێمە لە ئاخاوتندا لە ڕێگەی بنەمای هاریکارییەوە بە واتای هاوبەش دەگەین، کە هەموو قسەکەرێك لە هەر کۆمەڵگایەکدا بێت، پەیڕەوی دەکات (محەمەد مەعروف، ٢٠٠٧: ٢٤).

ئەم بیرۆکەیە لای (گرایس) شێوەی بنەمایەك وەردەگرێت و ناوی ناوە بنەمای هاریکاری (Completive principle)، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**"با گوتنەوەکەت هێندە بێت و لەو کات و شوێنەدا بێت و بەو جۆرە بێت، کە پێویستیی تێگەیشتن دەیەوێت".**

(گرایس) ئەم بنەما گشتییەی هاریکاری لە چوار بنەمای وردتردا Maxim دەبینێتەوە، کە بریتین لە :

**بنەمای چەندایەتی** Quanitiy:

ئەم بنەمایە تایبەتە بە بڕی ئەو زانیارییەی کە پێویستە لە ئاخاوتندا بدرێت و بەم دوو یاسا (بەچکە بنەما)یە جێبەجێ دەکرێت :

**"وابکە گوتنەکەت (بەشداریت) لە ڕووی زانیاری بەخشینەوە هێندەبێت، کە پێویستە".**

واتە گوتنەکەت لە خزمەتی مەبەستە هەنووکەییەکانی ئێستادا بێت .

**"وا مەکە گوتنەکەت (بەشداریت) لە ڕووی زانیاری بەخشینەوە زیاتر بێت لەوەی کە پێویستە"،** (Grice, ١٩٧٥: ٤٥).

**بنەمای چۆنیەتی** Quality:

**"با گوتنەکەت دروست بێت"،** ئەمەش بەم دوو یاسایە جێبەجێ دەکرێت :

**١ـ "شتێك مەڵێ، کە پێت وایە نادروستە".**

**٢ـ "شتێك مەڵێ، کە بەڵگەی تەواوت لە سەر دروستی نییە"،** واتە شتێك مەڵێ، کە لێی بە گومانی .

**بنەمای پەیوەندی** Relation:

**"دەبێت گوتنەکەت بۆ ئەو شوێنە بشێت، کە تێیدا هاتووە"،** واتە گوتنەکەت پەیوەندیی بە بابەتەکەوە هەبێت .

**بنەمای شێواز (ڕوونی)** Manner:

**١ـ "دوور بکەوە لە دەربڕینی لێڵ".**

**٢ـ"گوتنەکەت دووربێت لەوەی کە زیاتر لە لێکدانەوەیەکی بۆ بکرێت"،** واتە لە فرەواتایی و هاوبێژی دووربکەوە.

**٣ـ "گوتنەکەت کورت و پوخت بێت".**

**٤ـ "گوتنەکانت ڕێکخراوبن"،** واتە ڕووداوەکان ڕیزکرابن (Grice, ١٩٧٥: ٤٦).

بنەمای هاریکاری و بنەما وردەکان، ڕێنمایین و نەریتی ئاخاوتن دیاریدەکەن، بەڵام وانەی ئاکاری نین، ئەگەر قسەکەر مەبەستی بێت، دەتوانێت ئەو بنەمایانە ببەزێنێت، واتە هاوبەشەکانی ئاخاوتن دەتوانن زۆر بڵێن و درۆبکەن و قسەکانیان پەیوەندیی بە بابەتەکانەوە نەبێت و ڕووداوەکان ڕیزنەکەن و وتەکانیان فرەواتابێت... هتد. بەڵام گوێگر هەمیشە چاوەڕێی ئەوە لە قسەکەر دەکات، کە هاریکارە و بنەماکان نابەزێنێت (محەمەد مەعروف، ٢٠٠٧ : ٢٥).

بە شێوەیەکی گشتی هاوبەشەکانی ئاخاوتن، کە قسەدەکەن هەوڵ نادەن زانیاری لە یەکتر بشارنەوە و سەر لەیەکتری بشێوێنن، بەڵام ئەم هاریکاریکردنە لە زۆربەی هەلومەرجەکاندا تەنیا خاڵی سەرەتایە بۆ هەڵهێنانی واتا لە گوتندا.

بۆ نموونە با سەیری ئەم گفتوگۆیە بکەین، کە بۆ زانینی کات ئەنجامدراوە:

**(٥) ا ـ سەعات چەندە؟**

**ب ـ کارەبا هاتووەتەوە.**

(ب) بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیاری (ا)ی داوەتەوە و بنەمای چەندایەتی و پەیوەندی بەزاندووە، بەڵام گوێگر بەو هەستەوە دێتە پێشەوە، کە قسەکەر هاریکارە و ڕێز لە بنەمای هاریکاری دەگرێت، بۆیە لەم وەڵامەدا بە دوای ئەنجامی تردا دەگەڕێت، تاوەکو لێکەوتەیەك بەدەستبێنێت، بۆ هەڵهێنجانی لێکەوتەکەش دەبێت زانیاری دونیایی خۆی بخاتە کار، وەك ئەوەی کە ڕەوشی کارەبا لەم وڵاتەدا خراپە و دوو جۆر کارەبا هەیە، کارەبای نیشتمانی و کارەبای موەلیدەی گەڕەك، دابەشکردنی کارەبا بە پێی خشتەیە، ئینجا بۆ ئەوەی گوێگر (ا) لێکەوتەیەك بەدەستبێنێت و کاتەکە بزانێت، دەبێت خشتەی دابەشکردنی کارەبای لەبیر بێت و کاتی هاتنەوەی کارەبا بە کاتی قسەکردن ببەستێتەوە، بەم شێوەیە کاتەکە دەزانێت .

وەڵامی (ب) لە ناو وڵات و کۆمەڵێکدا، کە ڕەوشی کارەبای تێدا خراپ بێت، لێکەوتە و ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام لە وڵاتێکی وەکو ژاپۆن کە ڕەوشی کارەبا زۆر باشە و تەنانەت لەوێ کارەبا بڕان هەر نییە، وەڵامی (ب) هیچ ئەنجام و لێکەوتەیەکی لێناکەوێتەوە.

پاش ئەوەی کە تیۆرەکەی (گرایس) لە سەر چەندین زمانی جۆرا و جۆر پیادەکرا، زمانەوانان ئەم سەرنج و تێبینییانەی خوارەوەیان لە سەر تیۆرەکە خستەڕوو:

١ـ بنەماکانی چەندایەتی و چۆنیەتی و پەیوەندی و شێواز تێکچڕژاون و لە زۆر باردا جیاکردنەوەیان کارێکی سەختە .

٢ـ هەموو بنەماکان وەکو یەك گرنگ نین، بە ڕای هەندێك زمانەوان بنەمای پەیوەندی لە هەموو بنەماکانی تر گرنگترە، هەر لەبەر ئەوەشە کە هەندێك زمانەوانی وەك (ویلسۆن) و

(سپیربەر) پێشنیازی ئەوەیان کردووە، کە بنەمای هاریکاری بگۆڕدرێت بۆ بنەمای پەیوەندی لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

ا ـ بنەمای هاریکاری لە بنەڕەتدا بنەمای پەیوەندییە، چونکە زۆر زەحمەتە نموونەیەك بدۆزینەوە، لێکەوتەی لێ بەدەستبێت و بنەمای پەیوەندی تێدا پەیڕەو نەکرابێت.

ب ـ بنەمای پەیوەندی بە پێچەوانەی بنەمای هاریکاری دەتوانرێت بە شێوەیەکی ورد دەستنیشانبکرێت (کولنج، ١٤٢١: ١٩٩ ـ ٢٠٠).

پ ـ بنەمای پەیوەندی یەکەم بنەمایە، کە بەر تیری بەزاندن دەکەوێت .

## ١ـ٢ـ٢. جۆرەکانی لێکەوتە:

گرنگی بنەمای هاریکاری و بنەما وردەکانی لەوە دایە، ئەگەر جێبەجێ بکرێن ئەوا جۆرێك لە لێکەوتە و ئەنجامیان لێ دەکەوێتەوە، ئەگەر جێبەجێش نەکرێن ئەوا جۆرێکی تر لە لێکەوتە و ئەنجامیان لێ دەکەوێتەوە (محەمەد مەعروف، ٢٠٠٧: ٢٥).

(گرایس) چەند جۆرە لێکەوتەیەکی دەستنیشان کردووە:

### ١ـ٢ـ ٣. لێکەوتەی ستاندەر Standard implicature:

لێکەوتەی ستاندەر لە ئەنجامی جێبەجێکردنی بنەمای هاریکاری و بنەما وردەکانی ترەوە بەدەستدێت (Grice, ١٩٧٥: ٤٨). بۆ نموونە:

**(٦) کاوە : بەیانی دێیت بۆ سەیران؟**

**دارا : بەڵێ.**

گوێگر (کاوە) زۆر بە ئاسانی لە وەڵامی (دارا) دەگات، چونکە بنەماکانی چەندایەتی، چۆنیەتی، پەیوەندی و شێوازی جێبەجێ کردووە .

**جێبەجێکردنی بنەمانی چەندێتی:**

**(٧) ا ـ ناوت چییە؟**

**ب ـ ناوم دارایە.**

لە وەڵامی (ب)دا قسەکەر بنەمای چەندایەتی جێبەجێ کردووە، چونکە بڕی ئەو زانیارییەی کە پێشکەشی کردووە نە زیادە و نە کەمە.

قسەکەر سەرەڕای جێبەجێکردنی بنەمای چەندایەتی دەتوانێت کۆمەڵێك هێج Hedge

بەکاربهێنێت، هێج کەرەستەیەکی زمانییە، قسەکەر بۆ مەبەستی خۆلادان لە بابەتێك، یان ڕەتکردنەوەی داوایەك، بەکاریدەهێنێت. قسەکەر لە ڕێگەی ئەو هێجانەوە ئەو تێبینییانە دەداتە گوێگر، کە لە بنەمای هاریکاری بە ئاگایە، هەروەکو لە نموونەی (٨ـ ا ـ پ) دا دیارە، کە قسەکەر لە بارەی گەشتێکەوە دواوە، کە پێشتر ئەنجامیداوە.

**(٨) ا ـ <u>هەروەکو دەزانن</u>، زۆر حەز لە گەشت دەکەم.**

**ب ـ <u>لە کورتی بیبڕێنمەوە</u>، بەیانی زوو کەلوپەلەکانی خۆمان هەلگرت و بۆی دەرچووین.**

**پ ـ <u>سەرت نەیەشێنم</u> لەم هەموو وردەکارییانە، بەلام گەشتێکی خۆشبوو** (Yule, ٢٠٠٠: ٣٨).

**جێبەجێکردنی بنەمای چۆنیەتی:**

**(٩) ا ـ چەند منداڵت هەیە؟**

**ب ـ دوو کوڕ و دوو کچم هەیە.**

لە (ب)دا قسەکەر بنەمای چۆنیەتی جێبەجێکردووە، چونکە وەلامێکی دروستی داوەتەوە، بۆ دروستی ئەو زانیارییەی کە پێشکەشی کردووە بەلگەی ڕاستی هەیە.

قسەکەر سەرەڕای جێبەجێکردنی بنەمای چۆنیەتی، دەتوانێت کۆمەڵێك هێجیش بەکاربهێنێت، تاوەکو ئەو تێبینییە بداتە گوێگر، کە نەك هەر بنەمای چۆنیەتی جێبەجێکردووە، بەڵکو لە بنەمای هاریکاریش بە ئاگایە، هەروەکو لەم گفتوگۆیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، کە تایبەتە بە پەیوەندیی نێوان کوڕێك و کچێك و قسەکەر دەیانناسێت:

**(١٠) ا ـ <u>هێندەی من بزانم</u>، ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە.**

**ب ـ <u>ڕەنگە هەڵەش بم</u>، حەڵقەی دەزگیرانیم لە پەنجەی کچەکەدا بینی.**

**پ ـ <u>نازانم ڕاستە یان نا</u>، بیستوومە زەماوەندێکی نهێنییان لە شەقڵاوە ساز کردووە.**

**ت ـ <u>پێم وایە (کوڕەکە)</u>، نەیدەتوانی بە بێ کچەکە بژی** (Yule, ٢٠٠٠: ٣٨).

لە ناو کوردەواریدا کۆمەڵێك هێجی وەك (**بە گۆڕی شەهیدان، بە مەبدەئم، بە سەری خۆم، بە برایەتیمان،... هتد**) هەن، قسەکەر بۆ ئەوەی نیشانی بدات، کە قسەکانی ڕاست و دروستن بەکاریاندەهێنێت:

**(١١) ا ـ بە گۆڕی شەهیدان زۆر قەرزارم.**

**ب ـ بە برایەتیمان پارەم نییە، بتدەمێ.**

**جێبەجێکردنی بنەمای پەیوەندی:**

**(١٢) ا ـ چا دەخۆیتەوە، یان قاوە؟**

**ب ـ چا دەخۆمەوە.**

وەڵامی (ب) وەڵامێکی لەبارە بۆ پرسیاری (ا)، ئەگەر قسەکەر لە جیاتی ئەم وەڵامە، وەڵامێکی وەك ئەمەی خوارەوەی بدابایەوە :

**پ ـ کەش و هەوا زۆر خۆشە.**

ئەوا وەڵامەکەی هیچ پەیوەندییەکی بە پرسیارەکەوە نەدەبوو و بنەمای پەیوەندیی دەبەزاند.

قسەکەر دەتوانێت کۆمەڵێك هێج بەکاربهێنێت بۆ ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە گفتوگۆکەوە نییە، هەروەکو لەم گفتوگۆیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، کە لە یەکێك لە فەرمانگەکاندا ئەنجامدراوە:

**(١٣) ا ـ نازانم چەند بە لاتەوە گرنگە، بەڵام هەندێك لە دۆسیەکان دیارنین.**

**ب ـ ڕەنگە پرسیارەکەش لە جێی خۆی نەبێت، بەس ئەو دەستخەتە هی کێیە؟**

**پ ـ با لە بابەتەکە دەرنەچین، بەڵام ئایا پەیوەندیی بە بودجەوە هەیە؟**
.( Yule, ٢٠٠٠: ٣٩)

جگە لەمانە قسەکەر دەتوانێت کۆمەڵێك هێجی وەك:

(**بە هەر حاڵ**)، (**بەو بۆنەیەوە**)، (**هەر چۆنێك بێت**) و (**بە بیرم هاتەوە**)...هتد، بۆ هەمان مەبەست بەکاربهێنێت.

**جێبەجێکردنی بنەمای شێواز:**

**(١٤) دەچمەوە نان دەخۆم و تۆزێك دەخەوم، ئینجا سەفەردەکەم.**

قسەکەر لەم وتەیەدا بنەمای شێوازی جێبەجێکردووە، بەتایبەتی یاسای چوارەم، چونکە ڕووداوەکانی ڕیزکردووە.

لە جێبەجێکردنی بنەمانی شێوازیشدا، قسەکەر دەتوانێت کۆمەڵێك هێچ بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی ئەوە بە گوێگر ڕابگەیەنێت، کە لە بنەمای شێواز بە ئاگایە. هەروەکو لەم گفتوگۆیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، کە تایبەتە بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل:

**(١٥) ا ـ ڕەنگە باشیشم لەبیر نەبێ، بەڵام دەزانم لەناو ئۆتۆمبیلەکە دابووم.**

**ب ـ نازانم چەند باوەڕم پێ دەکەن، بەس شوفێرەکە ئیشارەتی لادانی پێ نەکردبوو.**

**پ ـ نازانم تێم دەگەن یان نا، بەس ئەوە دەزانم، کە ئۆتۆمبێلەکەی دی پێچی کردەوە.**

قسەکەر لە ڕێگەی ئەو هێجانەی کە بەکاریاندەهێنێت، دەیەوێت ئەوە نیشانبدات، کە نەك هەر لە بنەمای هاریکاری بە ئاگایە، بەڵکو جێبەجێشیان دەکات. لە گفتوگۆی ئاسایدا قسەکەر دەتوانێت هەندێك هێج بەکاربهێنێت . بۆ نموونە کە باسی گەندەڵی دەکریت، یەکێك دەڵێت :

**(١٦) دەستم لە سەر دەمم داناوە.**

مەبەستی ئەوەیە، کە گەندەڵی هەیە. ئەم جۆرە گوزارشتانە هەرچەندە زانیارییەکی زۆر نابەخشن، بەڵام بەهایەکی گەیاندنی زۆریان هەیە (Yule, ٢٠٠٠: ٣٩).

## ١ـ٢ـ ٤. لێکەوتەی ئاخاوتەیی Conversational implicature:

لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە سەر ئەو گریمانەیە بونیادنراوە، کە هاوبەشەکانی ئاخاوتن هاریکارن و هەوڵ دەدەن بنەما وردەکانی هاریکاری جێبەجێبکەن، بۆیە کاتێك کە قسەکەر یەکێك لە بنەما وردەکانی هاریکاری یان زیاتر دەبەزێنێت، گوێگر بەو هەستەوە دێتە پێشەوە، کە قسەکەر هاریکارە و دەیەوێت شتێك بگەیەنێت، بۆیە بە دوای ئەنجامێکدا دەگەڕێت و دەگاتە ئەو لێکەوتەیەی کە مەبەستی قسەکەر چییە؟ (Grice, ١٩٧٥: ٥٠).

### ١-٢-٥. بەزاندنی بنەما وردەکانی هاریکاری:

**بەزاندنی بنەمای چەندایەتی:**

لێرەدا قسەکەر لە گوتندا بڕی زانیاری پێویست نادات، هەروەکو لەم گفتوگۆیەی نێوان (دارا) و (کاوە) دا دەردەکەوێت، کە لە بارەی یانەی وەرزشیی هەولێر ئەنجامیان داوە:

**(١٧) دارا: بە ڕای تۆ یانەی هەولێر یارییەکە دەباتەوە؟**

**کاوە: هەولێر هەولێرە.**

وەڵامی (کاوە) لە سەر زاریدا واتایەکی ئەو تۆی نییە، بڕی ئەو زانیارییەی کە داویەتی کەمترە لەوەی کە پێویستە، واتە بنەمای چەندایەتی بەزاندووە، بۆیە گوێگر (دارا) لەم وەڵامەدا بە دوای مەبەستی تردا دەگەڕێت و دەگاتە ئەو ئەنجام و لێکەوتەیەی کە ڕەنگە مەبەستی (کاوە) ئەوەبێ، یانەی هەولێر زۆر بەهێزە و گومانی تێدا نییە، کە یارییەکە دەباتەوە، ئەم نموونەیە و چەندین نموونەی وەك:(**شەڕ شەڕە، ژن هەر ژنە، کوڕ هەر کوڕە... هتد**) پێیان دەگوترێت تۆتۆلۆجی tautology ( Grice, ١٩٧٥: ٥٢).

**بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی:**

لە ئەنجامی بەزاندنی بنەمای هاریکاری، بە تایبەتیش بنەماکانی چۆنیەتی و شێواز، وێنەی ڕەوانبێژی جوان دروست دەبێت، واتە شاعیران و نووسەران بۆ ئەوەی جوانکاری بە بەرهەمەکانیان ببەخشن ئەم بنەمایانە دەبەزێنن، تەنانەت بەزاندنی بنەمای هاریکاری لە ئەدەبدا بە داهێنان و ڕەسەنایەتی دادەنرێت (محەمەد مەعروف، ٢٠٠٧: ٣).

بنەمای چۆنیەتی لەم بارانەی خوارەوەدا دەبەزێنرێت:

**١- گاڵتەپێکردن و توانج لێدان:**

بۆ نموونە ئەگەر یەکێك ڕاز و نهێنی تۆی لە لای خەڵك درکاندبێت، تۆش لە دانیشتنێکدا، کە جگە لەو کەسە خەڵکی تریش ئامادەبن بۆ گاڵتەپێکردن و توانج لێدانی ئەو کەسە دەڵێیت :

**(١٨) فلان یەکێکە لەو برادەرە دڵسۆزانەی کە بە ڕاستی جێی متمانەیە.**

دیارە قسەکەر لەم وتەیەدا بنەمای چۆنیەتی بەزاندووە، چونکە ئەوەی کە گوتویەتی پێچەوانەی ڕاستییە (عادل، ١٩٨٩: ١٥٤).

**٢ـ خواستن:**

خواستن ئەوەیە، وشەیەك کە بەکاردێت، جگە لە واتا دروستەکەی واتایەکی خواستراویش دەبەخشێت (عەزیز گەردی، ١٩٧٢ : ٦٩)، بۆ نموونە ئەگەر کوڕێك بە کچێك بڵێت :

**(١٩) تۆ مانگیت (+ < زۆر جوانی).**

مەبەستی کوڕەکە ئەوەیە، کە کچەکە لە جوانیدا وەکو مانگە، نەك کچەکە خۆی مانگە، یان ئەگەر کچێکی ناشیرین بەرەو ڕووی کۆمەڵێك کوڕبێت و یەکێك لە کوڕەکان بڵێت:

**(٢٠) مانگ نزیك بووەوە (+< ناشیرینە)**

مەبەستی قسەکەر لەم وتەیەدا ئەوەیە، کە کچەکە ناشیرینە.

دیارە لە هەردوو نموونەی (١٩) و (٢٠) دا بنەمای چۆنیەتی بەزێنراوە، چونکە ئەوەی کە گوتراوە پێچەوانەی ڕاستییە.

**٣ـ دژیەکبوون:**

ئەم جۆرە بەزاندنە کاتێك ڕوودەدات، کە یەکێك زانیاری هەڵە بدات و یەکێکی تر بە زانیاری هەڵە وەڵامی بداتەوە، هەروەکو لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت :

**(٢١) خوێندکار: مامۆستا پاریس پایتەختی ڕوسیایە؟**

**مامۆستا: هەروەها مۆسکۆش پایتەختی فەڕەنسایە** (Levinson, ١٩٨٣: ١١٠).

**٤ـ لە سنوور دەرچوون :**

بۆ نموونە ئەگەر کەسێك بە ڕۆژ شتێك بشکێنێت، یان ساتمەی لێ بکات، پێی دەڵێن:

**(٢٢) شەوە !**

یان زۆرجار کەسێك کە شتێکی وەکو جامی پەنجەرە دەشکێنێت، پێی دەڵێن :

**(٢٣) کەمێکی خواردووەتەوە !** (عادل، ١٩٨٩: ١٥٤).

**٥ـ زێدەڕۆیی:**

بۆ نموونە ئەگەر کەسێك بڵێت :

**(٢٤) زمانی کوردی دەوڵەمەندترین زمانی جیهانە.**

دیاره قسەکەر لەم وتەیەدا بنەمای چۆنیەتی بەزاندووە، چونکە زێدەڕۆیی کردووە، زمانی کوردی نەك هەر دەوڵەمەندترین زمانی جیهان نییە، بەڵکو بە بەراورد لە گەڵ زۆر زمانی تردا، لە ڕووی فەرهەنگەوە زمانێکی هەژاریشە .

شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە دێرە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت :

**(٢٥) "چەرمی ڕووی هێند قایمە شمشێری میسری نایبڕێ**

**گەر بە کەوشی کەی دەمێنێ تا قیامەت نادڕێ"**، (دیوانی شێخ ڕەزا، ٢٠٠٣: ١١٨).

شێخ ڕەزا لەم دێرە هۆنراوەدا کە وەسفی کەسێکی سەردەمی خۆی کردووە، زێدەڕۆیی کردووە بەوەی کە دەڵێت چەرمی ڕووی ئەو کەسە هێندە قایمە، ئەگەر بیکەیت بە پێڵاو تا ڕۆژی قیامەت دەمێنێ و نادڕێ، دیارە ئەمەش دوورە لە ڕاستی، شاعیر لە ئەنجامی بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی وێنەیەکی جوانی ڕەوانبێژی(میتافۆر) دروستکردووە .

**٦ـ کەمکردنەوە:**

کەمکردنەوە ئەوەیە کەسێك کارێکی خراپ بکات و بچووکی بکاتەوە وەك ئەوەی نەخۆشێکی جگەرەکێش بچێتە لای دکتۆر و دکتۆر لێی بپرسێت :

**جگەرە دەکێشیت؟** نەخۆشەکەش لە وەڵامدا بڵێت : **تاك تاك دەیکێشم.**

لێرەدا نەخۆشەکە بنەمای چۆنیەتی بەزاندووە، چونکە ئەو کارەی بچووك کردووەتەوە، کە ئەنجامیداوە (عەبدولواحید، ٢٠٠٥: ١١١).

**٧ـ درۆکردن:**

مرۆڤ زۆر جار کە قسەدەکات، ڕەنگە درۆکردنەکەی لە نەگوتنی ڕاستی باشتر بێت، چونکە لە هەندێك باردا درۆکردن پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەپارێزێت، ئەگەر ڕاستی بگوترێت لەوانەیە کێشەی لە دواوە بێت و زیان بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بگەیەنێت. ئەم جۆرە درۆکردنە پێی دەگوترێت درۆی سپی، یان درۆی مەسڵەحەت، چونکە بە پێچەوانەی درۆی ڕەش سوودی لە زیانی زیاترە. بۆ نموونە ژنێك لە مێردەکەی دەپرسێت: ڕات چییە بەرامبەر قژبڕین و ئارایشتەکەم، ئەگەر پیاوەکە لە ناخەوە ئەم ئارایشت و خۆڕازاندنەوەی بە دڵ نەبێت، ئەوا بۆ ئەوەی ژنەکەی دڵی نەشکێت و عاجز نەبێت، دەڵێت زۆر جوانە،

لێرەدا پیاوەکە بە ئارەزوو بنەمای چۆنیەتی بەزاندووە و ڕاستی نەگوتووە( مینە، ٢٠٠٧ :٦—٩ ). نموونەیەکی تر ماڵێك میوانێکیان دێت و دۆڵمەیان دەبێت، بەڵام ئەو میوانە حەز لە دۆڵمە ناکات، کە سفرەی نان خواردن ڕادەخەن پێی دەڵێن: دۆڵمەمان هەیە، فەرموو بابچین نان بخۆین، میوانەکە لە وەڵامدا دەڵێت: سوپاس نانم خواردووە. لێرەدا میوانەکە بنەمای چۆنیەتی بەزاندووە و لەبەر شەرم و ڕووگێڕی (ئیحراجی) بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە .

**بەزاندنی بنەمای پەیوەندی:**

**(٢٦) منداڵ: باوکە نامانبەیتە شاری یاری؟**

**باوك : ئەی ئەرکی قوتابخانەتان؟**

باوکەکە بنەمای پەیوەندیی بەزاندووە، چونکە ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیاری منداڵەکەی نەداوەتەوە، بەڵام منداڵەکە لەم وەڵامە ناڕاستەوخۆیەی باوکی دەگاتە ئەو ئەنجام و لێکەوتەیەی کە باوکیان نایانباتە شاری یاری.

**بەزاندنی بنەمای شێواز:**

بنەمای شێواز لەم بارانەی خوارەوەدا دەبەزێنرێت :

**١ـ پۆشین :**

پۆشین ئەوەیە، کە وشەیەك دوو واتای هەبێت، واتایەکی نزیك و واتایەکی دوور، زیاتر مەبەست لە واتایە دوورەکەیە (عەزیز گەردی، ١٩٧٥: ٨٠).

بۆ نموونە شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە دێرە هۆنراوەکیدا دەڵێت :

**(٢٧) "بۆ کەرێ ئیعلانی حەربی کرد لە گەڵمان شێخ حەسەن**

**سەیری کەن یاران چ گۆبەندێکی گێڕا ئەم کەرە"**، (دیوانی شێخ ڕەزا، ٢٠٠٣: ١٢٠).

وشەی (کەر)ی کۆتایی دێرە هۆنراوەکە دوو واتای هەیە، یەکێکیان بە واتای گوێدرێژ دێت و ئەوی تریان بە واتای شێخ حەسەن دێت، کە پیاوێکی کەرە، دیارە مەبەستی شاعیر واتای دووەمە.

پیرەمێردی شاعیریش لە دێرە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

(٢٨) **"ئۆخەی گەلاوێژ وا دەرکەوتیەوە**

**وەك چرای بەختی کورد سەرکەوتیەوە"**، (دیوانی پیرەمێرد، ١٩٩٠: ٢٥٥).

وشەی (گەلاوێژ) دوو واتای هەیە، یەکێکیان بە واتای ئەستێرەی گەلاوێژ دێت و ئەوی تریان بەواتای گۆڤاری گەلاوێژ دێت، دیارە پیرەمێرد مەبەستی لە واتای دووەمە، کە گۆڤاری گەلاوێژە.

**٢- لێڵی** Ambiguity :

لێڵی ئەوەیە، کە دەربڕینێك زیاتر لە مانایەك ببەخشێت (وریا، ١٩٩٥: ٦٦)، لێڵی چەند جۆرێکی هەیە، وەك:

١- لێڵی ڕێزمانی، کە زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی ڕێزمانەوە.

٢- لێڵی واتایی، کە دەچێتە ژێر سایەی سیمانتیکەوە (صباح، ٢٠٠٠: ٣٢).

قسەکەر زۆرجار کە قسەدەکات، بە شێوەیەکی ڕوون نادوێت، بە تایبەتی ئەگەر بیەوێت ئەو کەسانەی کە لێی نزیکن لە قسەکانی نەگەن، یان ئیحراج نەبن، بۆ نموونە پیاوێك دەیەوێت لە گەڵ ژنەکەیدا بچێتە بازاڕ، بەڵام بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بەمە نەزانن، بەم شێوەیەی خوارەوە بە ژنەکەی دەڵێت :

**(٢٩) ڕات چییە لە بارەی (ب، ا، ز، ا، ڕ).**

نموونەیەکی تر:

**(٣٠) شیرم کڕی.**

ڕستەیەکی لێڵە و، لێڵییەکەشی فەرهەنگییە، چونکە وشەی شیر وشەیەکی هاوبێژە و دوو واتای هەیە، یەکێکیان بە واتای شیری خواردنەوە دێت و ئەوی تریان بە واتای شمشێر دێت، ئەگەر قسەکەر لە جیاتی ڕستەی (٣٠) بیگوتبایە:

**شیرم بۆ منداڵە ساوایەکەم کڕی**، ئەوا ئەم لێڵییە نەدەما.

**٣- درێژبڕی (درێژدادڕی) :**

درێژبڕی ئەوەیە، کە بۆ گوزارشت کردن لە واتایەکی تایبەت وشەی زیاد بەکاربێت، واتە وشە بەکارهاتووەکان لە واتایەکە زیاتربن (عەزیز گەردی، ١٩٧٩: ٧٤). بۆ نموونە:

**(٣١) بە چاوی خۆم بینیم و بە گوێی خۆم بیستم، کە دارا جوێنی بە نەسرین دا.**

قسەکەر لەم وتەیەدا بنەمای شێوازی بەزاندووە، چونکە وتەکە درێژدادڕی تێداکراوە، قسەکەر لە جیاتی ئەم درێژدادڕییە دەیتوانی بڵێت : **دارا جوێنی بە نەسرین دا.**

٤ـ بنەمای شێواز لە هەندێ حاڵەتی تریشدا دەبەزێنرێت، وەك ئەوەی کە قسەکەر ڕووداوەکان وەکو پێویست ڕیزنەکات :

**(٣٢) ا ـ کەی لەدایك بوویت؟**

**ب ـ ساڵی ١٩٧٠ بوو، لە مانگی ئادار، لە بیست ویەکی مانگ.**

ئەو کەسەی کە وەڵامی (ب)ی داوەتەوە، بنەمای شێوازی بەزاندووە، چونکە ڕووداوەکانی ڕیزنەکردووە، دەیتوانی لە جیاتی ئەم وەڵامەی سەرەوە بڵێت **لە بیست و یەکی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لەدایك بووم** (سازان، ٢٠٠٥: ٨١).

ئەگەر قسەکەر نیازی بێت، دەتوانێت بە چەند شێوەیەکی تریش بنەمای هاریکاری و بنەما وردەکانی ببەزێنێت:

**١ـ پێکدادانی بنەماکان :**

ئەم جۆرە بەزاندنە لە ئەنجامی پێکدادانی دوو بنەما دێتە ئاراوە، وەك پێکدادانی بنەمای چەندایەتی و چۆنیەتی، هەروەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

**(٣٣) ا ـ سەعات چەندە؟**

**ب ـ بەپێی سەعاتەکەی ژوور سەرت هەشت و نیوە.**

لە وەڵامی (ب)دا، قسەکەر بنەمای چەندایەتی بەزاندووە، دەیتوانی ئەم بنەمایە جێبەجێ بکات و بەم شێوەیە وەڵامی بدابایەوە :

**سەعات هەشت و نیوە**، دەبوایە قسەکەر یان بنەمای چەندایەتی ڕەچاو بکات، یان بنەمای چۆنیەتی، بنەمای چۆنیەتی جێبەجێ کردووە، بەڵام بنەمای چەندایەتی بەزاندووە ( Grice, ١٩٧٥: ٤٩).

**٢ـ فەرامۆشکردنی بنەماکان:**

ئەمەش بە چەند شێوەیەك، یان ڕێگەیەك دێتە ئاراوە :

**ا ـ بەشکاندنی بنەماکان:**

ئەم بەزاندنە گویٚ نەدانێکی ئاشکرایە بە بنەمایەك، یان زیاتر لە بنەمایەك، هەروەکو لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت :

**(٣٤) مامۆستا: تۆ دەزانیت، من چاك دەزانم تۆ لە کویٚ بوویت؟**

**خوێندکار: لە باخچەی قوتابخانە بووم.**

لە دوایدا دەردەکەوێت، کە ئەمە هەموو ڕاستییەکە نییە، لەوانەیە پێشتر لەویٚ بووبێت، بەڵام پێش هاتنە ژوورەوەی لەویٚ نەبووە، لەوانەیە خەریکی جگەرەکێشان بووبێت، واتە بۆ شاردنەوەی ڕاستی لە بنەمای چۆنیەتی دەرچووە (محەمەد مەعروف، ٢٠٠٨: دیدەنی).

**ب ـ بەزاندن بە ناچاری :**

لەم جۆرە بەزاندنەدا قسەکەر یەکێك لە بنەماکانی هاریکاری دەبەزێنێت، بیٚ ئەوەی مەبەستی بووبێت، واتە لە ناچاریدا بنەمایەکە دەبەزێنێت، لەوانەیە لەبەر نەبوونی توانای زمانی بێت، یان لەبەر هەڵچوون و نەخۆشی بێت (محەمەد مەعروف، ٢٠٠٨ : دیدەنی).

**پ ـ بە دەستکێشانەوە لە بنەماکان :**

ئەمە کاتێك ڕوودەدات، کە قسەکەر بیەوێت هاریکاری نەکات و بە ئارەزوو(بە نیازەوە ) بنەماکان جێبەجیٚ نەکات، ئەمەش زیاتر لە گوتاری ڕامیاری و یاساییدا دەبینرێت، کاتێك کە سیاسەتمەدار، یان دادوەر نەتوانێت بیروڕای خۆی بە ئاشکرا دەربرڕێت، هەروەکو لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت :

**(٣٤) سیاسەتمەدار: بە ڕاستی لەم بارەیەوە ناتوانم هیچ بدرکێنم، چونکە ئەوەی دەیزانم، ناکرێت بڵاوبکرێتەوە** (Grice, ١٩٧٥: ٤٩).

**ت ـ لەکارخستنی بنەماکان :**

لە هەندێك باردا بنەماکان لەکاردەخرێن، واتە قسەکەر نایەوێت، بنەماکان جێبەجیٚبکات، لەکارخستنی بنەماکان لەوانەیە پەیوەندی بە دابونەریتەوە هەبێت، بۆ نموونە لە زۆر شوێندا ئەگەر پرسیاری کەسێك، یانماڵێك بکەیت و نەتناسن، پێت ناڵێن، دەڵێن نایناسین، یان دەڵێن لەم گەڕەکە نییە، چونکە ئەوە بووە بە بەشێك لە داب و نەریتی خەڵك بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە کوردستانی پێدا تێپەڕیوە و لەوە دەترسن، ئەگەر

زانیاری تەواو بدەن کێشەی لە دواوە بێت، بۆیە هەموو بنەماکان لەکاردەخەن (محەمەد مەعروف، ٢٠٠٨: دیدەنی).

### ١ـ٢ـ ٦. **لێکەوتەی ئاخاوتەیی گشتی** Generalized conversational implicature:

ئەم جۆرە لێکەوتەیە پێویستی بە هێنانەناوەوەی زانیاری تایبەت بە دەوروبەری گوتنەکە نییە، چونکە لێکەوتەکە لە ناو پێکهاتەی گوتنەکە واتە لە وشە و ڕستەکانەوە بەدەستدێت (Levinson, ١٩٨٣: ١٢٦). بۆ نموونە با سەیری ئەم گفتوگۆیەی نێوان (دارا) و (کاوە) بکەین، کە لە کاتی چوونیان بۆ گەشتێك ئەنجامیانداوە :

**(٣٥) دارا : گۆشت و خەڵوزەکەت هێناوە؟**

**کاوە : گۆشتەکەم هێناوە (+ > خەڵوزەکەم نەهێناوە).**

دوای ئەوەی کە (دارا) گوێی لە وەڵامی (کاوە) دەبێت، گریمانەی ئەوە دەکات، کە کاوە هاریکارە و لە بنەمای چەندایەتی بە ئاگایە، لە وەڵامەکەشیدا ناوی خەڵوزی نەهێناوە، چونکە نەیهێناوە. دیارە مەبەستی( کاوە) لەمە ئەوەیە، کە ئەرکێکی زیاتر بخاتە سەر شانی (دارا) و خۆی ئەوە هەڵبهێنجێت، کە خەڵوزەکەی نەهێناوە. کەواتە (کاوە) زۆر زیاتری گەیاندووە لەوەی کە گوتوویەتی، ئەم هەڵهێنجانەش لە ڕێگەی لێکەوتەی ئاخاوتەیی گشتییەوە دەبێت (Yule, ٢٠٠٠: ٤٠).

نموونەیەکی تر با سەیری ئەم گفتوگۆیەی نێوان (نەسرین) و (دارا) بکەین، کە لە بارەی بانگهێشتی برادەرەکانیان ئەنجامیانداوە :

**(٣٦) نەسرین: ئازاد و نەوزادت بانگهێشت کردووە؟**

**دارا : نەوزادم بانگهێشت کردووە (+ > ئازادم بانگهێشت نەکردووە).**

دیارە دەوروبەری ئەم گوتنە، لە دەوروبەری نموونەی پێشوو جیاوازە، بەڵام هەمان پرۆسە بۆ لێکەوتەکە بەکاردێت، لێکەوتەکە لە ڕستەی (**نەوزادم بانگهێشت کردووە**)، بەدەستدێت، واتە (+ > **ئازادم بانگهێشت نەکردووە**).

**(٣٧) ا ـ مێزەکەت پاککردەوە و خواردنەکەت هێنا؟**

**ب ـ مێزەکەم پاك کردەوە.**

لێکەوتە لە ڕستەی (**مێزەکەم پاك کردەوە**) بەدەستدێت، نەك لە زانیاری تایبەت بە دەوروبەری گوتنەکە، واتە (+ > **خواردنەکەم نەهێناوە**).

لێکەوتەی ئاخاوتەیی گشتی و لێکەوتەی نەریتی (تەقلیدی) هاوشێوەی یەکترن، بۆیە زۆر جار تێکەڵ بە یەك دەکرێن (محمد محمد، ٢٠٠٤: ٥١).

لێکەوتەی ئاخاوتەیی گشتی لەو فرێزە ناویانەش دەکەوێتەوە، کە نووسەکیClitic ناسراوی (ەکە) و نە ناسراوی (یك)یان لە سەرە، هەروەکو لەم نموونەیەی خوارەوە دەردەکەوێت :

**(٣٨) دارام دیت لەگەڵ ژنەکەی پیاسەی دەکرد.**

**(٣٩) دارام دیت لەگەڵ ژنێك پیاسەی دەکرد.**

فرێزی ناوی (ژنەکە)، کە لەڕستەی (٣٨)دا هاتووە و فرێزی ناوی (ژنێك)، کە لە ڕستەی (٣٩)دا هاتووە، بە پێی لێکەوتەی ئاخاوتەیی گشتی لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، (ژنەکە) ئەو لێکەوتەیەی لێدەکەوێتەوە، کە (دارا) لەگەڵ ژنەکەی خۆی پیاسەی کردووە، کەچی (ژنێك) ئەو لێکەوتەیەی لێ دەکەوێتەوە، کە (دارا) لەگەڵ ژنێکی دیکەدا پیاسەی کردووە (Yule, ٢٠٠٠: ٤٠).

کەواتە هەر کاتێك بۆ هەڵهێنجانی لێکەوتە پێویستیمان بە زانیاری تایبەت بە دەوروبەری گوتنەکە نەبێت و لێکەوتەکە تەنیا لە ڕستە و وشەکانەوە بەدەستبێت، ئەو لێکەوتەیە پێی دەگوترێت لێکەوتەی ئاخاوتەیی گشتی. هەندێك لێکەوتەی گشتی هەن، پێیان دەگوترێت لێکەوتەیی پلەیی.

### ١-٢-٧. لێکەوتە پلەییەکان Scaler implicatures:

هەندێك زانیاری هەن بە هۆی هەڵبژاردنی وشەیەکەوە دەگوازرێنەوە، کە گوزارشت لە نرخێك (بەهایەك) دەکات، لە نێو کۆمەڵێك نرخی جیاواز، ئەمەش بە زۆری لە کاتی گوزارشتکردن لە چەندایەتیدا دەردەکەوێت (Yule, ٢٠٠٠: ٤١). هەروەکو لە نموونەی (٤٠)دا نیشاندراون، کە زاراوەکان لە بەرزترین نرخەوە بۆ نزمترین نرخ ڕیزکراون :

**(٤٠) < هیچ، کەمێك، هەندێك، چەندین، زۆربەی، هەموو >**

**< هەندێك جار، زۆربەی جار، هەمیشە >**

**< گەرم، فێنك، سارد >**

**< خراپ، ناوەند، باش، زۆرباش، نایاب >**

**< ١، ٢، ٣، ... >** (Levinson, ١٩٨٣: ١٣٤).

لە کاتی دەربڕینی هەر وتەیەکدا، قسەکەر، کە وشەیەك لەم پلانەدا هەڵدەبژێرێت، لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە لە هەموو وشەکانی تر ڕاستتر و زانیاری بەخشترە :

**(٤١) زۆربەی کتێبە کوردییەکانم هەیە.**

(زۆربەی) وەکو پێوەرێك وایە و لێکەوتەی لێ بەدەستدێت ،کە (+ > **هەموو کتێبێکی کوردی نییە**)، کەواتە بنچینەی لێکەوتەی پلەیی ئەوەیە، کە وشەیەکت لە ناوەڕاستی پلەکاندا هەڵبژارد، وشەکانی سەرووتری خۆی ڕەتدەکاتەوە و ئەوانەی خوار خۆشی دەگرێتەوە (Yule, ٢٠٠٠: ٤١). نموونەیەکی تر:

**(٤٢) هەندێك جار سەر لە دایك و باوکی دەدات.**

(هەندێك جار) ئەو لێکەوتەیەی لێ دەکەوێتەوە (+ > **زۆرجار و هەمیشە سەر لە دایك و باوکی نادات**). هەروەها ژمارەش لێکەوتەی لێ دەکەوێتەوە، کاتێك کە ژمارەیەك لە پلەی ژمارەکان هەڵدەبژێرین، ژمارەکانی سەرووتری خۆی ڕەتدەکاتەوە و ئەوانەی خوار خۆشی دەگرێتەوە، بۆ نموونە کە دەڵێین:

**(٤٣) لە کوردستاندا سێزدە زانکۆ هەیە.**

ژمارەی سێزدە لەم ڕستەیەدا ئەو لێکەوتەیەی لێ دەکەوێتەوە:

(+ > **لە کوردستاندا زیاتر لە سێزدە زانکۆ نییە**).

چەندین لێکەوتەی پلەیی تر هەن، کە بە هۆی هەندێك دەربڕینەوە پێکدێن، بەڵام ناتوانرێت بە ئاسانی وەك بەشێك لە پلەیەکی دیاریکراو لە قەڵەم بدرێن، بۆ نموونە وتەی ( ٤٤ ـ ا ) وا لێکدەدرێتەوە، کە (+ > **دڵنیایی نەبوون/ نایەقینی**) نیشاندەدات، وەکو نرخێکی بەرزتر لە پلەیی ( شیمانە/ ئیحتمالیەت). لە (٤٤ ـ ب)دا لێکەوتەی (+ > **نەك ئیللا**

**هەڵبگیرێت ـ not must** ) نیشاندەدات لە پلەیی (پابەندبوون)، هەروەها لێکەوتەی **(+ > نەك بەستوو not Frozen** ) لە پلەیی ساردی نیشان دەدات :

**(٤٤) ا ـ لەوانەیە دواکەوتبن.**

**ب ـ ئەمە دەبێت لە شوێنێکی فێنك (cool)دا هەڵبگیرێت.**

یەکێك لە سیما دیارەکانی لێکەوتەی پلەیی ئەوەیە، کە قسەکەر لە کاتی ڕاستکردنەوەی قسەکانی خۆی هەروەکو لە نموونەی (٤٥)دا هاتووە بە شێوەیەکی ئاسایی یەکێك لە پلەکان دەسڕێتەوە :

**(٤٥) هەندێك لەو کتێبانەم لە تاران دەستکەوت، لە ڕاستیدا زۆربەیانم لەوێ دەستکەوت.**

قسەکەر لە سەرەتادا، کە وشەی (هەندێك)ی بەکارهێناوە ، لێکەوتەی (+ > **نەك هەموو**) بەدەستەوە دەدات، واتە وشەی (زۆربەی) ئەوەی پێش خۆی کە (هەندێك)ە، دەسڕێتەوە (Yule, ٢٠٠٠: ٤٢).

### ١ـ٢ـ٨. لێکەوتەی ئاخاوتەیی تایبەتی Particularized conversational implicature:

لە لێکەوتەی ئاخاوتەیی گشتیدا هەموو لێکەوتەکان بەبێ ڕەچاوکردنی زانیاری تایبەت بە دەوروبەری گوتنەکان هەڵهێنجران، بەڵام لەبەر ئەوەی لێکەوتەی ئاخاوتەیی تایبەتی هەمیشە لە ناو گوتندا دەبینرێت، بۆیە بۆ هەڵهێنجانی لێکەوتەکە پێویستیمان بە هەندێك زانیاری تایبەت بە دەوروبەری گوتنەکە دەبێت (Levinson, ١٩٨٣: ١٢٦).

هاوبەشەکانی ئاخاوتن کە گوتنەکانیان لە دەوروبەرێکی تایبەتیدا ئەنجامدەدەن، هەندێك هەڵهێنجانی لۆجیکی تێدا ئەنجامدەدەن، ئەم هەڵهێنجانە لۆجیکییانە بۆ گەیشتن بەو واتا گوێزراوانەی کە لە لێکەوتە ئاخاوتەییە تایبەتییەکاندا هەیە زۆر پێویستن. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، با سەیری ئەم گفتوگۆیەی نێوان ئەم باوك و کوڕە بکەین :

**(٤٦) باوك: بەیانی دەتوانیت سەرێکم لێ بدەیت؟**

**کوڕ: بەیانی لە مەکتەب دەبم.**

(کوڕەکە) بنەمای پەیوەندیی بەزاندووە، چونکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیاری باوکی نەداوەتەوە، پرسیار دەبێت بە بەڵێ، یان بە نەخێر وەڵامبدرێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی

وەڵامی کوڕەکە پەیوەست بێت بە پرسیارەکەوە، دەبێت باوکەکە سوود لە هەندێك زانیاری گریمانەکراو وەربگرێت، کە تایبەت بێت بە خوێندکارێك لەم جۆرە دەوروبەرانەدا، لە ئەنجامی هەڵهێنجانی لۆجیکی دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە کوڕەکەی بەیانی سەری لێ نادات . ئەم جۆرە لێکەوتەیە گرنگترین و باوترین جۆری لێکەوتەیە، بۆیە بە لێکەوتەی ئاخاوتەیی تایبەتی ناودەبرێت (Yule, ٢٠٠٠: ٤٢). نموونەیەکی تر:

**(٤٧) کاوە: بەڕێوەبەرێکی گەندەڵت هەیە؟**

**دارا: کەش و هەوا زۆر خۆشە.**

دەبێت (کاوە) لە ڕووی لۆجیکییەوە ئەوە هەڵبهێنجێت، کە بۆچی (دارا) بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکەی داوەتەوە، لەوانەیە لێکەوتەکەی ئەوە بێت، کە لە ترسی ئەوەی نەوەکو بەڕێوەبەرەکەی گوێی لە پرسیارەکە بووبێت، بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە، یان ناتوانێت وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە، ئەگەر (دارا) وەڵامی پرسیارەکەشی نەداباوە و بێ دەنگی بنواندبایە، ئەوا هەمان لێکەوتەی لێ بەدەستدەهات.

نموونەیەکی تر:

**(٤٨) پیاو: هەندێك پارە لە ناو گیرفانمدا بوو، نەماوە؟**

**ژن : بەیانی منداڵەکان لە ژوورەکەت بوون.**

لە سەر زاریدا ژنەکە وەڵامێکی ڕاستەوخۆی پرسیاری پیاوەکەی نەداوەتەوە و بنەمای پەیوەندیی و چەندایەتی بەزاندووە، بەڵام دەبێت پیاوەکە ئەوە لە وەڵامی ژنەکە هەڵبهێنجێت، کە منداڵەکان پارەکەیان بردووە. کەواتە لێکەوتەی ئاخاوتەیی تایبەتی لەو وتانەدا دەکەوێتەوە، کە بنەما وردەکانی هاریکاری تێدا دەبەزێنرێت (عبدالهادي، ٢٠٠٤: ٤٣).

## ١-٢-٩. تایبەتییەکانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی:

لێکەوتەی ئاخاوتەیی ئەم تایبەتییانەی خوارەوەی هەیە :

**١- توانای پاشگەزبوونەوە (سڕینەوە)** Cancellability:

پاشگەزبوونەوە یەکێکە لە تایبەتییە سەرەکییەکانی پراگماتیك، بۆیە لێکەوتەی ئاخاوتەیش ئەم تایبەتییەی هەیە (Grice, ١٩٧٥: ٥٧). دەتوانرێت لێکەوتەی ئاخاوتەیی

بسرێتەوە و هەڵبوەشێتەوە، ئەمەش بە پێشکەشکردنی زانیاری زیاتر دەبێت، کە بە زۆری لە دوای دەستەواژەی (لەڕاستیدا) دێت . وەك:

**(٤٩) دارا دوو خانووی هەیە، لە ڕاستیدا سێ خانووی هەیە.**

ئەو لێکەوتەی کە لە سەرەتادا لە ژمارە (دوو) کەوتووەتەوە، بە هۆی ئەو زانیارییە زیادەیەی کە لە دوای دەستەواژەی (لەڕاستیدا) هاتووە، سڕاوەتەوە (Yule, ٢٠٠٠: ٤٤).

ئەگەر لە دەوروبەری گوتنەکە ئەوە ڕوون بووەوە، کە مەبەستی قسەکەر ئەوە نییە، کە گوێگر لێی تێگەیشتووە، ئەوا لێکەوتەکە هەڵدەوەشێتەوە و نامێنێ، بۆ نموونە ئەگەر وادابنێین مەرجی وەرگرتنی پارچە زەویی نیشتەجێبوون بۆ فەرمانبەران ئەوەیە، کە دەبێت فەرمانبەر بیست خاڵی هەبێت:

**(٥٠) بەڕێوەبەر: بیست خاڵت هەیە؟**

**فەرمانبەر: بەڵێ بیست خاڵم هەیە.**

ئەو زانیارییەی کە فەرمانبەرەکە داویەتی تەنیا بۆ دەوروبەری گوتنەکە ڕاستە، چونکە لە ڕاستیدا فەرمانبەرەکە سی خاڵی هەیە.

لەبەر ئەوەی لێکەوتە بەشێکە لەو واتایەی کە دەگەیەنرێت، نەك دەگوترێت، بۆیە قسەکەر دەتوانیت نکوڵی لەو واتایە گەیەنراوە بکات و بڵێت من مەبەستم ئەوە نییە. بۆ نموونە:

**(٥١) دارا بلیمەتە.**

ئەم وتەیە بە پێی ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکەی تێدا ئەنجامدراوە، لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێت، ڕەنگە قسەکەر بۆ گاڵتەپێکردن ئەم وتەیەی دەربڕیبێت، دەشتوانێت نکۆڵی لەوە بکات و بڵێت من مەبەستم گاڵتە پێکردن نییە (Levinson, ١٩٨٣: ١١٩).

**٢ـ توانای جیانەکردنەوە** non – detachability:

لەبەر ئەوەی لێکەوتەی ئاخاوتەیی پەیوەستە بە واتای گەیەنراو، نەك بە شێوەی زمانی، بۆیە بە هیچ شێوەیەك ناکرێت لێکەوتە لە وتە utterance جیابکرێتەوە، دەستنیشانکردنی لێکەوتە دەکەوێتە ناو ئاستی نواندنی واتاییەوە Semantic representation و شێوەی لۆجیکی. لێکەوتە لە ڕۆنانی سەرەوەی وتەیەك بەدەستدێت، کە ڕوون نەکراوەتەوە و پەیوەندی بە مەرجی ڕاستییەوە نییە، دەتوانرێت ڕۆنانی سەرەوەی

وتەیەك بە چەند شێوەیەك ڕوون بكرێتەوە، لێكەوتە لە یەكێكیان بەدەستدێت و لەوانی تر بەدەستنایەت . بۆ نموونە :

**(٥٢) حكومەت هەموو بەڵێنەكانی جێبەجێ نەكردووە.**

ئەم وتەیە دوو لێكدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێت :

لێكەوتەی یەكەم (شێوەی لۆجیكی):

**ا ـ حكومەت هیچ بەڵێنێكی جێبەجێ نەكردووە.**

**ب ـ حكومەت هەموو بەڵێنەكانی جێبەجێ نەكردووە.**

لێكەوتەی دووەم: حكومەت هەندێك لە بەڵێنەكانی جێبەجێ كردووە.

كەواتە بە شێوەیەكی گشتی بۆ دەستنیشانكردنی لێكەوتە نابێت تەنیا پشت بە مەرجی ڕاستی ببەسترێت، بەڵكو دەبێت بگەڕێنەوە بۆ نواندنی واتایی و شێوەی لۆجیكی وتەكان (عادل، ١٩٨٩: ١٥٩ ـ ١٦٠).

ئەو لێڵی و فرەواتاییەی كە لە وتەی (٥٢) دا هەیە، لە دەوروبەری گوتنەكە و بە هۆی هێز و ئاوازەوە دەرەوێتەوە و نامێنێت (وریا، ١٩٩٤: ١٣).

**٣ـ توانای هەژماركردن( حیسابكردن)** Calculability:

ئەم تایبەتییەی لێكەوتە ئەوەیە، كە دەتوانرێت بەڵگەیەك، یان بەهانەیەك بۆ لێكەوتەكە بهێنرێتەوە، ئەمەش بە گواستنەوە لە واتای ئاسایی(حەرفی) وتەكان بۆ ئەو لێكەوتەیەی كە مەبەستە، ئەمەش بە پشتبەستن بە بنەمای هاریكاری و بنەما وردەكانی دەكرێت (Grice, ١٩٧٥: ٥٨).

**٤ ـ لێكەوتەی ئاخاوتەیی نا نەریتییە** non – conventional:

لێكەوتەی ئاخاوتەیی بەوە دەناسرێتەوە، كە نا نەریتییە، واتە بەشێك نییە لە واتای نەریتی وشەكان، لێكەوتەی ئاخاوتەیی دوای زانینی واتای پیتی وشەكان و بەگەڕخستنی زانیاری دەربارەی دەوروبەری گوتنەكە و بەئاگابوون لە بنەمای هاریكاری، ئینجا بەدەستدێت (Levinson, ١٩٨٣: ١١٩). ئەوەی كە دەیسەلمێنێت لێكەوتەی ئاخاوتەیی نا نەریتییە، ئەوەیە كە لێكەوتەی ئاخاوتەیی لەو وتانەش دەكەوێتەوە، كە نادروستن (درۆن)، هەروەكو لە دركە و خوازەدا دەبینرێت .

خاڵێکی تریش هەیە، دەیسەلمێنیت، کە لێکەوتەی ئاخاوتەیی نا نەریتییە، ئەویش ئەوەیە ،کە وتەیەك بە پێی دەوروبەری گوتنەکەی چەندین لێکەوتەی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە:

**(٥٣) کاوە مەکینەیە.**

ئەم وتەیە بەپێی دەوروبەری گوتنەکە لێکەوتەی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە، وەك ئەوەی کە مەبەستی قسەکەر ئەوەیە، کە کاوە لە کارکردندا زۆر خێرایە و ناوەستێ، یان بە پێچەوانەوە کاوە لە کارکردندا زۆر لەسەرخۆیە . لەبەر ئەوەی لێکەوتەی ئاخاوتەیی بەشێك نییە لە واتای گوتراو، بۆیە دەشێت ڕاست نەبێت (محمد محمد، ٢٠٠٤: ٤٤).

**٥- توانای هەڵواسین** Suspended

قسەکەر دەتوانێت بە بەکارهێنانی گوزارشتی وەك (لانی کەم) لێکەوتەی ئاخاوتەیی بە هەڵواسراوی بهێڵێتەوە :

**(٥٤) ا - دارا سێ برادەری دڵسۆزی هەیە.**

**ب - دارا بە لای کەمی سێ برادەری دڵسۆزی هەیە** (**Yule, ٢٠٠٠: ٤٤**).

٦- بۆ هەڵهێنجانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی پێویستیمان بە ڕامان و بیرکردنەوە هەیە (محمد محمد، ٢٠٠٤: ٤٣).

٧- قسەکەر دەتوانێت بە پێشکەشکردنی زانیاری زیاتر جەخت لە سەر لێکەوتەکە بکاتەوە :

**(٥٥) دارا پەنجا دۆلاری هەیە، پێنج دە دۆلاری** (Yule, ٢٠٠٠: ٤٤).

## ١-٢- ١٠. لێکەوتەی نەریتی (تەقلیدی) Conventional implicature:

لێکەوتەی نەریتی بە پێچەوانەی لێکەوتەی ئاخاوتەیی پەیوەست نییە بە بنەمای هاریکاری و بنەما وردەکان، بەڵکو تەنیا لە واتای تایبەتی وشەکانەوە هەڵدەهێنجرێت، کە کۆمەڵ بە پێی نەریت لە سەری ڕێککەوتوون (Grice, ١٩٧٥: ٥٧).

(گرایس) بۆیە ئەم جۆرە واتایەی لە واتای گوتراو جیاکردووەتەوە، چونکە قسەکەر خۆی پابەندی ئەوە ناکات، کە گوتوویەتی، واتە دەتوانێت نکۆڵی لەو لێکەوتەیە بکات، کە لە وتەکانی هەڵدەهێنجرێت (محمد محمد، ٢٠٠٤: ٤٧ - ٤٨).

لێکەوتەی نەریتی و گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی هاوشێوەی یەکترن، چونکە هەردووکیان پەیوەندییان بە واتای تایبەتی وشەوە هەیە.

ئامرازی لێکدەری (بەڵام)، کە بەشداری  لە لێکدانی (ڕۆنانی ) ڕستەی لێکدراودا دەکات، واتای ناکۆکی و پێچەوانەیی هەردوو ڕستە سادەکە دەگەیەنێت، هەروەکو لە نموونەی (٥٦)دا دەردەکەوێت :

**(٥٦) دارا دەوڵەمەندە، بەڵام دەست بڵاوە.**

ئەگەر ئامرازی لێکدەری (بەڵام) لە ڕستەی (٥٦) دا بگۆڕین بە (و)، ئەوا ئەو کاتە ئامرازی لێکدەری (و) واتای هاوبەشی و کۆکردنەوە دەگەیەنێت:

**(٥٧) دارا دەوڵەمەند و دەست بڵاوە.**

ئامرازی لێکدرەی (و) لە هەندێك ڕستەی لێکدراوی تردا واتای لە دوای یەك هاتن دەگەیەنێت و ناکرێت ڕستە سادەکان، یاخود ڕووداوەکان پاش و پێش بکرێن. وەك:

**(٥٨) پارچە زەوییەکم کڕی و کردمە خانوو** (عادل، ١٩٨٩: ١٦٥).

جگە لە هەردوو ئامرازی لێکدەری (بەڵام) و (و) هەندێك ئاوەڵکرداری وەك ( هێشتا، کوێڕا، تەنانەت...) هەن، وەکو لێکەوتەی نەریتی لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت :

**(٥٩) هێشتا دارا نەگەیشتووە!**

ئاوەڵکرداری( هێشتا) لەم وتەیەدا واتای (لێکەوتەی) بەتەمابوون و ناڕەزایی دەگەیەنێت.

**(٦٠) کوێڕا دارا گەیشت!**

ئاوەڵکرداری (کوێڕا) ئەو لێکەوتەیەی لێ دەکەوێتەوە، کە (دارا) زوو گەیشتووە، یان گەیشتنەکەی بە دڵی قسەکەر نەبووە (سازان، ٢٠٠٥: ٨٤).

**(٦١) تەنانەت داراش ئامادەبوو.**

ئاوەڵکرداری (تەنانەت) لەم وتەیەدا ئەو لێکەوتەیەی لێ دەکەوێتەوە، کە هەرچەندە (دارا) بەتەمانەبووە، ئامادەبێت، کەچی ئامادەش بوو، یان هەموویان ئامادەبوون بە (دارا)شەوە.

لێکەوتەی نەریتی ئەو تایبەتییانەی نییە، کە لێکەوتەی ئاخاوتەیی هەیەتی، تەنانەت ئەو گرنگییەشی نییە، کە لێکەوتە ئاخاوتەییەکان هەیانە (Yule, ٢٠٠٠: ٤٥ – ٤٦).

هەروەها ئەو وشەو جێناوانەی کە بۆ پایەی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرێت، وەکو لێکەوتەی نەریتی لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت :

**(٦٢) جەنابتان فەرمووتان.**

**(٦٣) ئێوه فەرمووتان.**

ئەوەی گوێی لەم دوو وتەیەی سەرەوە بێت، لە هەردوو وشەی جەنابتان و ئێوە، ئەو لێکەوتەیە بەدەستدێنێت، کە ئەمانە پایەی کۆمەڵایەتی دەگەیەنن ( Levinson, ١٩٨٣: ١٢٩ ١٢٨).

## ٣ـ١. گرتنەوە Entailment:

گرتنەوە چەمکێکی لۆجیکی هەیە و پەیوەندیی بە سیمانتیکیشەوە هەیە. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەرامبەر بە زاراوەی Entailment ی ئینگلیزی زاراوەی گرتنەوە بەکاردەهێنین، گرتنەوەی لۆجیکی زیاتر لە ئاستی ڕستەدایە. لە بەرامبەر زاراوەی Hyponym ی ئینگلیزیش زاراوەی داپۆشین بەکاردەهێنین، کە زیاتر لە ئاستی وشەدایە.

گرتنەوەی لۆجیکی، پەیوەندیی لۆجیکی نێوان دوو باس، یان دوو ڕستەیە، بۆ نموونە ڕستەی (ا) و (ب)، ڕستەی (ا) ڕستەی (ب) دەگرێتەوە، ئەگەر ڕستەی (ا) ڕاست بێت، ئەوا بە شێوەیەکی لۆجیکی ڕستەی (ب)ش ڕاست دەبێت (محمد محمد، ٢٠٠٤: ٤٥). هێمای گرتنەوەی لۆجیکی بەم شێوەیە **—ll**.

**(٦٤) ا ـ دارا بەرخێکی کڕی.**

**ب ـ (ـ ll دارا ئاژەڵێکی کڕی).**

ئەگەر لە هەر کەسێك بپرسین چ پەیوەندییەك لە نێوان ڕستەی (٦٤ـ ا) و ڕستەی (٦٤ـ ب)دا هەیە، ئەوا ڕەنگە بڵێت ڕستەی (٦٤ـ ب) پاشکۆی لۆجیکی ڕستەی (٦٤ـ ا)ە، یان لەوانەیە بڵێت ئەگەر ڕستەی (٦٤ـ ا) ڕاست بێت، ئەوا بێگومان ڕستەی (٦٤ـ ب)ش ڕاست دەبێت. بەم پەیوەندییە دەگوترێت، گرتنەوەی لۆجیکی (شیوان، ١٣٨٤: ٨٣).

ڕستە هەیە بە شێوەیەکی لۆجیکی کۆمەڵێك گرتنەوەی لێ هەڵدەهێنجرێت، هەروەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

**(٦٥) دارا گوڵێکی پێشکەش بە نەسرین کرد.**

**(٦٦) ا ـ کەسێك گوڵێکی پێشکەش بە نەسرین کرد.**

**ب ـ کوڕێك گوڵێکی پێشکەش بە نەسرین کرد.**

**پ ـ دارا شتێکی پێشکەش بە نەسرین کرد.**

**ت ـ دارا دياربيەكى پێشكەش بە نەسرین كرد.**

**ج ـ دارا گوڵێكى پێشكەش بە كەسێك كرد.**

**چ ـ دارا گوڵێكى پێشكەش بە كچێك كرد.**

**ح ـ شتێك ڕوویدا.**

ڕستەی (٦٥) هەموو ئەو باسانەی proposition لەخۆگرتووە، كە لە ڕستەكانی (٦٦ـ ا ـ ح) دا هاتوون، بەبێ ڕەچاوكردنی ئەوەی كە ڕستەی (٦٥) ڕاستە، یان نا، كەواتە گرتنەوە دارشتنەوەی ڕستەیەكە بە شێوەكی تر، بە مەرجێك ناوەرۆكەكەی نەگۆڕێت و هەمان باس لەخۆبگرێت (نیل و دیردری، ١٣٧٤: ٢٢١ ـ ٢٢٢).

لە لۆجیكدا گرنگی بە واتای فەرهەنگی و واتای ڕستە نادرێت، بەڵكو گرنگی بەو باسە دەدرێت، كە ڕستە لەخۆیدەگرێت، واتە یەكەی واتایی لە گرتنەوەی لۆجیكیدا باسە، نەك وشە و ڕستە (بالمر، ١٩٨٥: ٥١).

بە بۆچوونی فەیلەسووفەكان، زمان سیستەمێكە لە سەر دوو دەستە یاسا دامەزراوە :

١ـ یاساكانی ڕۆنان (دامەزراندن).

٢ـ یاساكانی ئاڵوگۆڕ (گۆڕین)، (كارناب، ١٣٨٥: ٣١).

لە لۆجیكدا یاساكانی ئاڵوگۆڕ لە یاساكانی ڕۆنان گرنگترن، چونكە یاساكانی ئاڵوگۆڕن، كە پێمان دەڵێن چۆن دەتوانین ڕستەیەك لەگەڵ ڕستەیەكی تردا ئاڵوگۆڕ بكەین، یان چۆن ڕستەیەك لە ڕستەیەكی تر هەڵدەهێنجین. لە لۆجیكی سیانیدا یاساكانی ئاڵوگۆڕ بەم شێوەیە :

**(٦٧) هەر (ا) ێك، (ب) یە.**

**هەر (ب)ێك، (پ)یە.**

**ئەنجامەكە دەبێتە:**

**هەر ( ا)، ێك، (پ)یە.**

دەتوانین لە جێی هەر سێ پیتی (ا)، (ب) و (پ)، سێ وشە، یان سێ (ناو)ی تر دابنێین :

**(٦٨) دارا مرۆڤە.**

**هەموو مرۆڤێك دەبێت بمرێت.**

**دارا دەبێت بمرێت (كارناب، ١٣٨٥: ٣٣).**

فەیلەسوفەکان ئەمەیان کردووەتە لۆجیکیی بیرکاری و یاساو هێمای تایبەتییان بۆ داناوە، ڕستەی لۆجیکی (لۆجیکی وێنەیی) وەکو هاوکێشەی بیرکاری وایە و کۆمەڵێك یاسا و هێمای تایبەت بە خۆی هەیە، ڕستەی لۆجیکی بەم شێوەیەی خوارەوە دەنوێنرێت :

| هێماکان | شێوەی بەکارهێنانیان | هاوکێشەکانیان لە کوردی |
|---|---|---|
| ~ | ~ p | نەفی p |
| ∧ | p ∧ q | p و q |
| ∨ | p ∨ q | p یان ( یاخود) q یان هەردووکیان |
| ∨ e | p ∨e q | p یان / یاخود q نا هەردووکیان |
| ⟶ | p ⟶ q | ئەگەر p پاشان q |
| ≡ | p ≡ q | p ئەگەر و تەنیا ئەگەر q |

**هێمانی وەرگرتن و ئاڵ و گۆڕی گوزارشتەکان** ⌜ ⌝

دەتوانین لە ڕێگەی لە جیاتی دانان گۆڕاوەکانی⌝ q و p⌜ ناو پێکهاتە لۆجیکییەکە بگۆڕین (کورش صفوی، ١٣٨٠: ٢٤٠).

بۆ ڕستەیەکی لۆجیکی گرنگ نییە لە چ ڕستەیەکی تر کەوتووەتەوە، چونکە ڕستەی لۆجیکی ڕاستی خۆی بە فۆرم و ڕوخسارە تایبەتییەکەی خۆی پشتڕاست دەکاتەوە (حەمید، ٢٠٠٥: ١٤٩). بە پاڵپشتی پەیوەستە لۆجیکییەکان دەتوانین لە دوو ڕستەی (p و q) ڕستەی تر دابڕێژین، وەك (نا p)، (p یان q)، (p و q) ڕاستی ئەم ڕستە داڕێژراوانە بەند نییە بە واتای هەر دوو ڕستەی (p و q)، بەڵکو بەندە بە بەهای ڕاستییانەوە، ڕستەی (p و q) چوار بەهای ڕاستی هەیە:

١ـ p ڕاستە و q ڕاستە : ڕ ڕ

٢ـ ڕاست ، درۆ : ڕ د

٣ـ درۆ ، ڕاست : د ڕ

٤ـ درۆ ، درۆ : د د (حەمید، ٢٠٠٥: ١٥٠).

مانای پەیوەستییەکی لۆجیکی بەوە دیاردەکرێت، کە ئەو ڕستەیەی بە یارمەتی ئەم پەیوەستییەوە لە (p و q) دروستدەکرێت لە چوار جاری شیاودا ڕاست دەبێت و لە

جارەکانی تردا درۆ دەبێت، بۆ نموونە با سەرنجی ئەم دوو نموونەیە بدەین: (نا ـ p و نا ـ q) یاخود (p یاخود q).

دەتوانین بەهای ڕاستییان لە چوار جاردا بۆ بەشە ڕستەکان و ئینجا بۆ تێکڕای ڕستەکە دیاری بکەین و بگەینە ئەم ئەنجامەی خوارەوە:

(نا ـ p) لە جاری سێیەم و چوارەمدا ڕاستە و (نا ـ q) لە جاری دووەم و چوارەمدا ڕاستە، ئینجا (نا ـ p) لەگەڵ (نا ـ q) تەنیا لە جاری چوارەمدا ڕاستە:

| p - q | نا ـ p | نا q | نا ـ p و نا ـ q | P یاخود q | نا ـ p لەگەڵ نا ـ یاخود (p یان q) |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ـ ڕ ڕ | د | د | د | ڕ | ڕ |
| ٢ـ ڕ د | د | ڕ | د | ڕ | ڕ |
| ٣ـ د ڕ | ڕ | د | د | ڕ | ڕ |
| ٤ـ د د | ڕ | ڕ | ڕ | د | ڕ |

(حەمید، ٢٠٠٥: ١٥١).

لەبەر ئەوەی (p یاخود q) لە سێ جاری یەکەمدا ڕاستە، کەواتە تەواوی ڕستەکە: (نا ـ P و نا ـ q) یاخود (p یان q) لە هەموو بارەکاندا ڕاستە، ئەم جۆرە ڕستانە، کە نە لە مانا و نە لە بەهای ڕاستی ئەو ڕستانەی لێیان پێکهاتووە، پشتییان پێ دەبەستێت، سەبارەت بە ڕستە ڕاستەکان، یاخود درۆیەکان، بە ناچاری ڕاستە، پێی دەگوترێت تۆتۆلۆجی.

ئەم جۆرە ڕستەیە بە هۆی فۆرم و ڕووخسارەکەیەوە ڕاستە. ئێمە کاتێك کە گوێمان لە ڕستەیەکی لێکدراوی وەك ئەمەی خوارەوە دەبێت :

**(٦٩) دەیبینم، یاخود سەفەردەکەم.**

بە هۆی ڕستەکەوە شتێك دەربارەی دەوروبەرەکە دەزانین، چونکە ڕستەکە لەو بابەتەی کە باسی دەکات هەندێك شت بەلاوە دەنێت و هەندێکی تریش بە کراوەیی دەهێڵێتەوە، لەم نموونەیەدا چوار ئەگەر بەدیدەکرێت :

**ا ـ دەیبینم و سەفەردەکەم.**

**ب ـ دەیبینم، بەڵام سەفەرناکەم.**

**پ ـ نایبینم، بەڵام سەفەردەکەم.**

**ت ـ نایبینم و سەفەریش ناکەم.**

ڕستەی (٦٩) ئەگەری چوارەم وەلا دەنێت و سێیەکی تر بە کراوەیی دەهێڵێتەوە.

ڕستەی لۆجیکی بێ ناوەڕۆکە، بۆیە ناکرێت ئەوەیان لێ بکەوێتەوە، کە دەبێت واقیع چۆن بێت و چۆن نەبێت (حەمید، ٢٠٠٥: ١٥١ ـ ١٥٢).

گرتنەوە دوو شێوەی هەیە، گرتنەوەی مادی (بەرجەستەیی) و گرتنەوەی وێنەیی، گرتنەوەی مادی ئەزموون بەدی دەهێنێت، گرتنەوەی وێنەییش ئەقڵ حوکمی پێ دەکات (جمیل، ١٣٨٥: ٢٩٢).

لە زماندا نموونەی زۆرمان هەیە، کە ڕستەیەك بە شێوەیەکی لۆجیکی ڕستەیەکی تر دەگرێتەوە. وەك:

**(٧٠) ا ـ دارا ئامۆزای کاوەیە.**

**ب ـ کاوە ئامۆزای دارایە.**

ڕستەی (٧٠ـ ا) ڕستەی (٧٠ ـ ب) دەگرێتەوە.

**(٧١) ا ـ دارا لە کاوە گەورەترە.**

**ب ـ کاوە لە دارا بچووکترە.**

ڕستەی (٧١ ـ ا) ڕستەی (٧١ ـ ب) دەگرێتەوە، بە پێچەوانەش هەر ڕاستە، هەروەها هەندێك کرداریشمان هەیە وەکو (کڕین، فرۆشتن) و (بردنەوە، دۆڕاندن) هەر چەندە لە ڕووی واتاوە پێچەوانەی یەکترن، کەچی یەکتریش دەگرنەوە:

**(٧٢) ا ـ دارا خانووێکی لە کاوە کڕی.**

**ب ـ کاوە خانووێکی فرۆشتە دارا.**

**(٧٣) ا ـ یانەی هەولێر لە یانەی دهۆکی بردەوە.**

**ب ـ یانەی دهۆك دۆڕاندییە یانەی هەولێر.**

بە بۆچوونی لۆجیکناسەکان دەبێت لە سێ ڕووەوە سەیری واتای واژەیەك بکرێت :

**١ـ واتای پێکچوون (مطابقة)** Adequation:

مەبەست لە واتای پێکچوون ئەوەیە، کە واتای واژەیەك دەلالەت لە هەموو سیماکانی ناونراوەکە بکات، بۆ نموونە واژەی (پیاو) دەلالەت لە( مرۆڤی نێری باڵق) دەکات (جمیل، ١٣٨٥: ٢٩١).

**٢ـ واتای گرتنەوە** Entailment :

مەبەست لە واتای گرتنەوە ئەوەیە، کە واژەیەك دەلالەت لە بەشێك لە واتای ناونراوەکە بکات، وەك ئەوەی کە واژەی (پیاو) دەلالەت لە یەکێك لە سیماکانی( یان مرۆڤ ، یان نێر، یان باڵق) بکات (محمد محمد، ٢٠٠٤: ٥٧).

**٣ـ واتای پابەندبوون (اللزوم)** Inherence:

مەبەست لە واتای پابەندبوون ئەوەیە ،کە واژەیەك واتای پێکچوون بگەیەنێت، پاشان ئەو واتایە پێویستی بە شتێکی دیکە هەیە، وەکو خولقێنراو بۆ خولقێنەر، ئەم پابەندبوونە زەینی مرۆڤ بۆ واتایەکی دیکەی نزیك لە واتاکە دەبات (جمیل، ١٣٨٥: ٢٩٢).


### ١ـ٣ـ١. دا پۆشین ( گرتنەوەی سیمانتیکی ) Hyponymy:

داپۆشین پەیوەندیی لۆجیکی نێوان وشەکانی زمانە، کە تێیدا وشەیەکی گشتی لە ڕووی واتاوە چەند وشەیەکی تایبەتی بەخۆیەوە دەگرێت ، کە سەر بەیەك کێڵگەی واتایین. بۆ نموونە هەموو ئەو وشانەی کە دەربارەی گوڵن، کێڵگەی واتایی گوڵ پێکدەهێنن:

(٧٤) **<u>گوڵ</u> : <u>نێرگز، مێخەك، حاجیلە، شەوبۆ... هتد.</u>**

| | |
|---|---|
| **گشتی** | **تایبەتی** |
| **داپۆشەر** | **داپۆشراو** |

وشەکانی (نێرگز، مێخەك، حاجیلە و شەوبۆ) سەر بە کێڵگەی واتایی گوڵن، چونکە پەیوەندیی واتایی لە نێوانیاندا هەیە و دەتوانن لە ڕستەدا هاوجێی یەکتربن، وشەی گوڵ هەموو وشەکان دادەپۆشێت. هەموو وشەکانی ناو کێڵگەکە پەیوەندیی جیاوازی کۆیان دەکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا پەیوەندیی داپۆشین لەگەڵ واتا گشتییەکە بە یەکیان دەبەستێتەوە :




واتە، کە دەڵێین:

**(٧٥) ئەمە نێرگزە = ئەمە گوڵە.**

بەڵام، کە دەڵێین:

**(٧٦) ئەمە گوڵە ≠ ئەمە نێرگزە** (محمد معروف، ١٩٩٠ : ١٦٣ ).

لە نێوان کەرەستەکانی ڕستەدا دوو جۆر پەیوەندیی واتایی هەیە: پەیوەندیی ئاسۆیی Syntagmatic و پەیوەندیی ستوونی Paradigmatic، پەیوەندیی ستوونی ئەو پەیوەندییەیە، کە لە نێوان ئەو وشانەدا پەیدا دەبێت، کە دەتوانن لە ناو ڕستەدا لە جێی یەکتر بێن، ئەم پەیوەندییە لە نێوان کەرەستەیەکی هەبوو و کەرەستەیەکی نەبوودا پەیدادەبێت (دی سوسیر، ١٩٨٨: ١٤٢ ـ ١٤٦).

پەیوەندیی ستوونی بۆ چەند جۆرێك دابەش دەبێت. وەکو پەیوەندیی داپۆشین و پەیوەندی دوورکەوتنەوە... هتد. (جون لاینز، ١٩٨٧: ١٠١).

له گرتنەوەدا کۆمەڵێك یاسا هەن، که قسەکەرانی هەر زمانێك پەیڕەوی دەکەن، یاساکانیش ئەمانەن :

١ـ گرتنەوە پەیوەندیی لۆجیکی تایبەتییە بە گشتی :

**(٧٧) ا ـ دارا بەرخێکی کڕی.**

**ب ـ دارا ئاژەڵێکی کڕی.**

٢ـ سەلماندنی تایبەتی (٧٧ ـ ا) مەرجی پێویستە بۆ سەلماندنی گشتی (٧٧ ـ ب)، واتە کڕینی بەرخ مەرجە بۆ سەلماندنی کڕینی ئاژەڵ.

٣ـ له حاڵەتی نەرێیدا پەیوەندیی لۆجیکی گرتنەوە، بەو شێوەیە نامێنێتەوە، که له حاڵەتی ئەرێیدا هەیە، واتە نەفی تایبەتی (٧٧ ـ ا)، گشتییەکە نەفی ناکات، چونکە نەکڕینی بەرخ نەکڕینی ئاژەڵێکی تر ڕەتناکاتەوە (نەفی ناکات)، لەوانەیە دارا ئاژەڵێکی تری کڕی بێت، لەوانەشە نەفیکردنەکە ڕاست بێت و دارا هیچ ئاژەڵێکی نەکڕی بێت، بەڵام که گشتییەکە نەفیدەکەین، تایبەتییەکەش نەفیدەکات، واتە نەکڕینی ئاژەڵ نەکڕینی بەرخیش دەگرێتەوە (شحدة فارع وآخرون، ٢٠٠٦: ١٩٣).

٤ـ سەلماندنی گشتییەکە، مەرجی پێویست نییە بۆ سەلماندنی تایبەتییەکە، چونکە گرتنەوە پەیوەندیی لۆجیکی تایبەتە بە گشتی، واتە سەلماندنی (٧٧ـ ب) پێویست نییە بۆ سەلماندنی (٧٧ـ ا)، چونکە کڕینی ئاژەڵ تەنیا بەرخ ناگرێتەوە، لەوانەیە دارا مەڕێکی کڕی بێت، یان ئاژەڵێکی تری کڕی بێت (محمد محمد، ٢٠٠٤: ٥٧).

### ١ـ٣ـ ٢. جۆرەکانی گرتنەوە:

دوو جۆر گرتنەوە هەیە :

**گرتنەوەی ڕێزمانی** grammatically Specified entailment:

ئەو گرتنەوەیە، که له ئەنجامی دانانی کۆمەڵێك وشە و دەستەواژەی نادیاری وەکو (**کەسێك، شتێك، ژمارەیەك... هتد**) له ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەیەکدا بەدەستدێت (نیل و دیردری، ١٣٧٤: ٤٥٣). واتە دانانی هەندێك وشە و دەستەواژە له ناو ڕستەدا له جێی ئەو وشە و دەستەواژانەی که پەیوەندیی ستوونی (هاوجێی) له نێوانیاندا هەیە، له ئەنجامدا ژمارەیەك گرتنەوە بەدەستدێت، هەروەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

**(٧٨) دارا دوو مەڕی سەربڕی.**

**(٧٩)ا ـ کەسێك دوو مەڕی سەربڕی.**

**ب ـ دارا دەربارەی دوو مەڕ شتێکی ئەنجامدا.**

**پ ـ دارا هەندێك مەڕی سەربڕی.**

**ت ـ دارا دوو شتی سەربڕی.**


**ج ـ دارا هەندێك شتی سەربڕی.**

**چ ـ دارا کارێکی ئەنجامدا.**

**ح ـ شتێك ڕوویدا.**

ڕستەی (٧٩ ـ ا) لە وەڵامی پرسیاری (کێ دوو مەڕی سەربڕی؟) و بە دانانی (کەسێك) لە جێی ناوی (دارا) لە ڕستەی (٧٨)دا بەدەستهاتووە، ڕستەی (٧٩ـ ب) لە وەڵامی پرسیاری (دارا چی کرد؟) و بە دانانی ڕستەی (شتێکی ئەنجامدا) لە جێی کاری (سەربڕی) بەدەستهاتووە، ڕستەی (٧٩ ـ پ) لە وەڵامی پرسیاری (دارا چەند مەڕی سەربڕی؟) و بە دانانی وشەی ڕادەی (هەندێك) لە جێی ژمارەی (دوو) بەدەستهاتووە، ڕستەی (٧٩ ـ چ) لە وەڵامی پرسیاری (دارا چی کرد؟) و بە دانانی ڕستەی (کارێکی ئەنجامدا) لە جێی ڕستەی (دوو مەڕی سەربڕی) بەدەستهاتووە و ڕستەی (٧٩ ـ ج) لە وەڵامی پرسیاری (چی ڕوویداوە؟) و بە دانانی ڕستەی (شتێك ڕوویدا) لە جێی تەواوی ڕستەی (دارا دوو مەڕی سەربڕی) بەدەستهاتووە. ئەم گرتنەوانەی کە لە (٧٩ ـ ا ـ ح) دا هاتوون، گرتنەوەی ڕێزمانین، چونکە بە پێی یاسا وشەیەك، یان دەستەواژەیەك لە جێی وشەیەك، یان دەستەواژەیەکی تر دانراون و بە شێوەیەکی لۆجیکی ڕیزبەند کراون، بە جۆرێك کە ڕستەیەك لە ڕستەیەکی تر وەرگیراوە و خۆشی دەبێتە سەرچاوە و ڕستەیەکی تری لێ وەردەگیرێت، هەروەکو لەم هێڵکارییەدا ڕووندەبێتەوە :

(٨٠)




(نیل و دیردری،١٣٧٤ : ٢٣٧ـ٢٤٠)

**گرتنەوەی ناڕێزمانی (واتایی)** grammatically unspecified entailment :

ئەو گرتنەوەیە، کە لە ڕێگەی بنەمای واتایی و یاسای وشەییەوە بەدەستدێت و شوێنەکەی لە ناو پێکهاتەی هەموو ڕستەکەدایە (نیل و دیردری، ١٣٧٤: ٢٤٦). بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت لە ڕووی واتاییەوە وشەی (مەڕ) لە هەردوو ڕستەی (٨١) و (٨٢) شیبکەینەوە، ئەوا زۆر بە ئاسانی دەتوانین ئەوە بدۆزینەوە، کە ڕستەی یەکەم ڕستەی دووەم دەگرێتەوە:


**(٨١) ا ـ ئەمە مەڕە.**

**ب ـ ئەمە ئاژەڵە.**

**(٨٢) ا ـ من مەڕێکم کڕی.**

**ب ـ من ئاژەڵێکم کڕی.**

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت، کە گرتنەوەی ڕێزمانی و ناڕێزمانی تێکەڵ بە یەک دەبنەوە و ناتوانرێت هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا بکێشرێت. ئەگەر بە پێی بنەمای واتایش ڕستەی (٧٨) بکەین بە هێڵکاری ئەوا ژمارەیەك گرتنەوە بەدەستدێن، کە بە شێوەیەکی لۆجیکی لە ڕستەکە هەڵدەهێنجرێن و ڕیزبەند دەکرێن :




(نیل و دیردری، ١٣٧٤: ٢٤٩)

قسەکەر لە ڕێگەی هێزیشەوە Stress دەتوانێت جەخت لە سەر شتێك بکات و ئەوە بە بەرامبەرەکەی بگەیەنێت، کە پێشتر گریمانەکراوە، یاخود کام گرتنەوە گرنگترە بۆ لێکدانەوەی ئەو واتایەی کە مەبەستە. لە ڕستەی (٨٣ ـ ا) دا قسەکەر بە هۆی هێزەوە، ئەوە دەردەخات، کە گرتنەوە پێش زەمینەکە Foreground entailment، یان گریمانە سەرەکییەکە ئەوەیە، کە دارا ژمارەیەك نەمامی ڕواندووە:

**(٨٣) ا ـ دارا \ پێنج / نەمامی ڕواند.**

**ب ـ دارا / پێنج نەمامی ڕواند.**

لە ڕستەی (٨٣ ـ ب) یشدا، کە جەختکردنەکە لە (پێنج) ەوە گواستراوەتەوە بۆ سەر (دارا)، واتە گریمانە سەرەکییەکە ئەوەیە، کە کەسێك پێنج نەمامی ڕواندووە، دیارە یەکێك لە ئەرکەکانی هێز بەستراوەتەوە بەدەرخستنی ئەو گریمانە سەرەکییەی assumption ، کە قسەکەر لە کاتی دەربڕینی وتەیەکدا دەیکات، بەم شێوەیە قسەکەر ئەوە بە گوێگر دەگەیەنێت، کە خاڵی جەختکردنەکە کامەیە و کامە خاڵ گریمانە کراوە(Yule: ٢٠٠٠: ٣٣).

پێکهاتەیەکی تر هەیە، کە پێی دەگوترێت ڕستەی وەسفی کەرتبوو it-cleft construction لێرەدا قسەکەر ئەو شتە دەڵێت، کە گوێگر لە مێشکیدایە و دەیهێنێتە پێشەوەی ڕستە. ئەم جۆرە گرتنەوەیە بە هۆی زانیاری هاوبەش لە نێوان قسەکەر و گوێگرەوە بە دەستدێت و پێی دەگوترێت گرتنەوەی پێش زەمینە:

**(٨٤) ا ـ دارا بوو پێنج نەمامی ڕواند.**

**ب ـ لە هەولێر بوو، کە یەکترمان بینی.**

**پ ـ من نەبووم، کە قسەم بە تۆ گوت.**

لە ڕستەی (٨٤ ـ پ)دا ئەوە هاتووە، کە یەکێك قسەی بە گوێگر گوتووە و گوێگریش وادەزانێت، کە قسەکەر (من) قسەی پێ گوتووە، قسەکەر بۆ ئەوەی ئەم تۆمەتە ڕەتبکاتەوە و نکۆڵی لێ بکات، ئەم وتەیەی گوتووە. لێرەدا ئەو زانیارییە پێشینەییە دەدرێتە گوێگر، بە بێ ئەوەی بە ڕاشکاوی باسبکرێت، واتە ئەم زانیارییانە ناگوترێن، بەڵکو دەگەیەنرێن (Yule, ٢٠٠٠: ٣٣).

## بەشی دووەم

## گریمانەی پێشەکی و بۆچوونەکان

### ٢ـ١. سەرەتا:

لەم بەشەدا دوای ڕوونکردنەوەی زاراوەی گریمانەی پێشەکی ئەو تیۆر و بۆچوونانە دەخەینەڕوو، کە لە بارەی گریمانەی پێشەکییەوە هەن، لەم ڕووەوە باسی چوار جۆر لە گریمانەی پێشەکی دەکەین ، کە بریتین لە گریمانەی پێشەکیی لۆجیکی و گریمانەی پێشەکیی دەروونی و گریمانەی پێشەکیی سیمانتیکی و گریمانەی پێشەکیی پراگماتیکی.

### ٢ـ٢ . زاراوەی گریمانەی پێشەکی:

زاراوەی presupposition وشەیەکی ئینگلیزییە و لە دوو بەش پێکدێت:

پێشگری (pre)، کە بە واتای (بەرلە)، یان( پێش) دێت و( supposition) کە بە واتای (گریمانە)، یان( وادانان) دێت.

زمانەوانان و توێژەرانی کوردیش چەند زاراوەیەکییان بۆ ئەم زاراوە ئینگلیزییە بەکارهێناوە. وەك: گریمانەی پێشەکی (بەکر، ٢٠٠٠: ٨٠)، پێشبینی پێشوەخت (هۆگر، ٢٠٠٠: ١٤٢)، بەرگریمانە (قەیس، ٢٠٠٢: ٤٢)، واتای پێشبینی (سازان، ٢٠٠٥: ٨٢) و گریمانەی پێشینە (ئاڤێستا، ٢٠٠٦: ١٠٢)، کە هەمان چەمك و واتای زاراوە ئینگلیزییەکە دەگەیەنن، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا زاراوەی گریمانەی پێشەکی بەکاردەهێنین.

زاراوەی گریمانەی پێشەکی دوو جۆر بەکارهێنانی هەیە، بەکارهێنانێکی ئاسایی و بەکارهێنانێکی تەکنیکی، بەکارهێنانە ئاساییەکەی ئەوەیە، کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریدەهێنین، هەروەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

**(١) دارا داوای لە کاوە کرد، کە ئۆتۆمبێلەکە خێرا لێنەخوڕێت.**

(دارا) پێشەکی گریمانەی ئەوەی کردووە، کە (کاوە) ئۆتۆمبێل خێرا لێدەخوڕێت، واتە لەم ڕستەیەدا گریمانەی پێشەکی بە شێوە ئاساییەکەی بەکارهاتووە. بەکارهێنانی تەکنیکی

زاراوەی گریمانەی پێشەکی تایبەتە بە هەندێك هەڵهێنجانی پراگماتیکی لە ناو پێکهاتە زمانییەکاندا (Levinson, ١٩٨٣: ١٦٨).

بەکارهێنانی ئاسایی گریمانەی پێشەکی زۆر زیاترە لەبەکارهێنانە تەکنیکییەکەی.

بەکارهێنانی تەکنیکی زاراوەی گریمانەی پێشەکی بەر لە پراگماتیك، لە لۆجیك و دەروونناسی و سیمانتیکیشدا بەکارهاتووە، واتە گریمانەی پێشەکی چوار جۆری هەیە:

١- گریمانەی پێشەکیی لۆجیکی — Logical presupposition

٢- گریمانەی پێشەکیی دەروونی — Psycho Presupposition

٣- گریمانەی پێشەکیی سیمانتیکی — Semantic presupposition

٤- گریمانەی پێشەکیی پراگماتیکی — pragmatic presupposition

لەبارەی هەر چوار جۆرەکەی گریمانەی پێشەکی چەندین تیۆر لە ئارادان، ئێمە لێرەدا یەکە یەکە ئەو تیۆرانە دەخەینەڕوو. هەرچەندە لێکۆڵینەوەکەی ئێمە تایبەتە بە گریمانەی پێشەکیی پراگماتیکی و سیمانتیکی، بەڵام بە پێویستی دەزانین سەرەتا لە بارەی گریمانەی پێشەکیی لۆجیکی و گریمانەی پێشەکیی دەروونیش بدوێن.

### ٢-٣. تیۆرە لۆجیکییەکانی گریمانەی پێشەکی:

پەیوەندییەکی بە هێز لە نێوان زمان و لۆجیکدا هەیە، چونکە لۆجیك لە بیر (هزر)ی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، زمانیش بیری مرۆڤ دەگوازێتەوە، بۆیە فەیلەسوفەکان لەمێژە خەریکی لێکۆڵینەوەی زمانن (عزمی، ١٩٨٥: ٢٠).

لە لێکۆڵینەوەی واتادا سێ جۆر واتا لێك جیاکراونەتەوە :

١- واتای سیمانتیکی و پراگماتیکی وەك بەشێك لە زانستی زمان.

٢- واتاسازیی فەلسەفی، واتە لێکۆڵینەوە لە فەلسەفەی زمان.

٣- واتاسازیی لۆجیکی:

واتاسازیی لۆجیکی زاراوەیەکە بۆ ناونانی کۆمەڵێك تیۆری واتایی دانراوە، کە لە ڕێگەی لۆجیکەوە لە واتا دەکۆڵرێتەوە، واتە لە لێکۆڵینەوەی واتادا سوود لە لۆجیك وەردەگرێت. واتاسازیی لۆجیکی چەند ناوێکی تریشی هەیە. وەك:

واتاسازیی شێوەیی (وێنەیی) — Formal Semantics

واتاسازیی دروستی و مەرجدار truth – conditional Semantics

واتاسازیی تیۆرە مۆدێلەکان model – theoretic semantics

ڕێزمانی مۆنتاگ Montague grammar

لە واتاسازیی لۆجیکیدا ڕاستی و مەرجی ڕاستی ڕووندەکرێتەوە، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندی واتایی سوود لە چەمکی ڕاستی و لۆجیکی باسمەند Propositional وەردەگرێت. واتاسازیی لۆجیکی سوود لە تیۆری گونجان لەگەڵ ڕاستی وەردەگرێت.

بەپێی واتاسازیی لۆجیکی ئەگەر ڕستە هاوتا (مطابق) بوو لەگەڵ جیهانی دەرەوە، ئەوا ئەو ڕستەیە ڕاستە، ئەگەر ڕستە لە گەڵ جیهانی دەرەوە هاوتا نەبوو، ئەوا ئەو ڕستەیە نادروستە (کورش صفوی، ١٣٨٠ : ١٩٩ ـ ٢٠٠).

یەکەم کەس، کە ئاماژەی بە گریمانەی پێشەکی کردبێت، فەیلەسوفی ئەڵمانی (فرێگە)یە[(١)]، (فرێگە) لە وتارێکیدا کە لە بارەی چەمك و ڕاستییە " On Sense and Reference"، و لە ساڵی ١٨٩٢ دا بڵاوی کردووەتەوە، بیرۆکەی گریمانەی پێشەکی خستووەتەڕوو (Laurence & Gregory , ٢٠٠٦: ٢٩ ). (فرێگە) دەڵێت لە هەر ڕستەیەکی هەواڵداندا، کە ناوی تایبەتی (کەس) تێدابێت، هەست بە بوونی گریمانەی پێشەکی دەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر یەکێك بڵێت:

**(٢) دارا لە بەدبەختیدا گیانی لەدەستدا .**

پێشەکی وادەزانرێت، یان گریمانە دەکرێت، کە ناوی (دارا) دەلالەت لە کەسێك دەکات، بەڵام وەکو چەمکی ڕستەی "دارا لە بەدبەختیدا گیانی لەدەستدا" نییە، کە بریتییە لە بیرۆکەی ئاماژەی (دارا) بۆ کەسێك یان شتێك. ئەگەر ئەمە بەم جۆرە بێت ئەوا لە جێی ڕستەی "دارا لە بەدبەختیدا گیانی لەدەستدا"، یان "دارا بەڵگەی ڕاستی نییە" دەبوو.

---

[(١)] گوتلۆب (فرێگە) Gottlob Frege، زانایەکی بیرکاریی ئەڵمانییە، لە ساڵی ١٨٤٨ لە ویستمار لەدایك بووە، لە ساڵی ١٨٦٩ دا، چووەتە زانکۆی جینا Jena، لە ساڵی ١٨٧٣دا بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری بیرکاری وەرگرتووە، لە ساڵی ١٨٧٩ بووە بە پرۆفیسۆر لە هەمان زانکۆ، لە بوارەکانی بیرکاری و فەلسەفە و زمان لێکۆڵینەوەی زۆری هەیە، لە ساڵی ١٩٢٥ دا کۆچی دوایی کردووە (عبدالرحمن، ١٤٢٧: ١٢٦).

ئەم گریمانە پێشەکییەی کە ناوی (دارا) لە ڕستەی هەواڵدانی "دارا لە بەدەختیدا گیانی لەدەستدا"دا بۆ کەسێك دەگەڕێنێتەوە، ڕاستە، هەروەها لە شێوە نەرێیەکەشیدا هەر ڕاستە (Levinson, ١٩٨٣: ١٦٩).

بە بۆچوونی (فرێگە) ناو ئەو کاتە واتادار دەبێت، کە بیگەڕێنیتەوە بۆ جیهانی واقیع[1]، چونکە بە گەڕانەوە بۆ واقیع ڕاستی باسەکان دەردەکەون (حسان، ٢٠٠٠: ١٨٣).

گەڕانەوەی ناویش بۆ جیهانی واقیعی پێشەکی گریمانە دەکرێت، (فرێگە) پێی وایە هەموو ناوێکی تایبەت خاوەن واتا و چەمکن. بۆیە دەتوانین چەمکێك بۆ ناوی (دارا) دابنێین، هەتا ئەگەر (دارا) لە واقیعیشدا بوونی نەبێت.

ڕستەی "دارا لە بەدبەختیدا گیانی لەدەستنەداوە" ئەوە ناگەیەنێت، کە "دارا لە بەدبەختیدا گیانی لەدەستداوە"، بەڵکو گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (دارا) لەواقیعدا هەیە. بە باوەڕی (فرێگە) واتای ئەو ڕستانەی کە ناویان تێدایە، پەیوەستە بە بوونی بەڵگەی ڕاستی ناوەکانەوە، بە واتای ئەوەی واتای ڕستە یەکسانە بە بەهای ڕاستی ڕستە، ڕستەی بێ واتاش ئەو ڕستەیە، کە بەهای ڕاستی نەبێت، واتە ئەگەر ناوی (دارا) بەڵگەی ڕاستی نەبێت، ئەوا ڕستەی "دارا لە بەدبەختیدا گیانی لەدەستدا" واتادار نابێت (شیوان، ١٣٨٤: ١٠٩).

(فرێگە) ئاماژەی بەوەش کردووە، کە فرێزی کاتیش گریمانەی پێشەکی لەخۆدەگرن، بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی ئەم نموونەیەی خوارەوەی هێناوەتەوە:

**(٣)" پاش ئەوەی S – H لە دانمارك جیابوونەوە، پروسیا و نەمسا بەشەڕهاتن".**

ڕستەی (٣) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە لە ڕابوردوودا ڕووداوێك ڕوویداوە، ئەویش جیابوونەوەی (S – H )ە، لە دانمارك (Levinson, ١٩٨٣: ١٧١).

بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی (فرێگە) ڕستەیەکی هەڵبەستراوی کوردی دەهێنینەوە :

---

([1]) هۆگر مەحموود زاراوەی (بوویەر)ی بۆ (واقیع)ی عەرەبی بەکارهێناوە، کە لە چاووگی(بوون)ەوە وەرگیراوە٠ بە ڕای ئێمە هەرچەندە وشەی( بوویەر) وشەیەکی گونجاو و لەبارە، بەلاّم لە بەرئەوەی وشەکە تاکو ئێستا لە کورد یدا نەچە سپاوە و وەکو وشەیەکی نامۆ دێتە بەرچاو، بۆیە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا وشەی ( واقیع) بەکاردەهێنین (بڕوانە: هۆگر، ٢٠٠٠: ١٧)٠

**(٤) پاش ئەوەی کەرکووك گەڕایەوە سەر هەرێمی کوردستان، وڵاتانی دراوسێ نیگەرانی خۆیان دەربڕی.**

ڕستەی (٤) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە کەرکووك لە ژێر فەرمانڕەوایی حکومەتی فیدراڵیدا نەماوە و گەڕاوەتەوە سەر هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێش نیگەرانی خۆیان نیشانداوە. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە لە ڕاستیدا کەرکووك هێشتا نەگەڕاوەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، واتە ڕستەکە ڕاست نییە، کەچی ئەو گریمانە پێشەکیانەش لەخۆدەگرێت، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا .

تیۆرەکەی (فرێگە) هەندێك ئاریشە و کەموکوڕی تێدایە، وەك ئەوەی ئەگەر ناوێك بۆ جیهانی واقیعیش نەگەڕێتەوە، ڕستە لەخۆیدەگرێت و گریمانەی پێشەکیشی دەبێت، دیارە (فرێگە) ئەمەی بە کەموکوڕی زمان داناوە، بەڵام ئەم جۆرە ڕستانە چ سوودێکیان بۆ زمان دەبێت، کە ڕاست نەبن. بۆ نموونە ئەگەر یەکێك بڵێت:

**(٥) منداڵەکانی دارا زیرەکن.**

ڕستەی (٥) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە دارا منداڵی هەیە، بەڵام ئەگەر لە ڕاستیدا دارا منداڵی نەبێت، واتە ئەو باسەی کە ڕستەکە لەخۆیدەگرێت ڕاست نەبێت، ڕستەکە چ سوودێکی بۆ زمان دەبێت.

هەروەها زۆر ڕستە هەیە ناوی تایبەتی تێدایە، بەڵام هەڵهێنجانی گریمانە پێشەکییەکەیان ئاڵۆزە.

لە کۆتاییدا پوختەی تیۆرەکەی (فرێگە) دەخەینەڕوو:

١ـ ئامانجی سەرەکی (فرێگە) لە باسکردنی گریمانەی پێشەکی ئەوە بووە، کە زمانێکی لۆجیکی بێ کەموکوڕی بەدەستبێنێت، تاوەکو لە شیکردنەوە لۆجیکییەکانیدا بەکاریبهێنێت، چونکە لۆجیکناسان پێیان وابووە، کە زمانی سروشتی ناتەواوە و کەموکوڕی زۆری تێدایە، بۆیە هەوڵیانداوە زمانێکی پوخت و بێ کەموکوڕی بێننەئاراوە، تاوەکو ببێتە زمانی لۆجیك.

٢ـ ناوی تایبەت (کەس) و فرێزی کات گریمانەی پێشەکی لەخۆدەگرن، هەروەکو لە نموونەکانی (٢) و (٣) دا نیشانمان دا.

٣ـ ڕستەی هەواڵدان لە هەردوو حاڵەتی ئەریێ و نەرێدا، هەمان سێت لە گریمانەی پێشەکی لەخۆدەگرێت.

٤ـ (فرێگە) پێی وایە، ئەو ڕستانەی کە فرێزی ناوییان تێدایە و بۆ واقیع ناگەڕێنەوە، هۆیەکەی ئەوەیە، کە زمانی سروشتی کەموکوڕی تێدایە.

**(ڕەسل)[1] و تیۆری وەسف:**

(ڕەسل) لە ساڵی ١٩٠٥ دا، وتارێکی بە ناونیشانی "دەربارەی گەڕانەوە" نووسی، (ڕەسل) لە وتارەکەیدا ڕەخنەی لە بۆچوونەکانی (فرێگە) گرت و ناوی تایبەت و وەسفی لێك جیاکردەوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: مەرج نییە وەسفی ناوی تایبەت لە هەموو بارێکدا بۆ واقیع بگەڕێتەوە، بەڵکو لەوانەیە تەنیا وەسف بێت ( Levinson, ١٩٨٣: ١٧٠ ).

(ڕەسل) بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی هەندێك وەسفی تایبەتی وەکو "بازنەیەکی چوارگۆشە"ی هێناوەتەوە و شیکردۆتەوە، ئاشکرایە وەسفی ئەم جۆرە فرێزانە لەگەڵ واقیعدا ناگونجێن، چونکە ناکرێت لە یەك کاتدا شتێك چوارگۆشە بێت و بازنەش بێت ( شیوان، ١٣٨٤: ١١١).

(ڕەسل) وەسفی هەندێك ناوی خەیاڵی دەکات، کە لە واقیعدا بوونیان نییە. وەك:

**(٦) "عەنقا بوونی نییە".**

دیارە ئەم باسەی کە لە ڕستەی (٦)دا هاتووە، ڕاستە، چونکە بوونی باڵندەیەکی خەیاڵی نەفیدەکات، لە هەمان کاتدا ڕاستیش نییە، چونکە ئەو جۆرە باڵندەیە لە واقیعدا بوونی نییە (حسان، ٢٠٠٠: ١٨٦).

(ڕەسل) هەوڵیداوە چارەسەری ئەو ناوانە بکات، کە بۆ واقیع ناگەڕێنەوە لەم بارەیەوە "پادشای فەڕەنسا"ی بە نموونە هێناوەتەوە، (ڕەسل) دەڵێت ڕەنگە فرێزێکی ناوی وەکو "پادشای فەڕەنسا" بۆ واقیع نەگەڕێتەوە، واتە بۆ هیچ کەسێك نەگەڕێتەوە، چونکە فرێزەکە تەنیا لە ڕووی وێنەییەوە وەسفی ناوێك دەکات، یان دەلالەت لە شتێکی

---

(١) بیرتراند (ڕەسل) Bertrand Russell فەیلەسوفێکی بەریتانییە لە ساڵی ١٨٧٢ لە وێڵز لەدایك بووە، لە بواری بیرکاری و فەلسەفەدا لێکۆڵینەوەی زۆری هەیە، لە ژیانیدا زۆر دژی شەڕ بووە، لەبری ئەو خزمەتە زۆرەی کە بە مرۆڤایەتی کردووە، لە ساڵی ١٩٥٠دا خەڵاتی نۆبلی لەبواری ئەدەب پێ بەخشراوە، لەساڵی ١٩٧٠ دا کۆچی دوایی کردووە (عبدالرحمن، ١٤٢٧: ٥١٧ ـ ٥١٩).

دیارکراو دەکات، چونکە لە ساڵی ١٩٠٥ دا، (واتە ساڵی نووسینی وتارەکە) فەڕەنسا پادشای نەبووە و ئێستاش فەڕەنسا پادشای نییە، کەواتە بەڵگەیەك نییە، بوونی پادشای فەڕەنسا بسەلمێنێت، ئەگەر ئەمە وابێت ئەی چۆن دەتوانین ڕستەیەك شرۆڤە بکەین، کە فرێزی ناوی ئاوای تێدابێت. (ڕەسل) ئەم ڕستەیەی بە نموونە هێناوەتەوە:

**(٧) "پادشای فەڕەنسا سەری ڕووتاوەتەوە".**

پێش ئەوەی بۆچوونی (ڕەسل) لە بارەی ئەم ڕستەیە بخەینەڕوو، وای بەباش دەزانین، کە بۆچوونی (فرێگە)ش بۆ ئەم جۆرە ڕستانە بخەینەڕوو.

بە باوەڕی (فرێگە) ئەم ڕستەیە ئەو گریمانە پێشەکییەی تێدایە، کە ناوی تایبەتی (پادشای فەڕەنسا) دەگەڕێنێتەوە بۆ کەسێك ئەو کەسەش لە ڕاستیدا هەیە و واقیعییە، ئەگەر پادشای فەڕەنسا بۆ واقیع نەگەڕێتەوە، واتە ڕستەکە بەهای ڕاستی نەبێت، ئەوا ئەم کەموکوڕی و ناتەواوییە بۆ زمانی سروشتی دەگەڕێتەوە.

(ڕەسل) لە ڕوانگەیەکی ترەوە لەم مەسەلەیە دەڕوانێت و پێی وایە ئەم ڕستەیە نرخی ڕاستی هەیە و ڕاستییەکەشی بە ئاشکرا درۆیە، واتە ڕستەکە نە ڕاستە و نە درۆیە (شیوان، ١٣٨٤: ١١٢).

(ڕەسل) بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت ڕستەی (٧) ڕاست نییە، لە جیاتی ئەوەی بایەخ بە واتای بکەر (پادشای فەڕەنسا) بدات، بایەخ بە واتای گشتی ڕستەکە دەدات، واتە بە پێی بۆچوونی (ڕەسل) تەنیا بە بایەخ دان و لەبەرچاوگرتنی واتای گشتی ڕستە، دەتوانرێت وەسفێکی تەواو بکرێت.

هەروەها (ڕەسل) شێوەی ڕێزمانی ڕستەی لە شێوەی لۆجیکی جیاکردووەتەوە، بە بۆچوونی (ڕەسل) فرێزی (پادشای فەڕەنسا) دەبێتە بکەری ڕێزمانی ڕستەی (٧)، بەڵام نابێتە بکەری لۆجیکی ڕستەکە (Levinson, ١٩٨٣: ١٧١).

کەواتە بوونی پادشای فەڕەنسا ڕاست نییە، چونکە سیستەمی فەرمانڕەوایی لە فەڕەنسادا پادشایەتی نییە، تاوەکو پادشا فەرمانڕەوایی فەرەنسا بکات، ئەگەر فەڕەنسا پادشای نەبێت، ئەوا پادشاکە سەریشی نەڕووتاوەتەوە، ئەگەر ڕستەکەش نەفی بکەین:

**(٨) "پادشای فەڕەنسا سەری نەڕووتاوەتەوە".**

ئەم ڕستەیەش هەر ڕاست نییە، چونکە ئێستا لە فەڕەنسادا پادشا فەرمانڕەوایی ناکات، تاوەکو سەری نەڕووتابێتەوە، ئاشکرایە نەفی ڕستەی (٧) نامانخاتە ناو بنەمای ناکۆکبوونەوە، چونکە ڕستەی (٨) هەموو باسەکە نەفیناکات، بەڵکو تەنیا سیفەتی سەر ڕووتانەوەکەی نەفیدەکات (حسان، ٢٠٠٠: ١٨٦).

پوختەی تیۆرەکەی (ڕەسل) ئەوەیە: (ڕەسل) وەسفی ناوی تایبەتی بە بابەتێکی لۆجیکی ئالۆز لەقەڵەمداوە و ناوی تایبەتی و وەسفی ناوی تایبەتی لێك جیاکردووەتەوە. هەروەها (ڕەسل) پێی وایە ئەگەر لە کاتی وتنی ڕستەکە "پادشای فەڕەنسا سەری ڕووتاوەتەوە" فەڕەنسا پادشای هەبێت، ئەوا ڕستەکە ڕستەیەکی واتادار و بەسوودە، ئەگەر لە کاتی وتنی ڕستەکەشدا فەڕەنسا پادشای نەبێت ئەوا ڕستەکە نە ڕاستە و نە درۆیە.

**(ستراوسن)**[1]

(ستراوسن) ڕەخنەی لە تیۆری وەسفی (ڕەسل) گرتووە و بەوە تۆمەتباری کردووە، کە هەوڵی داوە گوتاری ئاسایی بە لۆجیکی وێنەییەوە ببەستێتەوە و ئالۆزی بکات.
(ستراوسن) ئەو بۆچوونەی (فرێگە)شی ڕەتکردووەتەوە، کە دەڵێت زمانی سروشتی بابەتێکی ناتەواو و پڕ لە کەموکوڕییە و بۆ ئەوە ناشێت لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێت، (ستراوسن) لەم بارەیەوە دەڵێت ئەگەر زمان کەموکوڕیشی تێدا بێت، دەکرێت لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێت (حسان، ٢٠٠٠: ١٨٨).

لە لایەکی ترەوە بۆچوونەکانی (ستراوسن) و (فرێگە) لە بارەی گریمانەی پێشەکییەوە زۆر لێك نزیکن، بە جۆرێك، کە (ستراوسن) هەمان چەمکی (فرێگە)ی لە شیکردنەوەکانیدا دووبارەکردووەتەوە، بە بۆچوونی(فرێگە) و (ستراوسن) بوونی ناوی تایبەت لە وەسفێکی دیاریکراودا پێشەکی گریمانە دەکرێت (Levinson, ١٩٨٣: ١٧٢). (ستراوسن) و (فرێگە) بەو ئەنجامە گەیشتوون، کە پەیوەندیی نێوان فرێزی ئاماژەیی (گەڕانەوە) و ئەو گوزارشتانەی کە لە سەر ڕاستگۆیی ئەو دەستەواژانە بونیادنراون، جۆرێکە

---

[1] پیتەر فرێدریك (ستراوسن) Peter Frederick Strawson: فەیلەسوفێکی بەریتانییە، لە ساڵی ١٩١٩دا لە ڕۆژهەڵاتی لەندەن لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٤٧دا لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دامەزراوە، لە ساڵانی ١٩٦٨ ـ ١٩٨٧ مامۆستای فەلسەفە بووە لە هەمان زانکۆ، لەبارەی فەلسەفە و زمان ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوەی بڵاوکردووەتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٦دا لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە.

له گریمانەی پێشەکی، نەك گرتنەوەی لۆجیکی، بەڵام ئەم ئەنجامە وەك یەکە لە ئەنجامی چەند پێشەکییەکی تەواو جیاوازەوە بەدەستهاتووە.

(فرێگە) لە ڕێگەی جیاکردنەوەی چەمك لە ڕاستی، ناو فرێزی ئاماژەیی بە گریمانەی پێشەکی دەگات. جیاکردنەوەی چەمك لە ڕاستی هەوڵێك بوو لە لایەن (فرێگە)وە ئەنجامدرا، لە ڕێگەی شیکردنەوەی لۆجیکی هەندێك فرێزی ناوی، کە چەمکی ناسراوییان تێدایە (شیوان، ١٣٨٤: ١١٦).

(ستراوسن) لە ساڵی ١٩٥٢دا وتارێکی بە ناونیشانی دەروازەیەك بۆ تیۆری لۆجیکی "Introduction to Logical Theory" بڵاوکردەوە و لە وتارەکەیدا گریمانەی پێشەکی لە گرتنەوەی لۆجیکی جیاکردووەتەوە و گریمانەی پێشەکی بەم شێوەیە پێناسە کردووە:

**(٩) "وتەی A گریمانەی پێشەکی B دەکات، ئەگەر هاتوو B مەرجی پێشوەختی ڕاستی و هەڵەیی وتەی A بێت".**

(ستراو سن) بە فر ێزی ناوی "پاد شای فەرەنسا" دە ستی بە شیکردنەوەکانی کردووە، کە پێ شتر (ڕە سل) لە شیکردنەوەکانیدا بەکاریهێنابوو، بەڵام لە شرۆڤەکردنی نموونەکەدا جیاوازی لە بۆچوونەکانیاندا بەدیدەکرێت، لەبەر ئەوەی بۆ چوونەکانی (ڕە سل) لە لۆجیکی کلاسیکییەوە سەرچاوەی دەگرت، بۆیە پێی وابوو هەر ڕستەیەکی وا تادار، یان دەبێت ڕاست بێت، یان دەبێت درۆ بێت، بەم پێ یەش ڕ ستەی "پاد شای فەرەنسا سەری ڕووتاوەتەوە"، یان دەبێت ڕاست بێت، یان دەبێت درۆ بێت، بە بۆ چوونی (ستراو سن) زۆر کێ شە و خاڵی نهێ نی هەن، لەوەوە سەر هە ڵدەدەن، کە ڕ ستە لە بەکارهێنانی ڕ ستە جیانەکراوەتەوە، ناکرێت بە ڕستە بڵێین ڕاستە، یان هەڵەیە، بەڵام دەتوانین ڕ ستەی هەواڵ دان Stetment بە ڕاست، یان هەڵە دابنێین (Levinson, ١٩٨٣: ١٧٢).

(ستراوسن) و ئەوانەی کە خاوەنی تیۆری گریمانەی پێشەکیی بوون، هەوڵیانداوە ئەوە بسەلمێنن، کە شرۆڤەکردن و دەستنیشانکردنی گریمانەی پێشەکی لە وەسفە دیاریکراوەکاندا پەیوەندیی بە بەکارهێنانی فرێزەکان و دەوروبەری گوتنەکەوە هەیە، (ستراوسن) لەم بارەیەوە دەڵێت قسەکەرانی زمانن، کە فرێزی ناوی وەکو "پادشای فەرەنسا" بۆ کەسێك دەگەڕێننەوە، نەك فرێزەکان خۆیان (شیوان، ١٣٨٤: ١١٥).

(ستراوسن) گرنگی بە بەکارهێنانی فرێز و ڕستەکان داوە و لەم بارەیەوە دەڵێت بڕیاردان لە سەر باسێك بابەتێکی زمانییە و بە پێی دەوروبەری گوتنەکە دەردەکەوێت، کە ئەو باسە ڕاستە، یان درۆیە، یان نە ڕاستە و نە درۆیە.

کەواتە لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەی کە لەلایەن (ستراوسن) و هاوبیرەکانیەوە درا، واز لەو لۆجیکە هێنرا، کە دوو بەهای بۆ ڕستە دیاری کردبوو ( بەهای ڕاستی و بەهای درۆیی). لۆجیکی سێ بەهایی (ڕاستی، درۆیی، نەڕاست و نەدرۆیی) شوێنی لۆجیکی دوو بەهایی گرتەوە.

کەواتە بە پێی ئەو لۆجیکە سێ بەهاییە ڕستەی "پادشای فەڕەنسا سەری ڕووتاوەتەوە"، نە ڕاستە و  نە درۆیە، چونکە فرێزی ناوی (پادشای فەڕەنسا) بۆ هیچ کەسێك ناگەڕێتەوە (حسان، ٢٠٠٠: ١٨٨).

(ستراوسن) دەڵێت: لە کاتی بەکارهێنانی فرێزێکی ناوی وەکو (پادشای فەڕەنسا) قسەکەر گریمانەی ئەوە دەکات، کە گوێگر دەتوانێت ئەو کەسە دیاری بکات، کە قسەی لەبارەوە دەکرێت، ئەگەر قسەکەر دڵنیاش نەبێت لە بوونی ئەو کەسە، ئەوا تەنیا گریمانەی دەکات، ئەگەر ئەو کەسەی کە گریمانە دەکرێت هەر بوونی نەبێت، ئەوا گریمانەکە سەرکەوتوو نابێت و ئەو کاتە  کەلێنێك لە بەهای ڕاستەقینەی ڕستەکە دەبێت و ڕستەکە نە ڕاست دەبێت و نە درۆ (بالمر، ١٩٨٥: ١٩٢).

(ستراوسن) پێی وایە کێشەکانی زمان بۆ زمان خۆی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئەو بۆچوونە (تەسەورە) هەڵانە دەگەڕێتەوە، کە لەبارەی ڕاستییەوە هەیە، چونکە دەستنیشانکردنی ڕاستی خۆی لە خۆیدا شتێکی ئاڵۆزە و لۆجیکی دوو بەهایی ناتوانێت چارەسەریان بکات (حسان، ٢٠٠٠: ٢٠٦).

(ستراوسن) ویستی لە بەرامبەر "تیۆری وەسفەکان"ی (ڕەسل) تیۆرێکی لۆجیکی وا بونیادبنێت، کە تایبەتییە پراگماتیکییەکانی گوتاری ئاسایی بەهەند هەڵبگرێت، ئەمەش بەوە دەبێت، کە پێویستی  لۆجیکی (اللزوم المنطقی) بۆ چەمکی گریمانەی پێشەکی بگۆڕدرێت.

(ستراوسن) ئەو ڕەخنەیەشی لە (ڕەسل) گرتووە، کە جیاوازی لە نێوان (فرێز) و (بەکارهێنانی فرێز) و (چۆنیەتی دەربڕینی فرێز )دا نەکردووە، فرێزی ناوی لە دەرەوەی بەکارهێنان و بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوروبەری گوتنەکەی، نە بۆ هیچ کەسێك دەگەڕێتەوە و نە ڕاست دەبێت و نە درۆ، بەخشینی واتایەکی دیاریکراو بۆفرێزێك، یان ڕستەیەك دەوەستێتە سەر ئەوەی کە چۆن ئەم فرێزە، یان ڕستەیە، بەکارهاتووە، بەکارهێنانی جیاوازی فرێزێك وا دەکات بۆ شتی جیاوازیش بگەڕێتەوە، واتە بەهای ڕاستی هەر دەربڕینێك بە پێی بەکارهێنانەکەی دەگۆڕێت (حسان، ٢٠٠٠: ٢٠٧).

بۆ باشتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە فرێزی ناوی (مەلیکی کوردستان) بە نموونە دەهێنینەوە:

**(١٠) مەلیکی کوردستان دانایە.**

ئەوەی کە گوێی لەم وتەیە بێت، یان بیخوێنێتەوە، ئەوە دەزانێت، کە وتەکە گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە کوردستان مەلیکی هەیە و مەلیکەکەشی دانایە، بەڵام ئایا ئەم وتەیە بەهای ڕاستی هەیە یان نا؟

بە پێی بۆچوونی (ستراوسن) ئەم ڕستەیە نە ڕاستە و نە درۆیە، چونکە لە ڕاستیدا ئێستا لە کوردستاندا مەلیك فەرمانڕەوایی ناکات، ئەگەر ڕستەی (١٠) بکەین بە پرسیار، ئەوا ڕاستی و دروستی ڕستەکە باشتر ڕووندەبێتەوە:

**(١١) ئایا مەلیکی کوردستان دانایە؟**

ناتوانین بە بەڵێ، یان بە نەخێر وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە. دەبێت ئەوەش بزانیت، کە هیچ ڕێگرییەك نییە لەوەی کە فرێزێکی ناوی وەکو مەلیکی کوردستان لە کاتی جیاواز و بە بەکارهێنانی جیاواز و لەلایەن کەسانی جیاوازەوە بەکاربێت، ئەمەش وا دەکات، کە دەستەواژەکە لە هەندێك بەکارهێناندا ڕاست بێت، وەکو ئەوەی کە ئەو کەسەی بەکاریدەهێنێت، دەیگەڕێنێتەوە بۆ کەسێکی دیاریکراو لە ساڵانی بیستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابوردوو.بۆ نموونە:

**(١٢) سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەمەلیکی کوردستان کاریگەرە.**

ئەم ڕستەیە گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەو مەلیکە کاریگەرە، کە لە ڕابوردوودا فەرمانڕەوایی کوردستانی کردووە.
فرێزی ناوی مەلیکی کوردستان لە هەندێك بەکارهێناندا ڕاست نابێت، چونکە ئێستا کوردستان مەلیکی نییە، هەروەکو لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت:

**(١٣) دوێنی مەلیکی کوردستان سەردانی شاری کەرکووکی کرد.**

هەرچەندە ڕستەی (١٣) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە کوردستان مەلیکی هەیە، بەڵام بە هۆی ئەو گرتنەوەیەی کە:

**(١٤) کوردستان مەلیکی نییە.**

گریمانەی پێشەکیی بوونی مەلیکی کوردستان هەڵدەوەشێتەوە و ئەو باسەی کە ڕستەکە لەخۆیگرتووە نا ڕاست دەردەچێت.
کاتێك کە قسەکەر گوزارشت لە فرێزێکی ناوی وەکو مەلیکی کوردستان دەکات مانای ئەوە نییە، کە بوونی بسەلمێنێت، لەوانەیە قسەکەر تەنیا گریمانەی بکات و پابەند نەبێت بە ڕاستی ئەو باسەی کە فرێزەکە لەخۆیدەگرێت.

(ڕەسل) لە ساڵی ١٩٦٧ دا، واتە دوای پەنجا ساڵ لە بڵاوکردنەوەی وتاری "دەربارەی گەڕانەوە"وتارێکی تری بە ناونیشانی "ڕوانگەی بەڕێز (ستراوسن) دەربارەی گەڕانەوە" بڵاوکردەوە و لە وتارەکەیدا وەڵامی بۆچوونەکانی (ستراوسن)ی داوەتەوە و جارێکی تریش جەختی لەسەر ئەو بنەما لۆجیکییە کلاسیکییە کردووەتەوە، کەوا هەر ڕستەیەکی واتادار، یان دەبێت ڕاست بێت، یان دەبێت درۆ بێت ( شیوان، ١٣٨٤: ١١٩).

## ٢ـ ٤ ـ گریمانەی پێشەکیی دەروونی:

(بەیتس) Bates باسی جۆرێکی تری لە گریمانەی پێشەکی کردووە، ئەویش گریمانەی پێشەکیی دەروونییە. بەپێی بۆچوونی دەروونی، لە کردەی لێکتێگەیشتندا قسەکەر و گویگر هەندیك ئامادەکاری دەروونی لەگەڵ یەکتریدا سازدەکەن، ئەم سازدانە دەروونییەش لە ڕێگەی گریمانەی پێشەکیی دەروونییەوە دەبێت.

گریمانەی پێشەکیی دەروونی " کردەیەکە بۆ بەکارهێنانی ڕستە بە مەبەستی قسە لەسەر کردنی هەندێك زانیاری کە گومانیان لێدەکرێت لە نێوان قسەکەر و گوێگردا بەشکراوبن" :

**(١٥) ا۔ گوتی کەس لەگەڵ خۆم ناهێنم.**

**ب ـ پێت گوت کەس لەگەڵ خۆی نەهێنێت.**

لە دەوروبەرێکی دەروونی ئاوادا: (ا) و(ب) هاوڕێی یەکترن و لەگەڵ هاوڕێیەکی تریان (پ) بۆنەیەکیان هەیە و بۆ ئەم بۆنەیە ئامادەکارییان کردووە و ڕێوشوێنی پێویستیان گرتووەتەبەر، هەردوو هاوڕێی (ا) و (ب) بە هاوڕێی سێیەمیان(پ) گوتووە کەس لەگەڵ خۆی نەهێنێت، لەپڕ هاورێی سێیەم(پ) لە دوورەوە دەردەکەوێت و کەسێکی تری لەگەڵ خۆیدا هێناوە، بۆیە ئەم گفتوگۆیەیان ئەنجامداوە، ئەو زانیارییەی کە لەڕێگەی ئاوازی ڕستەکەوە، گەیەنراوە( کەسی سێیەم، کەسێکی تری لەگەڵ خۆیدا هێناوە)، ئەو گریمانە پێشەکییە دەروونییە، کە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە، لە ڕێگەی ئاوازی ڕستەکەوە، دەگوازرێتەوە. هەروەها بەبێ ئاوازیش گریمانە پێشەکییەکە دەگوازرێتەوە، چونکە لە کاتی گۆڕینەوەی زانیارییەکاندا قسەکەر وایدادەنێت، کە کردەکە لە نێوان خۆی و گوێگردا هاوبەشە، ئەمەش وادەکات چەمکەکە پەیوەست بێت بە بارە دەروونییەکەوە، نەك بە فۆڕمە زمانییەکەوە( ئاڤێستا، ٢٠٠٦: ٩٨). بە ڕای ئێمە ئەم جۆرە گریمانە پێشەکییەی کە (بەیتس) باسیکردووە، هەر دەچێتەوە ناو گریمانەی پێشەکیی پراگماتیکییەوە، چونکە بۆ زانین و لێکدانەوەی ئەم جۆرە گریمانە پێشەکییانە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکەی تێدا ئەنجامدراوە.

## ٢ـ٥. تیۆرە سیمانتیکییەکانی گریمانەی پێشەکی:

لەبارەی گریمانەی پێشەکی دوو جۆر تیۆری سیمانتیکی لەبەر دەستی زمانەوانەکان دایە:

یەکێکیان مەرجی دروستی(ڕاستی)یە truth Conditional، ئەوی تریان گریمانەی ئەوە دەکات، کەوا هەموو پەیوەندییە واتاییەکان لەسنووری وەرگێڕانی ڕستەکاندا دەوەستێ، وەرگێڕان بۆ چەمکێکی ناوکی، یان سیما واتاییەکان.

دیاره هەردوو تیۆرەکە بۆ ئەوە بوون، کە تیۆرە سیمانتیکییەکانی گریمانەی پێشەکی لە فۆڕمدا شێوە بەند بکەن، هەردوو هەوڵەکە لە شوێنی خۆیاندا نەبوون و ئێمە یەکە یەکە مامەڵە لەگەڵ ئەم دوو تیۆرەدا دەکەین و دەیانخەینەڕوو:

**مەرجی ڕاستی:**

لەبەر ئەوەی گریمانەی پێشەکی سەرەتا لە ناو لۆجیکدا پەیدابووە، بۆیە لۆجیکناسەکان گریمانەی پێشەکییان بە شێوەیەکی تایبەتی گرتنەوە داناوە، بە واتای ئەوەی دەتوانێت لە چ ئەنجامێکی پەیوەندیی لۆجیکی دەربکەوێت، بە جۆرێك نەکەوێتە ژێر کاریگەریی نەریّ (نەفی)یەوە (Levinson, ١٩٨٣: ١٩٩).

بۆیە هەر لە ڕوانگەی لۆجیکییەوە پێناسەی گریمانەی پێشەکییان کردووە:

**(١٦) "ڕستەی A لە ڕووی واتاوە گریمانەی ڕستەی B دەکات، ئەگەر:**

**ا ـ لە هەموو بارێکدا، کە A ڕاست بێت، Bش ڕاستە.**

**ب ـ لە هەموو بارێکدا، کە A هەڵەبێت، B ڕاستە"،** (Levinson, ١٩٨٣: ١٧٥).

(ستراوسن) لە گفتوگۆ فەلسەفییەکانی خۆیدا باسی مەرجی ڕاستی لە گریمانەی پێشەکیدا کردووە، بە پێی بۆچوونی (ستراوسن) گریمانەی پێشەکی دەبێت بەهای ڕاستی هەبێت، بەڵام زۆر ڕستە هەیە گریمانەی پێشەکی لەخۆدەگرێت، کەچی گریمانە پێشەکییەکەیان ڕاست نییە، چونکە زۆر جار قسەکەر کە وتەیەك دەردەبڕێت لەوانەیە مەبەستی زانیاری گەیاندن نەبێت، بەڵکو بۆ مەبەستی هەڵخەڵەتاندن و چەواشەکردن، وتەکەی دەرببڕێت (Kraus, ٢٠٠١: ٤٨).

(ڕۆبەرت ستالنکەر) لە بارەی گریمانەی پێشەکی سیمانتیکی دواوە و بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی کردووە :

**(١٧)"باسی p گریمانەی پێشەکی q دەکات، بە مەرجێك q ڕاست بێت، بۆ ئەوەی p بەهای ڕاستی هەبێت"،**

بۆ ئەوەی بزانین، کە گریمانەی پێشەکی ڕستەیەك ڕاستە، یان نا، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکەی تێدا ئەنجامدراوە، بۆیە (ستالنکەر) یەکەم کەس بووە،

کە درکی بەم ڕاستییە کردووە و لە ساڵی ١٩٧٤دا وتارێکی بڵاوکردەوە و لە وتارەکەیدا دەڵێت بە بێ پەنابردن بۆ دەوروبەر ناتوانین بە شێوەیەکی دروست ڕستەیەك تەفسیربکەین و بەهای ڕاستی بزانین.(ستالنکەر) یەکەم کەسیش بووە، کە زاراوەی گریمانەی پێشەکیی پراگماتیکی بەکارهێناوە، واتە گریمانەی پێشەکی بە چەمکێکی پراگماتیکی داناوە (Davis, ١٩٩١ :٤٧٢).

دیارە ئەو بۆچوونەی (ستراوسن)، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا لە چەند ڕوویەکەوە هەڵەیە:

١- پێناسەکە (بۆچوونەکە) زیاتر پەیوەستە بە ڕستەوە، نەك بەو بەها ڕاستەقینەی کە ڕستەکە هەیەتی، کاتێك کە وەکو گریمانەی پێشەکیی لۆجیکی سەیری دەکات.

٢- لە کاتی لێکدانەوەی هەر وتەیەکدا نابێت ڕۆڵی قسەکەر و گوێگر پشتگوێ بخرێت.

٣- ناکرێت لە ژیانماندا تەنیا دەربارەی حاڵەتی ڕاستی بدوێین، چونکە ڕاستی تەنیا حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی ژیان و نابێت حاڵەتەکانی تریش پشتگوێ بخرێن ( Mey, ٢٠٠١: ١٨٤).

ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ ئەو هەوڵانەی کە دراون بۆ گونجاندنی تیۆرە سیمانتیکییەکانی گریمانەی پێشەکی لە سەر بنەمای چەمکی ناوکی، یان بنەمای سیمانتیکی سیماکان. هەندێك تایبەتمەندی لە تیۆرە سیمانتیکییەکاندا لە چاو مۆدەلە لۆجیکییەکان بە چاکی پێناسە نەکراون، ئەمەش وای لە (کاتز) Katz و (لانگدن) Langedeon کرد، کە جەخت لە سەر ئەوە بکەنەوە، کە گریمانەی پێشەکیی سیمانتیکی چەمکێکی تەواوی تێدایە بۆ جێبەجێکردن. کاتێك، کە لە قالبی شێوازی سیما سیمانتیکییەکان دەدرێت، بەڵام لە واقیعدا ئەوە دەرکەوتووە، کە ئەو پێشنیازە ساکارەی (کاتز) و (لانگدن) چارەسەری کێشەی جێکەوتە ناکات.

پێدانی شێوەیەکی سروشتی بە تیۆرە سیمانتیکییەکان دەرگای هەوڵێکی تری لە بەردەم (کاتز) و (لانگدن) دا کردەوە بۆ ئەوەی کەرەستەیەکی تر بەکاربهێنن، کە بۆ ئەم مەبەستە پێشنیازکراوە. بەم پێیە ئەستەمە ئەوە بسەلمێنرێت، کەوا هیچ ڕێگەیەك، یان هەوڵێك سەرکەوتن بەدەستبێنێت، هەروەها زەحمەت نییە ئەوەش نیشانبدرێت، کەوا هەندێك لەو هەوڵانەی کە ئامانجی ئاشکرای تیۆرە سیمانتیکییەکان دەپێکێت، لە شوێنی

خۆیاندا بەکارنەهێنراون. ئامانجی هەندێك لە تیۆرەکان ئەوەیە، کەوا زانیارییە واتاییەکانمان لەبارەی زمانی خۆمان لە زانیارییە دونیاییەکان دابپچڕێت، هەروەها بەشێکی کەمی پەیوەندیدار بە چەمکی ناوکی، کە پێویستە بۆ وەسفکردنی سیمانتیکی بە تەنیا و بە دابڕاوی بخاتەڕوو (Levinson, ١٩٨٣: ٢٠٤).

هەردوو تیۆرە سیمانتیکییەکەی گریمانەی پێشەکی ناتەواون و پێویستییان بە ڕێکخستنەوە هەیە، چونکە ناتوانن تایبەتییەکانی گریمانەی پێشەکی بخەنە ژێر دەسەڵاتەوە. گریمانەی پێشەکی دوو تایبەتی سەرەکی هەیە، کە بریتین لە:

١ـ توانای لادان defeasibility

٢ـ کێشەی جێکەوتە projection problem

خاڵی سەرەکی لە بارەی لادان ئەوەیە، کە گریمانەی پێشەکی هەموو کاتێك لە دەوروبەری زمانیدا نامینێتەوە، ئینجا ئەو دەوروبەرە، دەوروبەری زمانی ڕاستەوخۆ بێت، یان دەوروبەری گوتاری بێت، یان لە هەندێك لەو هەلومەرجانەی کە گریمانەی پێچەوانەی تێدا دەکرێت، دیارە ئەمەش پێچەوانەی سیمانتیکە، چونکە لە سیمانتیکدا واتا جێگیرە (Levinson, ١٩٨٣: ١٩٩).

گریمانەی پێشەکی لەو دەوروبەرە زمانییانەی خوارەوەدا نامێنێت و هەڵدەوەشێتەوە:

١ـ ئەو ڕستانەی کە کرداری (زانین)ی تێدایە و بکەرەکەی کەسی دووەم، یان سێیەمە، ئەوا تەواوکەرەکەی بەڕاست دادەنرێت و گریمانەی پێشەکی لەخۆدەگرێت:

**(١٨) دارا نازانێت، کە کاوە هاتووە (<< کاوە هاتووە).**

بەڵام لە هەندێك ڕستەدا، کە بکەرەکەی کەسی یەکەم بێت و کردارەکەش نەفی کرابێت، ئەوا گریمانە پێشەکییەکە سەرناگرێت :

**(١٩) من نازانم، کە کاوە هاتووە، یان نا.**

ڕستەی (١٩) گریمانەی پێشەکی ئەوە ناکات ،کە (کاوە) هاتووە ( Levinson, ١٩٨٣: ١٨٦).

٢ـ کاتێك کە وتەیەك دەردەبڕدرێت، هەندێك زانیاری دونیایی دەریدەخەن، کە گریمانە پێشەکییەکە نەگونجاوە :

**(٢٠) نەسرین بەر لە تەواوکردنی ماستەر نامەکەی گریا.**

**(٢١) نەسرین بەر لە تەواوکردنی ماستەر نامەکەی مرد.**

**(٢٢) نەسرین ماستەرنامەکەی تەواو کرد.**

ڕستەی (٢٠) گریمانەی پێشەکی (٢٢) دەکات، بەڵام ڕستەی (٢١) گریمانەی پێشەکی (٢٢) ناکات، چونکە ئەو گریمانە پێشەکییەی کە بۆ ڕستەی (٢٠) دەگەڕێتەوە، ناچێتە ناو زانیارییەکانی ڕستەی (٢١)، چونکە زانیاری دونیایی و ڕاستییەکانی ناو ڕستەی (٢١)، ناکۆکە لەگەڵ ئەوەی کە ڕستەی (٢٢) بە ڕاستی دادەنێت (Levinson, ١٩٨٣: ٢٠٤).

٣ـ ئەو ڕستە ئاڵۆزانەی کە (ئەگەر، دواتر، یان ئەمە یان ئەوە) بەشداری لە ڕۆنانیاندا دەکەن، هەندێك جار گریمانەی پێشەکی هەڵدەوەشێننەوە :

**(٢٣) ئەگەر دارا ژنی هەبێت، حەز لە گەشت و سەیران دەکات.**

ڕستەی (٢٣) گریمانەی پێشەکی ئەوە ناکات، کە دارا ژنی هەیە.

٤ـ کاتێك کە بەڵگەی ڕاستی پەیدا دەکەیت و لەگەڵ گریمانە پێشەکییەکە بەراوردی دەکەیت، گریمانە پێشەکییەکە هەڵدەوەشێتەوە و نامێنێت :

**(٢٤) پێش ئەوەی دارا پۆستی بەڕێوەبەری وەربگرێت، لیستی ناوی بەڕێوەبەرە گەندەڵەکان لە ڕۆژنامەدا بڵاوکرایەوە.**

ڕستەی (٢٤) گریمانەی پێشەکی ئەوە ناکات، کە دارا ناوی لە لیستی بەڕێوەبەرە گەندەڵەکاندا هەبێت .

٥ـ لە ڕستەی پرسیار و فەرماندا، گوێگر کە بەنەرێ وەڵامی قسەکەر دەداتەوە، دەتوانێت گریمانەی پێشەکی ڕستەکە هەڵبووەشێنێتەوە و پەیوەست نەبێت بە دەوروبەری گوتنەکە و نەچێتە ژێر باری ڕاستی و ناڕاستی ئەو گریمانە پێشەکییەی کە ڕستەکە لەخۆیدەگرێت:

**(٢٥) دارا : ئەو پارەیەی دزیوتە، بیهێنەوە .**

**نەسرین : من لە ماڵەوە بووم و ئێستا هاتوومەتە دەرەوە .**

(نەسرین) کە وەڵامی (دارا)ی داوەتەوە، گریمانەی پێشەکی ڕستەکەی هەڵوە شاندووەتەوە، کە (پارەی دزیوە) ، (ئاڤێستا، ٢٠٠٦: ١٢٠ ).

ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ کێشەی جێکەوتە ئەوا هەمان کێشە سەر هەڵدەداتەوە، کێشەی جێکەوتە ڕەفتاری گریمانەی پێشەکییە لە ڕستەی ئاڵۆزدا، هەڵهێنجانی گریمانەی پێشەکی لە ڕستەی سادەدا ئاسان و بێ کێشەیە، بەڵام لە ڕستەی ئاڵۆزدا بەم شێوەیە نییە.

بۆچوونی گشتی وایە، کاتێك کە ڕستەیەکی سادە دەبێتە بەشێك لە ڕستەیەکی ئاڵۆز، گریمانەی پێشەکی ڕستە سادەکە دەمێنێتەوە و دەبێتە بەشێك لە ڕستە ئاڵۆزەکە، ئەمەش دووبارەکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە، کە واتای تەواوی ڕستەیەك بریتی دەبێت لە کۆی واتای هەموو بەشەکانی ڕستەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار دەبینین، کە ڕستەیەکی سادە دەبێتە بەشێك لە ڕستەیەکی ئاڵۆز، واتای گریمانەی پێشەکی ڕستە سادەکە ناخزێتە ناو واتای ڕستە ئاڵۆزەکە و جێکەوتەی لەو دەوروبەرە زمانییەدا نابێت، ئەم کێشەیە پێی دەگوترێت کێشەی جێکەوتە (Yule, ٢٠٠٠: ٣٠). بۆ نموونە گریمانەی پێشەکی ڕستەی سادەی **(نەسرین کاری ڕۆژنامەوانی دەکات)** ئاشکرایە، بەڵام گریمانە پێشەکییەکەی ناخزێتە ناو ڕستەی ئاڵۆزی (٢٦):

**(٢٦) ئەگەر نەسرین منداڵیشی هەبێت، لە کارە ڕۆژنامەوانییەکەیدا پەشیمان نییە.**

**(٢٧) ئەگەر نەسرین کاری ڕۆژنامەوانی بکات، لەو کارە پەشیمان نییە.**

**(٢٨) نەسرین کاری ڕۆژنامەوانی دەکات.**

بە پێی تیۆری گریمانەی پێشەکیی سیمانتیکی ڕستەی (٢٦) و (٢٧) هەمان گریمانەی پێشەکییان دەبێت، کە (نەسرین کاری ڕۆژنامەوانی دەکات)، بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا ڕستەی (٢٦) گریمانەی پێشەکی (٢٨) دەکات، ڕستەی (٢٧) لە گریمانەی پێشەکی (٢٨) سەرکەوتوو نابێت . لە دەوروبەرێکی زمانی وەکو (٢٧)دا گریمانەی پێشەکی پەیوەندییەکی جێگیری نابێت، وەکو ئەوەی کە گریمانەی پێشەکیی سیمانتیکی داوای دەکات ( Levinson, ١٩٨٣: ٢٠٠).

هەروەها تێبینی ئەوەش دەکرێت، کەوا پشت گوێ خستنێکی ئاشکرای گریمانەی پێشەکی بکرێت، بێ ئەوەی ببێتە هۆی دروستکردنی هیچ ناوێزەیەك، هەروەکو لە ڕستەی (٢٩)دا دەردەکەوێت:

**(٢٩) دارا داوای لێبوردن بۆ بەشدارنەبوونەکەی ناکات، چونکە لە ڕاستیدا بەشداربووە.**

ئەم جۆرە نموونانە لە خزمەتی ئەو کێشانەدان، کە ڕووبەڕووی گریمانە پێشەکی زانەکان دەبێتەوە، بەوەی کە لە پێناسەی گریمانەی پێشەکیدا نەفی بەکاردەهێنن، بەڵام لەو حاڵەتەدا دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە بە درۆ بخرێتەوە ڕستەی (٢٩) لە ڕووی سیمانتیکییەوە گریمانەی پێشەکی (٣٠) دەکات، بەڵام بە هۆی سیفەتی ( چونکە) گریمانەی پێشەکی (٣٠) سەرکەوتوو نابێت :

**(٣٠) دارا بەشدارنەبووە.**

لە بەرامبەر ئەم جۆرە نموونانەدا یەك ڕێگەی دەرچوون بۆ گریمانە پێشەکی زانەکان هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە بڕیار لە سەر ئەوە بدرێت کەوا نەفی negation لێڵە لە نێوان ئەو جۆرەی کەوا گریمانەی پێشەکی تێدا پارێزراوە و ئەو جۆرەی کە گریمانەی پێشەکی و گرتنەوەی لۆجیکی پێ نەفیدەکرێت، ئەمە هەندێك جار پێی دەگوترێت نەفی ناوەکی، یان نەفی ڕستە.

هەرەسهێنانی بڕیاری لێڵی ئەوە دەگەیەنێت، کە گریمانە پێشەکی زانەکان هیچ حیسابێك بۆ ڕستەی (٢٩) ناکەن، یان ئەوەتە لە تیۆری سیمانتیکیدا گریمانەی هەڵە دەکەن، ڕستەی (٢٩) ڕستەیەکی ناوێزەیە و بۆ دژیەکی واتایی دەگەڕێتەوە ( Levinson, ٢٠١ :١٩٨٣).

(جۆرج یول) کێشەی جێکەوتەی بەم شێوە تەکنیکییەی خوارەوە خستۆتەڕوو: لە ڕستەیەکی سادەی وەکو **(دارا عادزبوو)** گریمانە پێشەکییەکەی ڕوون و ئاشکرایە، هەروەکو لە (٣١- پ)دا دەردەکەوێت، بەڵام گریمانە پێشەکییەکە ناخزێتە ناو پێکهاتە ئاڵۆزەکەوە (٣١- خ).بۆ ئەوەی باشتر لەشیکردنەوەکە بگەین، دەبێت بیر لە هەلومەرجێکی وابکەینەوە، کە کەسێك بڵێت :

**من تەسەورم کرد، دارا عادز بێت، هیچ کەسیش درکی بەوە نەکرد، کە عادزبوو:**

**(٣١) ا ـ هیچ کەس درکی بەوە نەکرد، کە دارا عادزبوو (= p).**

**ب ـ دارا عادزبوو (= q).**

**پ ـ p >> q.**

واتە ئەو قسەکەرەی کە ڕستەی (٣١ـ ا) دەردەبڕێت، گریمانەی (٣١ـ ب) دەکات.

**ت ـ تەسەورم کرد دارا عادزبوو (= r).**

**ج ـ دارا عادزنەبوو (= نەرێی q not).**

**چ ـ r >> نەرێی q.**

لەم خاڵەشدا ئەو قسەکەرەی کە (٣١ـ ت) دەردەبڕێت، گریمانەی (٣١ـ ج) دەکات، کە پێچەوانەی (٣١ـ ب) یە.

**ح ـ من تەسەورم کرد دارا عادز بێت، کەسیش درکی بەوە نەکرد، کە عادزبوو (= r و q).**

**خ ـ r و p >> نەرێی q.**

لێرەدا دوای پێکەوە گرێدانی r و p چیتر گریمانەی پێشەکی q بە ڕاست دانانرێت.

لە نموونەیەکی وەکو(٣١)دا دەتوانین شیکردنەوەیەکی تەکنیکی دروست بکەین، بەڵام زەحمەتە دەوروبەرێکی وا هەبێت، کە قسەکەر بەم شێوەیە بدوێت (Yule, ٢٠٠٠: ٣٠ – ٣١).

با بگەڕێینەوە بۆ لایەنێکی تری کێشەی جێکەوتە، ئەویش ئەوەیە، کە گریمانەی پێشەکی لە هەندێك دەوروبەری زمانیدا دەمێنێتەوە، کەچی گرتنەوەی لۆجیکی نامێنێتەوە. تێبینی دەکرێت، کە هەندێك دەوروبەر دەستەیەکی جۆراوجۆر لە مۆدەلەکان دەگرنەخۆ، وەکو ئەوەی کە لە (٣٢) دا خراوەتەڕوو، کاتێك کە دەبێتە شوێنکەوتەی مۆدەلێکی تری وەکو (٣٣) و بەردەوام دەبێت بۆ گریمانەکردنی (٣٤):

**(٣٢) نەسرین داوای لێبوردن دەکات، کە تووڕەبوو.**

**(٣٣) لەوانەیە نەسرین داوای لێبوردن بکات، کە تووڕەبوو.**

**(٣٤) نەسرین توڕە بوو.**

بۆ پاراستنی پەیوەندی گریمانەی پێشەکی نێوان (٣٣) و (٣٤)، پێویست دەکات، پێناسەی گریمانەی پێشەکی بەم شێوەیەی خوارەوە بگۆڕدرێت :

**(٣٥) "A گریمانەی واتایی B دەکات، ئەگەر:**

**ا ـ لەوانەیە A ئیلزامی B بکات/ لەوانەیە Aی، Bی بگرێتەوە.**

**ب ـ لەوانەیە A نەفی B بکات"،** (Levinson, ١٩٨٣: ٢٠٢).

کێشەی ئەم پێناسەیەش ئەوەیە، ئەوە سەلمێنراوە، کە هیچ کام لە سیستەمەکانی لۆجیکی ستاندەر ناتوانێت گونجانێکی وەکو پەیوەندیی واتایی بێنێتەدی، تەگەرە میکانیزمییەکان زۆر بەتوندی دژی ئەگەرەکانی پاراستنی هەر بیرۆکەیەکی (فیکرە) تێکچڕژانی لۆجیکی گریمانەی پێشەکیی سیمانتیکین. لە پاڵ ئەمەشدا ئەگەرەکان تاکە مۆدەلی کارای مانەوەی گریمانەی پێشەکین، لەم میانەدا مۆدەلێکی بچووك دیسانەوە ڕێگە بە مانەوەی گریمانەی پێشەکی دەدات، بە ڕێگەیەك کەوا تەواو گونجاوە لەگەڵ پەیوەندییەك، کە لە سەر گرتنەوەی لۆجیکی بونیادنراوە. جگە لەو مەرجە تایبەتییەی کە باسکرا، مانەوەی شوێنکەوتەی گریمانەی پێشەکی لە مەرجەکان و ناوبڕەکاندا، کەچی گرتنەوەی لۆجیکی ئەم سیفەتەی نییە. بۆ نموونە ڕستەی (٣٦)، ڕستەی (٣٧) دەگرێتەوە، هەروەها گریمانەی پێشەکی (٣٨) دەکات، بەڵام تەنیا (٣٨) وەکو بەشێك لە ناوبڕەکان دەمێنێتەوە، هەروەکو لە (٣٩) دا، دەردەکەوێت:

**(٣٦) مامی دارا سێ ژنی هەیە.**

**(٣٧) مامی دارا دوو ژنی هەیە.**

**(٣٨) دارا مامی هەیە.**

**(٣٩) مامی دارا یان سێ ژنی هەیە، یان سێ کارەکەری هەیە.**

تا ئێستا زۆر ڕوون نییە، کە چۆن دەتوانرێت گریمانەی پێشەکیی سیمانتیکی دەربخرێت، بۆ ئەوەی ڕێگە بە گریمانەی پێشەکی بدرێت، کە لە دەوروبەرێکی زمانی لێکدراودا بپارێزرێت، وەکو دوا کێشە تێبینی ئەوە دەکرێت، ئەگەر پێناسەی گریمانەی پێشەکیی سیمانتیکی ببێتە جێگرەوە (بەدیل) بۆ گونجان لەگەڵ هەموو ئەو دەوروبەرانەی

که گریمانەی پێشەکی تێدا مەزەندەدەکرێت، هەمان کێشە دێتە ئاراوە، که پەیوەندی بە لێڵی نەفیکردنەوە هەیە، که دووچاری پێناسەکان دەبێتەوە، لەپاڵ ئەمەشدا لە هەندێك دەوروبەردا ئەگەری ئەوە هەیە، کە پشتگوێ خستنێکی ئاشکرای گریمانەی پێشەکی بکرێت.

هەندێك کەس وای بۆ دەچن، کە لێڵییەك لە نێوان پاراستنی گریمانەی پێشەکی لە لایەك و لەناوبردنی گریمانەی پێشەکی لە بیرۆکە دابڕاوەکاندا هەیە ( Levinson, ١٩٨٣: ٢٠٣).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو شیکردنەوەی کە کرا، ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە تیۆرە سیمانتیکییەکانی گریمانەی پێشەکی توانای جێبەجێکردنیان نییە، چونکە سیمانتیك بەستراوەتەوە بە واتا جێگیر و نەگۆڕاوەکانی ناو ڕستە و دەربڕینەکانەوە، گریمانەی پێشەکی نە جێگیرە و نە بۆ هیچ واتایەکی ئاسایی دەگەڕێتەوە، کەواتە گریمانەی پێشەکی تایبەتە بە پراگماتیك، چونکە لە گریمانەی پێشەکیدا دەوروبەری جێگیرو سەربەخۆ و ڕووکاری واتایی جێگیر نییە (Levinson, ١٩٨٣: ٢٠٤).

### ٢-٥. تیۆرە پراگماتیکییەکانی گریمانەی پێشەکی:

لەبەر ئەو هۆکارانەی کە لە باسی تیۆرە سیمانتیکییەکانی گریمانەی پێشەکیدا خستمانەڕوو، تیۆرە سیمانتیکییەکانی گریمانەی پێشەکی پشتگوێ خران، لە شوێنی ئەواندا تیۆری پراگماتیکی خرانەڕوو. ئەم تیۆرانە بەرنامەداربوون و لە پێناسەکانیاندا لە پاڵ بەکارهێنانی زاراوەی جیا جیا، دوو چەمکی بنەڕەتییان بەکارهێناوە، کە بریتین لە:

**گونجان** Appropriateness و **زانیاریی هاوبەش** mutual knowledge

(یان **زەمینەی گشتی** Common ground )، (Levinson, ١٩٨٣: ٢٠٤).

لە ڕوانگەی گونجانەوە گریمانەی پێشەکی بەم شێوەیە پێناسە کراوە :

**(٤٠) "وتەی A لە ڕووی پراگماتیکییەوە گریمانەی پێشەکی باسی B دەکات،**

**تەنیا ئەگەر هاتوو A گونجاوبوو، B لە لایەن هەردوو هاوبەشەکەوە زانراوبوو"**

بۆچوونەکە دواتر ئەوە دەخاتەڕوو کەوا کۆتبەندی پراگماتیکی لە سەر بەکارهێنانی ڕستەکاندا هەیە و دەبێت ڕستەکان بە گونجاوی بەکاربێن، واتە دەبێت ئەو زانیارییەی کە

گریمانە پێشەکییەکە دەیبەخشێت، ڕاست بێت، ئەگەر ئەوە دەرکەوت ،کە زانیاریی گریمانە پێشەکییەکە  ڕاست نییە، ئەوا ئەنجامەکەی لەوە زیاتر نابێت، کە ڕستەیەکی نەشیاو بەرهەم هاتووە.

هەندێك لە زمانەوانان پێیان وایە، کە مەرجی زانیاریی هاوبەش لە مەرجی گونجان بەهێزترە، چونکە لە ڕاستیدا گریمانەی پێشەکی بریتییە لە زانیاری هاوبەش :

**(٤١) داوای لێبوردن دەکەم کەوا دواکەوتم، تایەی ئۆتۆمبێلەکەم پەنچەر بوو.**

**(٤٢) قسەکەر ئۆتۆمبێلی هەیە.**

هەندێك جار هەڵهێنجانی گریمانەی پێشەکی ئاڵۆزە، چونکە ئەوەی کە گریمانە دەکرێت لەگەڵ واقیعدا ناکۆکە، بۆ نموونە دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین، کە ڕستەی(٤٣) گونجاو نییە بۆ ئەوەی گریمانەی پێشەکی (٤٤) بکات، چونکە زانیاریی هاوبەش نییە ئەمە بسەلمێنێت :

**(٤٣) داوای لێبوردن دەکەم کەوا دوا دەکەوم، دەترسم ئۆتۆمبێلی ئاگر کوژێنەوەکەم بشکێت.**

**(٤٤) قسەکەر ئۆتۆمبێلی ئاگر کوژێنەوەی هەیە** (Levinson, ١٩٨٣: ٢٠٥).

پاش زەمینە( پاشخان) دیوەکەی تری گریمانەی پێشەکییە، کاتێك کە قسەکەر دەیەوێت پەیامێك بە بەرامبەرەکەی ڕابگەیەنێت، ئەو ڕاستییە دەزانێت، کە بەشێك لە زانیارییەکان لە لای گوێگر هەیە، بۆیە ئاماژەیان پێ ناکات، گوێگریش بە پشتبەستن بە زانیاری پێشووتری خۆی، زانیارییە نەگوتراوەکان لە دووتوێی وتەکەدا هەڵدەهێنجێت، ئەو توانایە پێی دەگوترێت پاش زەمینە (عەلی سولحجوو، ٢٠٠٥: ١٩).

پاش زەمینە بەستراوەتەوە بەو پێش گەلاڵەی کە پێشتر لە مێشکی مرۆڤدا هەبووە، لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گوتارە جۆربەجۆرەکاندا چالاك دەبێت، بە بێ پاش زەمینە ناتوانین هیچ وتەیەك لێکبدەینەوە، چونکە وتەکانمان لە ڕووی گەیاندنی زانیارییەوە ناتەواون و کەلێنی زۆریان تێدایە و پێویستە بە هۆی پاش زەمینەوە پڕیان بکەینەوە (عەلی سولحجوو، ٢٠٠٥ : ٢٠).

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، کە بۆچی نابێت هەموو دەربڕینەکانمان پڕاوپڕبن و بە شێوەیەکی ئاشکرا بخرێنەڕوو؟

مرۆڤ هەمیشە دەیەوێت لە قسەکردندا کورتبڕبێت و بە کەمترین ماوە و بە کەمترین وزە مەبەستەکانی خۆی بگەیەنێت، کورتبڕی یەکێکە لە تایبەتییەکانی زەینی مرۆڤ، بوونی گریمانەی پێشەکی لە زماندا پەیوەندی بە کورتبڕییەوە هەیە، چونکە بە کەرەستەی کەم واتا و چەمکی زۆر دەردەبڕدرێت (هۆگر، ۲۰۰۰: ۷).

گریمانە پێشەکییەکان کۆمەڵە زانیارییەکن، کە قسەکەر پێشەکی گریمانەی ئەوە دەکات، کە گوێگر دەیانزانێت و پێویستی پێیان نییە، بۆیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسیان ناکات، بەڵام گوێگر لە پەنای هەندێك زانیاری تری ناو ڕستەکەوە، گریمانە پێشەکییەکان ،یاخود زانیارییەکان دەدۆزێتەوە (بەکر، ۲۰۰۰: ۸۰). بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك:

**(٤٥) ئەگەر کورد چیای نەبووایە، لەمێژبوو لەناوچووبوو.**

زانیارییە ڕاگەیەنراوەکان زۆر کەمترن لە زانیارییە ڕانەگەیەنراوەکان، کەچی بە لای هەموومانەوە ڕستەکە، ڕستەیەکی پەسەندە و هیچ کەموکورییەکی تێدا نابینین، ئەمە پەیوەندیی بە گریمانەی پێشەکییەوە هەیە، چونکە قسەکەر بەشێك لە زانیارییە ڕانەگەیەنراوەکانی لە ڕێگەی گریمانەی پێشەکییەوە دەربڕیوە، بەشی یەکەمی ڕستەکە (پاڕستە) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە کورد چیای هەیە، بەشی دووەمی ڕستەکە (ڕستە سەرەکییەکە) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە کورد لەناونەچووە. جگە لەم دوو گریمانە پێشەکییە، ڕستەکە کۆمەڵێك زانیاریی تریشی تێدایە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەخراونەتەڕوو، وەك ئەوەی کە داگیرکەرانی کوردستان و دوژمنانی کورد ویستوویانە کورد لەناوببەن، کوردیش بۆ پارێزگاری لە خۆی، شۆڕشی بەرپارکردووە و پەنای بۆ چیاکان بردووە... هتد. ئەگەر قسەکەر بیویستایە ئەم هەموو زانیارییانە لە ناو ڕستەکەدا دەرببڕێت، ئەوا ڕستەکە زۆر درێژ دەبوو و بەم شێوەی لێ دەهات:

**(داگیرکەرانی کوردستان و دوژمنانی کورد هەمیشە هەوڵیان داوە کورد لە ناو ببەن و کوردستان داگیربکەن، کوردیش بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی و خاکەکەی شۆڕشی بەرپاکردووە و پەنای بۆ چیاکان بردووە، لە ئەنجامدا دوژمنانی کورد بەزیون ... هتد).**
دیارە بە لای زۆربەمان ئەم جۆرە پەیام گەیاندنە پەسەند نییە و هەست دەکەین درێژدادڕی تێدا کراوە (عەلی سولحجوو: ٢٠٠٥ : ١٦).

خاڵێکی گرنگ هەیە، دەبێت لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین، ئەویش ئەوەیە، کە گریمانەی پێشەکی پەیوەندی بە فۆڕمی سەرەوە (ڕووکەش)ی دەربڕینەکانی زمانەوە هەیە:

**(٤٦) دارا کتێبی نەداوە بە نەسرین.**

**(٤٧) ئەوە ئەو کتێبە نییە، کە دارا داویەتی بە نەسرین.**

**(٤٨) ئەوە دارا نەبوو، کە کتێبی دا به نەسرین.**

ئەم سێ ڕستەیە لە فۆڕمدا جیاوازن، ڕستەی (٤٦) گریمانەی پێشەکی لەخۆناگرێت، ڕستەی (٤٧) گریمانەی پێشەکی (٤٩) دەکات، ڕستەی (٤٨) گریمانەی پێشەکی (٥٠) دەکات :

**(٤٩) دارا کتێبی داوە بە نەسرین.**

**(٥٠) یەکێك کتێبی داوە بە نەسرین.**

لەم نموونانەی سەرەوە، ئەوە دەردەکەوێت، کەوا پەیوەندیی لە نێوان ڕێکخستنی سەرەوەی کەرەستەکان و گریمانەی پێشەکیدا هەیە (Levinson, ١٩٨٣: ٢٠٦).

لە سەرەتای ئەم باسەدا، خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ هەردوو چەمکی گونجان و زانیاریی هاوبەش کرا، لەو خوێندنەوەیەدا، ئەوە دەرکەوت، کە گریمانەی پێشەکی بەشێك نییە لەو واتایەی کە لە دەربڕینەکانماندا لە سەری ڕێککەوتووین، واتە گریمانەی پێشەکی بەشێك نییە لە واتای گەیەنراو، ئەمەش خزمەتی ئەوەمان دەکات، کەوا گریمانەی پێشەکی لە لێکەوتەی ئاخاوتەیی جیابکەینەوە، کە هەردووکیان تایبەتییەکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش توانای لادانە (Levinson, ١٩٨٣: ٢٠٦).

یەکێك لەو تیۆرانەی کە ئێمە لێرەدا باسی دەکەین، تیۆرێکە لە چوارچێوەی ڕێزمانەکەی مۆنتاگ Montague دا دەربڕاوە و (کارتونین) Karttunen و ( پیتەرس) Peters گەشەیانپێداوە. بە پێی ئەم ڕێزمانە ڕستە لە ڕێگەی کەرەستەکانیەوە لە قوڵاییەوە

(ژێرەوە) بۆ سەرەوە بونیاددەنرێت، لە بری ئەوەی لە سەرەوە بۆ ژێرەوە بونیادبنرێت، وەکو ئەوەی کە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا هاتووە.

لە هەندێك تیۆردا ناوەرۆکی سیمانتیکی ڕستە، شان بە شان و بە هاوکاری لەگەڵ سینتاکسدا بونیاددەنرێت، بەم جۆرە لە پرۆسەی نواندنی واتایی بەرهەمهاتووی ڕستەدا، قۆناغ بە قۆناغ و بە یەکسانی لە گەڵ ڕۆنانی سەرەوەی دەربڕین لە زمانە سروشتییەکاندا بونیاددەنرێت، بەم پێیە کردەی ڕستەسازی دەتوانێت، یان لەگەڵ نواندنی سیمانتیکی یەکبگرێت، یان لەگەڵ مەودای دەربڕین extension expression هەروەکو (کارتونین) و (پیتەرس) ناویاننناوە.

لێرەدا (کارتونین) و (پیتەرس) زیادەیەکی ساکاریان بۆ چوارچێوەی ڕێزمانەکەی مۆنتاگ زیادکرد، ئەویش دەستەیەك دەربڕینی واتاییە، کە بە هەمان ڕێگەی مەودای دەربڕین بەرهەمدێت.

(کارتونین) و (پیتەرس) بەو واتا دەربڕاوانەی کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی گریمانەی پێشەکییەوە دەڵێن دەربڕینی لێکەوتەیی (ضمني) implicature expresson.

زاراوەکەش بە ئاشکرا لەگەڵ گریمانەی پێشەکی هاوتا دەوەستێت بەو ئەنجامە پراگماتیکییەی کەوا (گرایس) جیای کردەوە، کە ڕێککەوتن conventional ناسرێتەوە و بەشێك نییە لە مەرجی ڕاستی لە تیۆرەکەی (کارتونین) و (پیتەرس)دا، گریمانەی پێشەکی لانادرێت، هەروەها (کارتونین) لە بارەی توانای لابردن و جێکەوتەدا باش بەرە و پێش ڕۆیشتووە، لە ڕاستیشدا یەکەم دۆزینەوەی ئەوە بووە ،کە گریمانەی پێشەکی لەکار ناخرێت (Levinson, ١٩٨٣: ٢٠٧).

بیرۆکەکە لەوەدایە، کەوا لەگەڵ دەرخستنی دەربڕینی لێکەوتەییدا، ناوەڕۆکی گریمانەی پێشەکی تێکەڵدەبێت لەگەڵ هەر کەرەستەیەکی بۆماوەی دەربڕینەکان heritage expression کە تاکە ئەرکیان بریتییە لە حوکمکردنی جێکەوتەی گریمانە پێشەکییەکان، کە لە دەربڕینێکی لێکەوتەییدا دەردەبڕدرێن.

بەم ڕێگەیە (کارتونین) ڕۆنانی ڕستەی ئاڵۆز بۆ دەمبەست plug و پاڵێوەر Filter و دەروازە holes پۆلدەکات. بۆ نموونە کە تەواوکەرێکی ڕستەی ئاڵۆز دەمبەست بێت، ئەوا

بۆ ماوەیەکی دەربڕینی دەبێت و دەتوانێت گریمانە پێشەکییەکە کۆتبەندبکات و نەهێڵێت سەربکەویت بۆ ئەوەی ببێتە گریمانەی پێشەکی هەموو ڕستەکە، بەم پێیە ڕستەی (٥١) گریمانەی پێشەکی (٥٢) ناکات، چونکە وشەی داواکاری لەگەڵ بۆ ماوەی دەربڕینێك کۆدەبێتەوە و کۆتبەندی دەکات:

**(٥١) داواکاری ولاَتان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر شتێکی ڕەوایە٠**

**(٥٢) تیرۆر بوونی هەیە ٠**

هەروەکو لەم نموونەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، لەوە ناچێت دەمبەست کەتیگۆرێکی بەسوود بێت، بەڵام ئەگەر ئەمە واشبێت، ئەوا ڕێگەیەکی پتەوتر هەیە بۆ بە سیستەم کردنیان، بە هەمان شێوە لەگەڵ پۆڵی فلتەرەکاندا. هەر بەستنەوەیەك کە بۆماوەی دەربڕینێك لەگەڵیدا یەکدەگرێتەوە، گریمانە پێشەکییەکە کۆتبەنددەکات، گریمانەی پێشەکی بچووکترین (نزمترین) کەرەستەی ڕستەیە لە حاڵەتی پاڵاوتندا.

یاسای پاڵاوتن لە (٥٣)دا دەخەینەڕوو:

**(٥٣) "لە ڕێککەوتنی لێکەوتەییدا، ئەگەر p دواتر q (هەروەها لەوانەیە p و q) ڕێکەوتنی لێکەوتەیی لە سەر p هەبێت بەیەکەوە لەگەڵ دەربڕینەکەدا، ئەگەر p دواتر ڕێکەوتنی لێکەوتەیی لەسەر q هەبێت"** (Levinson, ١٩٨٣: ٢٠٨).

لە بارێکی وەکو (٥٤)دا، لەو شوێنەی کە گریمانەی پێشەکی (٥٥)، ئەنجامەکە دەپاڵێوێت:

**(٥٤) ئەگەر دارا منداڵی هەبێت، دەبێت هەموو منداڵەکانی لێرە دووربن.**

**(٥٥) دارا منداڵی هەیە.**

لێرەدا گریمانە پێشەکییە گشتییەکە دەبێتە گریمانەی پێشەکی بۆ گەڕاوەکە antecedent (کە بوونی دارایە)، کۆی ئەو هەواڵەی کەوا (ئەگەر دارا منداڵی هەبێت، دواتر دەردەکەوێت ،کە دارا منداڵی هەیە) تاکو ئێرە هەواڵەکە بریتییە لە دووبارەکردنەوەی زیادەیەك، کە هیچ هێزێك بۆ ڕستەکە زیادناکات، واتە بەتاڵە و قسەکەر بە ڕوونی (٥٥) نەبەستراوەتەوە، تاوەکو فرێزی هەموو منداڵەکانی دارا گریمانەی پێشەکی (٥٥) بکات.

بۆ دەروازەش (کارتونین) و (پیتەرس) ئەوەیان دەرخستووە، کە بۆماوەی دەربڕینەکە ڕێگە بە دەربڕینی لێکەوتەیی دەدات بۆ ئەوەی وەکو ڕێککەوتنی لێکەوتەیی هەموو ڕستەکە دەربکەوێت ( Levinson, ١٩٨٣: ٢٠٨ ).

تیۆرەکەی (کارتونین) و (پیتەرس) تیۆرێکی ئاڵۆزە و کۆمەڵێك کێشەی جەوهەری ڕووبەڕووی تیۆرەکە دەبێتەوە، چونکە تیۆرەکە بە شێوەیەك دارێژراوە، کە چارەسەری کێشەی جێکەوتە لە ڕستەی ئاڵۆزدا بکات. دەتوانین بەو چارەسەرەی کە لە تیۆرەکەی (کارتونین) و (پیتەرس)دا هاتووە، بڵێین چارەسەری ئەندازەیی engineering Solutions، بۆ پەیبردن بە کێشەی جێکەوتە چارەسەری ئەندازەیی زیاتر بەرە و ئاڵۆزی دەچێت. دەکرێت ئەوە نیشان بدەین کەوا ئەم چارەسەرە پەی بە هەندێك لە بارە ئاڵۆزەکان نابات، بۆ نموونە کە یاسای فلتەرەکان هاوتا بێت لەگەڵ یاسای ناوبڕەکان، یاسای ناوبڕەکان بە نادروستی پێشبینی ئەوە دەکات ،کە (٥٦) گریمانەی پێشەکی (٥٧) بکات:

**(٥٦) لەوانەیە دارا منداڵی هەبێت، بەڵام لەوانەیە منداڵەکانی لێرە دوورین.**

**(٥٧) دارا منداڵی هەیە.**

ئەمە بۆیە ڕوودەدات، چونکە یاسای پاڵاوتن لە (٥٣)دا پێشبینی ئەوە دەکات، کە لە (٥٦) دا گریمانەی پێشەکی هەیە و ئەوانەی کە لە (٥٨)دان بەلایەنی کەم دەیانگرێتەوە :

**(٥٨) دارا بوونی دەبێت، ئەگەر ئەگەری ئەوە هەبوو، کە دارا منداڵی هەبێت.**

بەڵام دواتر بۆگەڕاوەی مەرجەکە لە (٥٨) بە (٥٦) ئیلزام دەکرێت (٥٦) دەچێتە پاڵ مەرجی گرتنەوە (ئیلزامیەت) ی (٥٧) بەمەش پێشبینیەکی نادروست دەکرێت، بەوەی کەوا (٥٦) گریمانەی پێشەکی (٥٧) ی دەبێت (Levinson, ١٩٨٣: ٢٠٩).

باری گونجان کە لەلایەن (لیبرمان)ەوە Liberman هێنرایە کایەوە، ئەوەی دەرخست کەوا دوو ڕستەی وەکو ئەمەی خوارەوە دەتوانن لە ژێر یاسای پاڵێوەر( فلتەر)ی ناوبڕەکاندا ڕەفتاری جیاواز بکەن، لە هەردوو ڕستەکەدا گریمانە پێشەکییەکە لە ڕستەی دووەمدا دەپاڵێورێت:

**(٥٩) لەوانەیە دارا منداڵی هەبێت، بەڵام لەوانەیە منداڵەکانی دوورین.**

**(٦٠) لەوانەیە دارا منداڵی نەبێت، بەڵام لەوانەشە منداڵەکانی دوورین.**

به خۆبەستنەوە بە نموونەیەکی وەکو (٥٨) تیۆری پالێوەرەکان هەڵە لە پێشبینیکردن دەکات، (٥٨) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات کەوا دارا منداڵی هەیە، بوونی ئەم گریمانە پێشەکییە بۆ فرێزی منداڵەکانی دارا دەگەڕێتەوە لە ڕستەی یەکەمدا، کە ئیلزامی گریمانە پێشەکییەکە دەکات و دەیپاڵێوێت، بە پێی یاسای پاڵاوتنی ئامرازەکان لە (٥٣) دا لە ڕستەی (٦٠)دا، ناکرێت گریمانەی پێشەکی ئەوە بکرێت، کە دارا منداڵی هەیە، بەڵام ناتوانین ئەمە وا لێکبدەینەوە، کە بە هۆی یاسای فلتەری ئامرازەکانە ( :Levinson, ١٩٨٣ ٢١١).

پێشنیازێکی تر هەیە، کە بۆ (گازدەر) Gazder دەگەڕێتەوە، مامەڵە لەگەڵ کێشەی جێکەوتەدا دەکات، بە پێی ئەم پێشنیازە گریمانەی پێشەکی بریتییە لە هەندێك ڕووکاری ئاماژە زمانییەکان، کە پەیوەست نین بە مەرجی ڕاستییەوە، هەروەکو لە تیۆرەکەی پێشتردا باسکرا، ئێمە ناتوانین بە تەنیا لە ڕێگەی نیشاندانی مەرجی ڕاستییەوە پێشبینی گریمانەی پێشەکی هیچ دەربڕینێکی زمانی بکەین، بەڵکو گریمانەی پێشەکی دەبێت بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بە ئاماژە زمانییەکان ببەسترێتەوە.

بە بەراوردکردن لەگەڵ تیۆرەکەی پێشتر، لە تیۆرەکەی(گازدەر)دا گریمانەی پێشەکی لادەدرێت، بە پێی ئەم تیۆرە هەموو ئەگەرەکانی گریمانەی پێشەکی ڕستەکان وەکو دەستەیەکی تەواو بەرهەمدێن، بەو جۆرە لەو قۆناغەدا گریمانەی پێشەکی ڕستەی ئاڵۆز دەبێتە کۆی گریمانەی پێشەکی هەموو بەشەکانی ڕستەکە، دواتر میکانیزمە لادراوەکە دێتە ناوەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵبگێرێت لە هەڵبژاردنی سەرئەنجامی بەشێك لە ئەگەرەکانی گریمانەی پێشەکی، کە دەبێتە گریمانەی پێشەکی واقیعی هەموو ڕستەکان لە دەوروبەرێکی تایبەتیدا. میکانیزمە لابراوەکان بەم ڕێگەیە کار دەکەن :

دەوروبەر هەندێك زانیاری دەدات بە دەستەوە، کە لەلایەن هاوبەشەکانەوە زانراوە، هاوبەشەکان هەندێك زانیاری قبوڵکراو بۆ گوتنەکە دێنن، کە بەشداربووان گفتوگۆدەکەن، زیادە دەخەنە سەر دەوروبەرە زمانییەکە، بە هۆی ئەو زانیارییە دەربڕاوانەی خۆیان و بە پەنابردنە بەر تیۆرەکەی (گازدەر) بۆ یەکلاییکردنەوە، ئەو زانیارییە زیادەیەی قسەکردن لە ڕیزکردنێکی دیاریکراودا دەردەکەوێت (Levinson, ١٩٨٣: ٢١٢).

سەرەتا ئەو گرتنەوە لۆجیکییانەی کە وتراون بۆ دەوروبەرەکە زیاددەکرێت، دواتر لێکەوتە ئاخاوتەییەکە و لە کۆتاییشدا گریمانە پێشەکییەکە، ڕیزبوونەکە لە (٦١)دا، دەخەینەڕوو:

**(٦١) ا ـ گرتنەوەی لۆجیکی گوتراوەکە.**

**ب ـ لێکەوتەی ئاخاوتەیی ڕستەکە.**

**پ ـ پلەی لێکەوتە ئاخاوتەییەکە.**

**ت ـ گریمانەی پێشەکی ڕستەکە.**

ڕیزکردنەکە گرنگە، چونکە کۆتبەندی یەکلاکەرەوە دەخرێتە سەر ئەو زانیارییە نوێیانەی کە بۆ دەوروبەرەکە زیاددەکرێت لە هەر پلەیەکدا، کە زانیاری زیاددەکرێت، دەبێت زانیارییەکە لە کاتی قسەکردنەکەدا گونجاوبێت :

**(٦٢) هەندێك لە ئاسایشەکان، ئەگەر هەموویان نەبن لە خۆپیشاندەرەکانیان دا.**

**(٦٣) هەندێك لە ئاسایشەکان لە خۆ پیشاندەرەکانیان دا.**

تەنیا ڕستەی (٦٣)،ڕستەی (٦٤) دەگرێتەوە، ئەمەش لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییەی کەوا (٦٢) ناوەڕۆکێکی زیادەی هەیە (دەگەڕێتەوە بۆ مەرجی تایبەت بە ڕستەی پێچەوانە). کە (٥٩) بۆ دەوروبەرەکە زیاددەکرێت، بەر لە ناوەڕۆکی (٦٤)، بەڵام (٦٤) لەگەڵ (٦٥)دا ناگونجێت، بەمەش کە دێین (٦٤) بۆ دەوروبەرە زمانییەکە زیاددەکەین، ناگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کەوا (٦٤) ئێستا زیادکراوە ناوەڕۆکی (٦٤) بەو هۆیەوە ڕەتدەکرێتەوە :

**(٦٤) قسەکەر دەزانێت، کەوا هەموو ئاسایشەکان لە خۆپیشاندەرەکانیان نەداوە.**

**(٦٥) لەگەڵ هەموو زانیارییەکانی قسەکەر یەکدەگرێتەوە، کەوا هەموو ئاسایشەکان لە خۆپیشاندەرەکانیان داوە.**

ئەگەر گرتنەوەیەکی بە هێزی وەکو (٦٦) هەبێت، دیسان (٦٥) کۆتبەنددەکات، کە بەم هۆیەوە ناکرێت بۆ دەوروبەرەکە زیادبکرێت.

**(٦٦) هەندێك لە ئاسایشەکان، لە ڕاستیدا هەموویان لە خۆپیشاندەرانیان دا** (Levinson, ١٩٨٣: ٢١٤).

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لابردنی گریمانەی پێشەکی، دەبینین هەمان میکانیزم کاردەکات، بەم پێیە (٦٧) لەوانەیە گریمانەی پێشەکی (٦٨) بکات، بەڵام ئەم گریمانە پێشەکییە بە هۆی ناوەڕۆکی ڕستەی مەرجەوە، لادراوە:

**(٦٧) ئەگەر فەیلەسوفێکی کورد هەبوو بێت، ئەو فەیلەسوفە زۆر نەژیاوە.**

**(٦٨) قسەکەر دەزانێت، کە فەیلەسوفێکی کورد هەیە.**

**(٦٩) لەگەڵ هەموو زانیارییەکانی قسەکەر یەکدەگرێتەوە، کەوا هیچ فەیلەسوفێکی کورد نییە.**

کە (٦٩) بۆ دەوروبەری زمانی پێشتر (٦٨) زیاددەکرێت، کۆتبەندیدەکات، چونکە لەگەڵیدا ناکۆکە. دیارە گرنگی ئەم سیفەتە، واتە تەگەرە خستنەبەر(عەرقەلەکردن) گریمانەی پێشەکی لەوە دایە، کە پاڵێوەر و مەرجەکان بەهەند هەڵدەگرێت. لە تیۆرەکەی (کارتونێن) و (پیتەرس)دا یاسای پاڵاوتن چارەسەری نەگونجاوی ڕستەکان دەکات.

بەڵام لە تیۆرەکەی (گازدەر)دا ڕیزبوونی کەرەستەکان لە پرۆسەی لابردندا بە نەگونجاو دادەنێت، هەروەها تیۆرەکەی (گازدەر) حاڵەتی گریمانەی پێشەکی ئاشکرا ڕەتدەکاتەوە، ڕستەیەکی وەکو (٧٠) ئیلزامی ڕستەی (٧١) دەکات، کە بۆ دەوروبەرە زمانییەکەی پێشتر زیاددەکرێت. بۆ ئەگەری گریمانە پێشەکییەکانی (٧٢) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەوەی دواتر لادەبرێت :

**(٧٠) دارا خەفەت بۆ دەرنەچوونی ناخوات، چونکە لە ڕاستیدا دەرچووە.**

**(٧١) دارا دەرچووە.**

**(٧٢) دارا دەرنەچووە** (Levinson, ١٩٨٣: ٢١٥).

پاش خستنەڕووی هەردوو تیۆرەکە ئەوە دەردەکەوێت، کە تیۆرەکەی (گازدەر) لە تیۆری (کارتونێن) و (پیتەرس) باشترە، چونکە هەندێك لە چارەسەرەکانی ڕاستن و دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ کێشەی جێکەوتەدا بکات، تیۆرەکەی (گازدەر) دەتوانێت ڕستە ئاڵۆزەکانیش دەستەبەربکات، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە تیۆرەکەی (گازدەر) چاکترین تیۆرە لەبارەی گریمانەی پێشەکییەوە، ئەگەر تیۆرێکی نوێ لەبارەی گریمانەی پێشەکی دابنرێت، نابێت بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ گریمانەی پێشەکی بکات (زاراوە بە زاراوە

، یان بابەت بە بابەت)، بەڵکو بە هۆی ناوەرۆکی سیمانتیکی گریمانەی پێشەکی و بنەما گشتییەکانی پراگماتیکەوە پێشبینی گریمانەی بکات (Levinson, ١٩٨٣: ٢١٦).
یەکێك لە تەگەرەکانی بەردەم هێنانە کایەی تیۆرێکی تەواو و بێ کەموکوڕی بۆ گریمانەی پێشەکی ئەوەیە، کەپێی دەڵێن واقیعی سیفەتگۆڕکێ، واتە تایبەتییەکانی گریمانەی پێشەکی بە بەردەوامی دەگۆڕێت.

بوونی پەیوەندی لە نێوان گریمانەی پێشەکی و گرتنەوەی لۆجیکی و لێکەوتەی ئاخاوتەیی، وای لە هەندێك زمانەوان و لۆجیکناس کردووە، کە گریمانەی پێشەکی کورتبکەنەوە بۆ گرتنەوەی لۆجیکی و لێکەوتەی ئاخاوتەیی، لەم نموونانەی خوارەوەدا ئەم پەیوەندییە دەردەکەوێت:

**(٧٣) ئەوە ئەو مۆبایلە بوو، کە دارا ونی کردبوو.**

**(٧٤) دارا شتێکی ون کردووە.**

ڕستەی (٧٣)، ڕستەی (٧٤) دەگرێتەوە، چونکە لە هەر شوێنەکی دونیا، ئەگەر یەکێك مۆبایلەکەی ون بکات، دەبێت ئەوەش ڕاست بێت، کە شتێکی ون کردبێت.

**(٧٥) ئەوە ئەو مۆبایلە نەبوو، کە دارا ونی کردبوو.**

ڕستەی (٧٥) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە دارا مۆبایلی ون کردووە ( Levinson, ١٩٨٣: ٢١٧).

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەو پێشنیاز و بۆچوونانە بکەین،کە گریمانەی پێشەکی کورتدەکەنەوە بۆ گرتنەوەی لۆجیکی و لێکەوتەی ئاخاوتەیی.
(سپیربەر) Sperber و (ویلسۆن) Wolson پێشنیازێکیان خستۆتەڕوو، بە پێی ئەو پێشنیازە دەکرێت نواندنی سیمانتیکی بە هەندێك ڕێگە دەوڵەمەند بکرێت و لەگەڵ هەندێك بنەمای پراگماتیکی کارلێکبکەن. بە بۆچوونی (سپێربەر) و (ویلسۆن) هەموو گرتنەوەیەك لە ڕستەدا هاونرخ و یەکسان نین، بەڵکو هەندێك نواندنی سیمانتیکی گونجاو وەکو زنجیرەیەك لە ڕیزبوونی گرتنەوەی لۆجیکی بەدیاردەکەون و بە سەر دوو بەشدا دابەشدەبن:
گرتنەوەی پاش زەمینە background و گرتنەوەی پێش زەمینە Foreground، گرتنەوەکان بە شێوەکی لۆجیکی ڕیزدەکرێت:

ئەگەر A ی، B بگرێتەوە و A لەڕیزکردنەکەدا پێش B بێت، ڕستەکە ژمارەیەك زنجیرەی گرتنەوەی لۆجیکی دەبێت، گرنگی زنجیرەی ڕیزبوونەکە و جیاوازی نێوان پێش زەمینە و پاش زەمینەی گرتنەوە لۆجیکییەکان بە هۆی فۆرمی ڕێزمانییەوە دیاردەخرێن (هێزیش دەگرێتەوە)، نەك بە هۆی ئیعتبارانتی لۆجیکی، بۆ نموونە (٧٦) بەهۆی هێزی توندەوە کە لەسەر وشەی نەسرین دانراوە، وەسفی تەرازوویەکی تیشکۆیی دەکات، یان ڕیزبەندی گرتنەوە لە (٧٧) دا:

**(٧٦) دارا نەسرینی مارەکردووە.**

**(٧٧) ا ـ دارا نەسرینی مارە کردووە (پێش زەمینە).**

**ب ـ دارا یەکێکی مارە کردووە (یەکەم پاش زەمینە).**

**پ ـ دارا هەندێك تایبەتی هەیە.**

**ت ـ هەندێك شت بریتییە لە حاڵەتەکە.**

دەکرێت کۆمەڵێك گرتنەوەی تر بە هۆی جێگرەوەیەکی تری وەك (کەسێك، شتێك) بۆ گۆڕاوەکانی ناو ڕستەکە بکرێت، لێرەدا یەکەم گۆڕین بۆ نەسرین کراوە، کە سەرباسە Focus. (٧٧ ـ ب) پاش زەمینەی گرتنەوەکەیە، هەموو گرتنەوەکان بە هۆی (٧٧ ـ ب) ەوە، ئەنجام دەدرێن و هەموو ڕیزکراوەکانی تر پاش زەمینەن، لێرەدا (٧٧ ـ ا) بەشێکە لە پێش زەمینە و بنەمای پراگماتیکی ساکار بێنین بۆ هەڵگرتنی پاش زەمینەی گرتنەوەکان، ڕستەکان وای دەردەخەن، کەوا لەو دەوروبەرەدا گونجاو نین، ئەوەی بە گونجاو دەردەکەوێت خاڵی گوتنی ڕستەکەیە و هەرچی زانیارییەك هەبێت بۆ پاش زەمینەکە زیاددەکرێت. بەم پێیە خاڵی وتنی (٧٦) جەخت لە سەر ئەوە دەکات، کە نەسرین مارەبڕی دارایە، لە دژی پاش زەمینەی دیاریکراو کەوا دارا یەکێکی مارەکردووە، لێرەدا دەکەوێتە ژێر گومانەوە، پاش زەمینەکە بەردەوام دەبێت و تەنیا پێش زەمینەکە دەکەوێتە گومانەوە.

گریمانە پێشەکییەکە تەنیا بریتی دەبێت لە پاش زەمینەی گرتنەوەکان، بۆ نموونە (٧٨) هەمان ڕۆنانی (٧٦)ی هەیە :

**(٧٨) ئەوە نەسرینە، کەوا دارا مارەی کردووە.**

ئەو ڕۆنانە سیمانتیکییە دیسانەوە بە هۆی ڕۆنانی ڕێزمانییەوە دەرکەتووە (تا ڕادەیەك بەهۆی هێزی توندەوە) بەمەش گریمانەی پێشەکی داواکراوی ڕستە ئالۆزەکان یەکەم پاش زەمینەی ساکاری گرتنەوەی لۆجیکییە، لێرەدا (٧٧- ب) بیرۆکەی دەوڵەمەندکردنی گریمانەی پێشەکی سیمانتیکییە و بنەماکانی پراگماتیك دەتوانێت لەگەڵیاندا کارلێك بکات. بەکارهێنانی گرتنەوەی لۆجیکی بەم ڕێگەیە، دووبارە هەمان کێشە سەر هەڵدەداتەوە، کە لەتیۆرەکانی تردا هەبوون (Levinson, ١٩٨٣: ٢١٩).

پێشنیازێکی تر هەیە، کە لەلایەن (ئەتلەس)ەوە پشتگیری لێکراوە، بەپێی ئەو پێشنیازە دەبێت لە هەڵهێنجانی پراگماتیکیدا ڕۆڵی فۆرمی لۆجیکی بەهەند وەربگیرێت (یان ڕۆنانی نواندنی سیمانتیکی بەجدیتر وەربگیرێت)، ئێمە ئەوە دەزانین، کە لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە بەرامبەر درێژەکاری فۆرمی لۆجیکی ڕستەکاندا هەستیارە، کە خاوەن هەمان مەرجی ڕاستین، یان مەرجی ڕاستییان لێکدەچێت و فۆڕمی لۆجیکییان جیاوازە، دەبێت ناوەرۆکییان بە تەواوی جیاوازبێت، ئێمە گرتنەوەی تایبەتی خۆمان لەسەر فۆرمی لۆجیکی بونیاد دەنێین :

ا ـ دەتوانێت واتایەکی پەی پێ بردراوی ڕۆنانی سیمانتیکی ڕستەکان دەربخات.

ب ـ دەتوانێت بە ڕوونی پێشبینی هەڵهێنجانی پراگماتیکی بکات، کە لە دەوروبەرە زمانییەکە بەرهەمدێت، لە نێوان ئەو ڕووکارانەی ڕۆنانەکە لە (ا)دا، لەوانەیە دەلالەت لەوە بکات ئەو ڕستەیە لەبارەی چییە؟ بۆ نموونە دەبێت ئەوە دەربکەوێت، کە ڕستەکە لەبارەی چییەوەیە، کە بە هۆی ڕۆنانی ڕێزمانییەوە پەی پێ دەبرێت، ئەمەش پەیوەندیی بە ڕۆنانی لۆجیکی ڕستەی سادەوە هەیە، ئەوەی ڕستەکەی لەبارەوەیە، لەگەڵ بکەری لۆجیکی ڕستەکە جووت دەبێت. بۆ نموونە لە ڕستەی:

**(٧٩) نەسرین خەوتووە.**

نەسرین بکەری لۆجیکییە. ئێستا هەوڵ دەدەین فۆرمی لۆجیکی بخەینە ژێر ڕکێفی ڕستەی ئالۆزەوە، بەمەش ڕستەکە لە بارەی چییەوە جووت دەبێت لەگەڵ بکەری لۆجیکی، ئەم جۆرە ئاراستەیە بەرە و فۆڕمی لۆجیکی تەواو ئالۆزمان دەبات، بۆ نموونە دەکرێت

گریمانەی فۆرمی لۆجیکی بۆ ڕستەی (٨٠) لە درێژەکاری زەمینەی پراگماتیکی و سیمانتیکی تاوتوێ بکرێت، بۆ ئەوەی ببێتە (٨١):

**(٨٠) ئەوە دارا بوو کە تەوقەی لە گەڵ نەسرین دا کرد.**

**(٨١) (χ ، نەسرین ) تەوقەی کرد χ ( γ (دارا =χ) χ λ**

گۆڕاو    گۆڕاو   کارا   گۆڕاو    بکەر

Lambda      Gamma

ئێمە لێرەدا دوو بەکارهێنانی دروستمان کردووە بۆ دوو ڕێگەی لۆجیکی ئالۆز: Lammda extraction کە بەکاردەهینرێت بۆ تایبەتمەندی ڕۆنانی ئالۆز، هەروەها group یان gamma operator کە بابەتێکی هاوبەش پێکدێنن (×) A × γ

گۆڕاو دەربڕاو گۆڕاو   بکەر

بەگروپی تاك دەخوێنرێتەوە x کەواتە تایبەتمەندی A هەیە، بەم پێیە (٨١) وەکو خوێندنەوەیەکی گشتی، گروپی A لەلایەن (نەسرین)ەوە تەوقەی لەگەڵدا کراوە، تایبەتمەندی ئەوەی هەیە، کەوا ئاماژە بە(دارا) دەکات، یان هێمایە بۆ (دارا)، بکەری لۆجیکی ئەوەیە، کە گروپی A لەلایەن (نەسرین)ەوە تەوقەی لەگەڵدا کراوە، هەروەها ئەوەی ڕستەکەی لەبارەوەیە، ئەوە چوونیەکە لەگەڵ ڕۆنانی سەرەوەی پاڕستەکە (کلۆزەکە)، (کە تەوقەی کرد) وەکو ئەوەی فۆڕمی لۆجیکی ئەوە دەگرێتەوە کە (نەسرین) تەوقەی لەگەڵ یەکێکدا کردووە، هەروەها (نەسرین) تەوقەی لەگەڵ (دارا)دا کردووە، بەڵام ئەمە هەمان مەرجی ڕاستی نییە، کە ڕستەکە ئەوە دەگەیەنێت کەوا(نەسرین) تەنیا تەوقەی لەگەڵ (دارا)دا کردووە، ئێمە لێرەدا بنەما گشتییەکانی پراگماتیك جێبەجێ دەکەین، ئەگەر ڕستەکە لەبارەی t یەوە بێت، هەروەها واقیعی t دەتوانێت وەکو شتێکی پێچەوانە بوو دەرکەوێت، هەروەها ئاماژە کردنێك بۆ دژەکەی هەیە، ڕستەی ئالۆزی (٨٠) لەبارەی بکەری لۆجیکی (٨١) ە، ئەوە لە لایەن (نەسرین)ەوە تەوقەیان لەگەڵدا کراوە، ئەم بکەرە لۆجیکییە بەرپرسە لە گرتنەوەی (نەسرین) تەوقەی لەگەڵ یەکێکدا کردووە.

لێرەدا ئامانجی ئەو پێشنیازە، دەوڵەمەند کردنی هەردوو نواندنی سیمانتیکی و بنەمای پراگماتیکییە بەو ڕێگەیە، کە هەردووکیان بە شێوازێکی زۆر جەوهەری کارلێکبکەن، ئەو کارلێککردنەش بە شێوەیەکی سیستەماتیکی بەرپرس دەبێت لە ئاماژەکردنێکی ڕووندا، کە پێی دەڵێن گریمانەی پێشەکی.

**هەروەها**(گرایس)یش لەبارەی گریمانەی پێشەکی بۆچوونی تایبەتی هەیە، (گرایس) لە ساڵی ١٩٨١دا وتارێکی بە ناونیشانی "گریمانەی پێشەکی و لێکەوتەی ئاخاوتەیی" بڵاوکردووەتەوە و لە وتارەکەیدا ئاماژەی بەوەداوە، کە گریمانەی پێشەکیی بوون و لێکەوتەی ئاخاوتەیی لێکدەچن.

بە بۆچوونی (گرایس) ڕستەیەکی وەك:

**(٨٢) پادشای فەڕەنسا سەری ڕووتاوەتەوە.**

ڕستەی ( **فەڕەنسا پادشای هەیە** ) دەگرێتەوە،(گرایس) ئاماژەی بەوەش داوە، کە گریمانەی پێشەکیی بوون (پادشای فەڕەنسا) بەشێکە لەو واتایە نەرێتییەی کە لە ڕستەی (٨١) و شێوە نەرێیەکەیدا هەیە :

**(٨٣) پادشای فەڕەنسا سەری نەڕووتاوەتەوە.**

بە بۆچوونی (گرایس )ئەم ڕستەیە، ڕستەیەکی لێڵە و زۆر ڕوون نییە، کە ئایا گریمانەی پێشەکی تێدایە، یان نا (Laurence and Gregory, ٢٠٠٦: ٣٦). (گرایس) پێی وایە، کە ڕستەی (٨٣) هەمان تایبەتی لێکەوتەی ئاخاوتەیی هەیە، کە بریتیین لە:

١ـ توانای هەڵوەشاندنەوە (لادان)ی هەیە.

٢ـ توانای لێکنەترازانی هەیە.

٣ـ توانای حیسابکردنی هەیە، واتە دەتوانرێت بە هۆی بەڵگەیەکەوە پاساوبدرێت، ئەمەش مانای وایە:

ا ـ قسەکەر دەتوانێت جەخت لە سەر وتەیەك بکات و گریمانە پێشەکییەکەشی ڕەتبکاتەوە، بێ ئەوەی هیچ ناڕێکییەك دروستببێت.

ب ـ دەربڕینی هاو واتا لەگەڵ دەربڕینەکە هەمان گریمانەی پێشەکی دەبێت، بەڵام دەبێت لە شێوازدا زۆر جیاوازنەبێت (Laurence and Gregory, ٢٠٠٦: ٣٨).

دیاره مەبەستی (گرایس) لە هێنانەوەی ئەو سێ مەرجە (تایبەتییە)ی پێشوو، کە پێوەری ستاندەرن بۆ لێکەوتەی ئاخاوتەیی بۆ ئەوە بووە، کە پاساو بۆ بۆچوونەکەی بهێنێتەوە و بڵێت گریمانەی پێشەکی جۆرێکە لە جۆرەکانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی (Krause, ٢٠٠١: ٤٨). بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین، کە هەرچەندە گریمانەی پێشەکی و لێکەوتەی ئاخاوتەیی تایبەتی هاوبەشیان هەیە، بە تایبەتی توانای لادان و لێکنەترازان، بەڵام جیاوازیش لە نێوانیاندا هەیە، بۆیە ناکرێت گریمانەی پێشەکی بە جۆرێك لە لێکەوتەی ئاخاوتەیی دابنرێت.جیاوازی گریمانەی پێشەکی و لێکەوتەی ئاخاوتەیی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

١ـ گریمانەی پێشەکی پەیوەستە بەو واتایەی کە لە سەری ڕێککەوتووین (واتای تەقلیدی)، کەچی لێکەوتەی ئاخاوتەیی پەیوەستە بە واتای گەیەنراوەوە (Levinson, ١٩٨٣: ٢٠٦).

٢ـ گریمانەی پێشەکی پەیوەستە بە فۆڕمی سەرەوەی دەربڕینی زمان، بەڵام لێکەوتەی ئاخاوتەیی پەیوەستە بە واتای گوتن.

٣ـ لە لێکەوتەی ئاخاوتەییدا واتا و مەبەست شاراوەیە و قسەکەر بە پشتبەستن بە بنەمای هاریکاری ئەم واتایە شاراوەیە هەڵدەهێنجێت، ئەگەر هاتوو واتا هەڵهێنجراوەکە بۆ هاوبەشەکان ئاشکرابوو، ئەوا ئەو واتا هەڵهێنجراوە دەچێتە ناو چوارچێوەی گریمانەی پێشەکییەوە (شاهر، ٢٠٠١: ١٦٨).

٤ـ گریمانەی پێشەکی لە سەر بنچینەی تێگەیشتنی بە کۆمەڵ بونیاددەنرێت، بەڵام لێکەوتەی ئاخاوتەیی زیاتر کاری تاکە کەسییە.

٥ـ بۆ بەدەستهێنانی گریمانەی پێشەکی ناتوانرێت سوود لە لێکەوتەی ئاخاوتەیی وەربگیرێت، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی دەتوانرێت وەکو هۆکارێك سوود لە گریمانەی پێشەکی وەربگیرێت (Mey, ٢٠٠١: ٢٢٣).

بە کورتی بەرنامەی پەیڕەوکەرانی کورتکردنەوەی گریمانەی پێشەکی بۆ گرتنەوەی لۆجیکی و لێکەوتەی ئاخاوتەیی وازی لێ دەهێنرێت، چونکە لێرەشدا کۆمەڵێك کێشە دەمێنێتەوە و چارەسەرناکرێت.

پاش ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە تیۆرو پێشنیاز و پێناسە لەبارەی گریمانەی پێشەکییەوە خرانەڕوو، بەم پێناسەیەی خوارەوە کۆتایی بەم باسە دێنین، کە بۆ گریمانەی پێشەکی کراوە، بە لای ئێمەوە پێناسەیەکی لە بار و گونجاوە و بە شێوەیەکی تەکنیکی و ئاسان هەنگاوەکانی هەڵهێنجانی گریمانەی پێشەکی خراوەتە ڕوو:

**گریمانەی پێشەکی بریتییە لە پەیوەندیی نێوان دوو باس propositions، ئەگەر بڵێین ڕستەی (٨٤ـ ا) باسی p لەخۆدەگرێت، هەروەها ڕستەی (٨٤ـ ب) باسی q لەخۆدەگرێت، ئەوکاتە دەتوانین پەیوەندییەکە بەهۆی هێمای ( >> )، کە واتای گریمانەی پێشەکی دەگەیەنێت لە (٨٤ ـ پ)دا بەم شێوەیە نیشان بدەین :**

**(٨٤) ا ـ کچەکەی دارا یەکەم بووە (= p).**

**ب ـ دارا کچێکی هەیە (= q).**

**پ ـ p >> q.**

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، کاتێك کە ڕستەی (٨٤ ـ ا) نەفیدەکەین (نەرێی **p**) هەروەکو لە ڕستەی (٨٥ ـ ا) دا دیارە، دەبینین پەیوەندیی گریمانە پێشەکییەکە ناگۆڕێت، واتە هەمان باسی **q** ی ڕستەی (٨٤) لە (٨٥ ـ پ)دا نیشان دراوەتەوە :

**(٨٥) ا ـ کچەکەی دارا یەکەم نەبووە (= نەرێی p).**

**ب ـ دارا کچێکی هەیە (= q).**

**پ ـ p >> q** ( Yule , ٢٠٠٠ : ٢٦ ).

کەواتە یەکێك لە تایبەتییە سەرەکییەکانی گریمانەی پێشەکی ئەوەیە، کە گریمانەی پێشەکی لە ژێر ناکردن (نەفیکردن)دا جێگیرە و ناگۆڕێت، واتە گریمانەی پێشەکی هەر وتەیەکی ئەرێ کە دەکرێتە نەرێ بەجێگیری دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت.

## بەشی سێیەم
## جۆرەکانی گریمانەی پێشەکی

**٣-١. سەرەتا:**

کاتێك کە لە چۆنیەتی دەربڕینی گریمانەکانی قسەکەر دەکۆڵینەوە، دەبینین گریمانەکانی قسەکەر پەیوەستن بە ژمارەیەکی زۆر لە دانەی فەرهەنگی و فرێز و پێکهاتەی جیاجیاوە، زمانەوانێکی وەکو (کارتونن) سی و یەك جۆری لە گریمانەی پێشەکی دیاریکردووە ( Levinson, ١٩٨٣: ١٨١ ).

ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە تەنیا باس لەو شێوە زمانییانە دەکات، کە گریمانەی پێشەکیی کاریگەر(متبوو) potential presupposition دەبەخشن، ئەم گریمانە پێشەکییە کاریگەرانەش تەنیا لە دەوروبەری گوتندا دەبنە گریمانەی پێشەکیی ڕاستەقینە. گریمانە پێشەکییە کاریگەرەکان لە شەش جۆری سەرەکیدا کۆدەکەینەوە، کە بریتیین لە :

**١- گریمانەی پێشەکیی بوون** existential presupposition

**٢- گریمانەی پێشەکیی ڕاستەقینە** Factive presupposition

**٣- گریمانەی پێشەکی ناڕاستەقینە** non-Factive presupposition

**٤- گریمانەی پێشەکیی دژە واقیع** Counter Factual presupposition

**٥- گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی (لێکسیکی)** Lexical presupposition

**٦- گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی** Structural presupposition

Yule, ٢٠٠٠: ٣٠ )

(

له بەشی دووەمی ئەم نامەیەدا، ئەو بۆچوون و تیۆرانە خرانەڕوو، کە لەبارەی گریمانەی پێشەکیی سیمانتیکی و گریمانەی پێشەکیی پراگماتیکی هەن، لە خستنەڕووی تیۆرەکاندا ئەوە دەرکەوت، کە گریمانەی پێشەکیی سیمانتیکی پشت بە مەرجی ڕاستی دەبەستێت، واتە دەبێت گریمانە پێشەکییەکە ڕاست بێت، بەڵام گریمانەی پێشەکیی پراگماتیکی پشت بە دەوروبەر دەبەستێت، واتە بۆ هەڵهێنجانی گریمانەی پێشەکیی پراگماتیکی و زانینی مەبەستی قسەکەر دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکەی تێدا ئەنجامدراوە.بۆنموونە لە دەوروبەرێکی ئاوادا: (دارا) گوێی لە دەنگی دەستڕێژی تەقە دەبێت و لە (کاوە) دەپرسێت:

**(١) دارا: ئەوە چی بووە، بۆچی وا ڕەنگت زەردهەڵگەڕاوە؟**

**کاوە: قڵیشایەوە.**

وەڵامی (کاوە) ئەو گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت، کە شتێکی خراپی وەك: خۆپیشاندان، شەر...هتد.ڕویداوە، دیارە بە بێ پەنابردن بۆ دەوروبەر نازانین مەبەستی (کاوە) چییە؟(ئاڤێستا، ٢٠٠٦: ١٠٣).دەشێت ڕستەیەك، کە گریمانەی پێشەکیی سیمانتیکی دەبەخشێت، لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، هەڵگری واتایەکی کۆمەڵایەتی بێت و لێکدانەوەیەکی دیکەی بۆ بکرێت. هەندێك توێژەر هەوڵییان داوە گریمانەی پێشەکیی سیمانتیکی و گریمانەی پێشەکیی پراگماتیکی لێکجیابکەنەوە، بۆ نموونە (تریفە عومەر) لە نامەی ماجستێرەکەیدا، گریمانەی پێشەکیی بوون و گریمانەی پێشەکیی ڕاستەقینە و گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی و گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی بە گریمانەی پێشەکیی پراگماتیکی داناوە، هەروەها گریمانەی پێشەکیی ناڕاستەقینە و گریمانەی پێشەکیی دژەواقیعی بە گریمانەی پێشەکیی پراگماتیکی داناوە. بە ڕای ئێمە ئەم جیاکردنەوەیە، زۆر تەواو نییە، چونکە دەوروبەری گوتن پێمان دەڵێت کامە گریمانە، گریمانەی پێشەکیی پراگماتیکییە؟

## ٣ـ٢. گریمانەی پێشەکیی بوون:

هەبوون لە زماندا بەستراوەتەوە بە گریمانەی پێشەکیی بوون (وجود)، بەشێوەیەکی گشتی گریمانەی پێشەکیی بوون لە زۆربەی فرێزە ناوییەکاندا هەیە، لەم جۆرە گریمانە

پێشەکیەدا قسەکەر بە هۆی ئەو فرێزە ناویانەی کە بەکاریاندەهێنێت پابەندبوونی خۆی بە بوونی ئەو شتانەی کە ناویان دێنێت، دووپات دەکاتەوە (Yule, ٢٠٠٠: ٢٧).بۆ نموونە :

**(٢) سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاسای باری کەسیەتی پەسەند کرد.**

لەم ڕستەیەدا فرێزی ناویی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە هەرێمێك هەیە بە ناوی هەرێمی کوردستان و ئەو هەرێمە سەرۆکی خۆی هەیە.

**(٣) دارام لە گەڵ هاوسەرەکەی دیت.**

لەم ڕستەیەدا فرێزی ناوی هاوسەرەکەی گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە دارا ژنی هێناوە و ژنەکەی لە ژیاندا ماوە.

**(٤) تایەی ئۆتۆمبێلەکەم پەنچەربوو.**

فرێزی ناوی تایەی ئۆتۆمبێلەکەم گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر ئۆتۆمبێلی هەیە و ئۆتۆمبێلیش تایەی هەیە.

ئاماژە reference پەیوەستە بە گریمانەی پێشەکیی بوون، کاتێك کە ناوێك، یان فرێزێك لە بەکارهێناندا ئاماژە بە شتێك دەکات لە دەرەوەی زمان، واتە ئەو شتە بوونی هەیە، بۆیە دەکرێت بوونی بەرجەستەیی شتێك بکەین بە بنچینەیەك بۆ پێناسەی ئاماژەکردنی ناوێك، بەڵام زۆر جار دەبینین هەندێك ناوی وەك (دێو، عفریت...هتد). ئاماژە بە شتێك دەکەن لە دەرەوەی زمان و گریمانەی پێشەکیی بوون لەخۆدەگرن، کەچی لە ڕاستیشدا بوونیان نییە و گریمانە پێشەکییەکەیان هەڵدەوەشێتەوە.

بەڵام نابێت لە ڕووی لۆجیکییەوە پابەندی ئەو بیرۆکەیە بین، کە دەڵێت ناو و دەستەواژەکانی زمان دەبێت بۆ کەسێك، یان شتێك لە دەرەوەی زمان بگەڕێتەوە، چونکە مەرج نییە ئەو ناو و دەستەواژانەی کە بەکاریاندەهێنین لە ڕاستیدا لە دەرەوەی زمان هەبن (جون لاینز، ١٩٨٠: ٤٤ – ٤٥).

زۆر فرێزی ناوی هەیە، هەرچەندە گریمانەی پێشەکی دەبەخشن، بەڵام لەبەر ئەوەی گریمانەی پێشەکییەکەیان ڕاست نییە، یان نەگونجاوە، بۆیە لە ڕێگەی گرتنەوەوە، گریمانە پێشەکییەکەیان هەڵدەوەشێتەوە. وەك :

**(٥) من لە بەندەری هەولێر کاردەکەم.**

فرێزی ناویی بەندەری هەولێر گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە هەولێر لەسەر دەریایە و بەندەری هەیە، بەڵام بە هۆی گرتنەوەی:

**(٦) هەولێر بەندەری نییە.**

گریمانەی پێشەکی بەندەری هەولێر هەڵدەوەشێتەوە، چونکە گرتنەوە لە گریمانەی پێشەکیی بەهێزترە (Yule, ٢٠٠٠: ٣٢).

**(٧) قاوەی کوردستان بەناوبانگە.**

فرێزی ناوی قاوەی کوردستان گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە کوردستان قاوەی هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی لە کوردستاندا قاوە نییە، گریمانە پێشەکییەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

بۆ تێگەیشتن لە گریمانەی پێشەکی، دەورووبەر دەبێتە دیارخەر و بەپێی ڕاستی و ناڕاستی ئەو زانیارییەی کە گریمانە پێشەکییەکە دەیگەیەنێت، چەند جۆرێك لە گریمانەی پێشەکی جیاکراونەتەوە:

١ـ قسەکەر بە تەواوەتی باوەڕی بە ڕاستی و ناڕاستی گریمانە پێشەکییەکە هەیە، واتە قسەکەر گریمانەی پێشەکی هەیە.

٢ـ گوێگر بە تەواوەتی باوەڕی بە ڕاستی و نا ڕاستی گریمانە پێشەکییەکە هەیە، واتە گوێگر گریمانەی پێشەکی هەیە (ئاڤێستا، ٢٠٠٦: ١٢١).

لەبەر ئەوەی گریمانەی پێشەکی پەیوەستە بە زانیاریی هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگر، بۆیە هەردوو نووسەکی ناسراوی (ەکە) و نە ناسراوی (ێك)، جگە لەوەی کە لێکەوتەیان لێدەکەوێتەوە، گریمانەی پێشەکیش دەبەخشن، چونکە هەردوو نووسەکەکە بەشێك لە زانیاری دەگەیەنن . بۆ نموونە :

**(٨) دارام لە گەڵ کچەکەدا بینی.**

لێرەدا کچەکە بەو شێوە ناسراوییەی گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە گوێگر زانیاری لەبارەی ئەو کچەوە هەیە و دەیناسێت، بەڵام یەکێك کە دەڵێت :

**(٩) کچێکم لە گەڵ دارا دا بینی.**

فرێزی ناوی کچێك بەو شێوە نەناسراویەی گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر و گوێگر زانیاری تەواویان لەبارەی ئەو کچەوە نییە، کە لەگەڵ (دارا)دا بووە، واتە نایناسن (قەیس، ٢٠٠٢ : ٤٣).

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی گریمانەی پێشەکیی بوونی نموونەی زیاتر دەهێنینەوە :

**(١٠) خێزانەکەم مامۆستایە.**

فرێزی ناوی خێزانەکەم گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر ژنی هێناوە و خێزانی هەیە.

**(١١) کچەکەت گەورەبووە.**

فرێزی ناوی کچەکەت گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە گوێگر کچی هەیە و پێشتر کچەکەی بچووك بووە.

**(١٢) بۆچی ژن بۆ کوڕەکانت ناهێنی؟**

ڕستەی (١٢) ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت :

اـ گوێگر ژنی هێناوە و کۆمەڵێك کوڕی هەیە.

ب ـ کوڕەکانی گوێگر گەورەبوون و کاتی ژن هێنانیان هاتووە.

پ ـ باری دارایی گوێگر باشە.

**(١٣) من منداڵەکانی دارا فێری ئینگلیزی دەکەم.**

ڕستەی (١٣) ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت :

ا ـ قسەکەر ئینگلیزی دەزانێت.

ب ـ دارا کۆمەڵێك منداڵی هەیە.

پ ـ منداڵەکانی دارا ئینگلیزی نازانن.

**(١٤) کورد هەلی زۆر باشی لەدەستداوە.**

ڕستەی (١٤) ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت :

ا ـ هەلی زۆرباش بۆ کورد ڕێککەوتووە.

ب ـ کورد سوودی لەم هەلانە وەرنەگرتووە و لەدەستی داون.

**(١٥) لایەنە سیاسییەکانی عێراق لە سەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕێککەوتن.**

ڕستەی (١٥) ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت :

ا ـ لە عێراقدا کۆمەڵێك لایەنی سیاسی هەیە.

ب ـ لە عێراقدا سیستەمی دیموکراسی پەیڕەودەکرێت، چونکە هەڵبژاردن دەکرێت.

پ ـ پێشتر ئەو لایەنە سیاسییانە لە سەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ناکۆکبوون.

**(١٦) وەزیرێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی لە کار کێشایەوە.**

ڕستەی (١٦) ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت :

ا ـ هەرێمێك هەیە بە ناوی هەرێمی کوردستان.

ب ـ هەرێمی کوردستان حکومەتی خۆی هەیە.

پ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك وەزیری هەیە و یەکێك لە وەزیرەکان دەستی لەکار کێشاوەتەوە.

**(١٧) تاکو ئێستا کێشەی ناوچە دابڕاوەکان یەکلایی نەکراوەتەوە.**

ڕستەی (١٧) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە هەندێك ناوچە هەیە، کێشەیان لەسەرە و تاکو ئێستا ئەو کێشەیە یەکلایی نەکراوەتەوە.

**(١٨) دارا خوشکی کاوەی مارەکرد.**

فرێزی ناوی خوشکی (کاوە) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (کاوە) خوشکی هەیە.

گریمانەی پێشەکی بوون، هەر لە ڕستەی هەواڵداندا نییە، بەڵکو لە ڕستەی فەرمانیشدا هەیە.وەك:

**(١٩) پارەکەم بدەوە.**

فرێزی ناوی پارەکەم گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر پارەی هەیە و پارەکەشی لای گوێگرە.

**(٢٠) تاکو ئێستا بە دوای چەکە کۆمەڵکوژەکانی عێراقدا دەگەڕێن.**

فرێزی ناوی چەکە کۆمەڵکوژەکانی عێراق گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە عێراق چەکی کۆمەڵکوژی هەبووە، بەڵام ئەم چەکانە تاکو ئێستا نەدۆزراونەتەوە.

**(٢١) پەرلەمانی عێراق بە زۆرینەی دەنگەکان ڕێککەوتنامەی نێوان عێراق و ئەمەریکای پەسەندکرد.**

ڕستەی (٢١) ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت :

ا ـ عێراق پەرلەمانی هەیە.

ب ـ ڕێککەوتنامەیەك هەیە لە نێوان عێراق و ئەمەریکا.

پ ـ ئەو ڕێککەوتنامەیە پێشتر پەسەند نەکرابوو.

**(٢٢) ئاڵای نوێی عێراقی فیدراڵ لە پاڵ ئاڵای کوردستان لە سەر هەموو فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵکرا.**

ڕستەی (٢٢) ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت :

ا ـ عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە.

ب ـ کوردستان هەرێمێکی عێراقە و حکومەت و ئاڵای خۆی هەیە.

پ ـ عێراق ئاڵایەکی کۆنی هەبوو، ئەم ئاڵایە کۆنە لە هەرێمی کوردستاندا هەڵنەدەکرا.

ت ـ ئێستا عێراق ئاڵایەکی نوێی هەیە و ئەم ئاڵایە نوێیە لە پاڵ ئاڵای کوردستان لە هەرێمی کوردستاندا هەڵدەکرێت.

**(٢٣) حکومەتی عێراق بڕیاریدا میلیشیاکان چەك بکات.**

ڕستەی (٢٣) ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت :

ا ـ لە عێراقدا حکومەت هەیە.

ب ـ لە عێراقدا کۆمەڵێك میلیشیا هەیە و چەکدارن.

پ ـ هێشتا ئەو میلیشیایانە چەك نەکراون.

### ٣ـ٣. گریمانەی پێشەکیی ڕاستەقینە :

گریمانەی پێشەکی پەیوەندی بەو باسەوە هەیە، کە ڕستەیەك لەخۆیدەگرێت، ئەگەر ئەو باسەی کە ڕستەکە لەخۆیگرتبوو، ڕاستبوو، ئەوا گریمانە پێشەکییەکەشی ڕاست دەبێت (شاهر، ٢٠٠١: ١٥٢).

هەندێك كردار هەن، گریمانەی پێشەكیی ڕاستەقینە دەبەخشن، چونكە ئەو زانیارییەی كە لە دوای كردارەكەوە دێت، وەكو ڕاستییەك مامەڵەی لە گەڵدا دەكرێت و بە گریمانەی پێشەكیی ڕاستەقینە دادەنرێت (Yule, ٢٠٠٠: ٢٣). بۆ نموونە:

**(٢٤) هەموو كەس دەزانێ، كە گەندەڵی لە ناو دام و دەزگاكانی حكومەتدا هەیە.**

لەم ڕستەیەدا ئەو زانیارییەی كە لە دوای كرداری دەزانێ، هاتووە بە ڕاست گریمانە دەكرێت، واتە گەندەڵی لە ناو دام و دەزگاكانی حكومەتدا هەیە.

بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی كە گریمانە پێشەكییەكە ڕاستە، یان نا، دەتوانین نەفیكردنی ڕستەكە وەكو تێستێك بەكاربهێنین، ئەگەر هاتوو لە حاڵەتی نەفیكردنی ڕستەكەدا گریمانە پێشەكییەكە مایەوە، ئەوا گریمانە پێشەكییەكە ڕاستە و جێی گومان نییە (Yule, ١٩٩٦: ١٣٢).

**(٢٥) هەموو كەس نازانێ، كە گەندەڵی لە ناو دام و دەزگاكانی حكومەتدا هەیە.**

لێرەشدا ئەو زانیارییەی كە كەوتووەتە دوای كرداری نازانێ بە ڕاست گریمانە دەكرێت، واتە هەمان گریمانەی پێشەكی ڕستەی (٢٤) ماوەتەوە، ئەویش ئەوەیە، كە گەندەڵی لەناو دام و دەزگاكانی حكومەتدا هەیە.

بەڵام مەرج نییە لە هەموو بارێكدا كرداری دەزانێ گریمانەی پێشەكیی ڕاستەقینە ببەخشێت، هەر وەكو لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەكەوێت :

**(٢٦) من دەزانم نەسرین كەركووكییە.**

كرداری دەزانێ، لەم ڕستەیەدا گریمانەی پێشەكی ئەوە دەكات، كە (نەسرین) كەركووكییە.

**(٢٧) من نازانم نەسرین كەركووكییە.**

هەڵهێنجانی گریمانەی پێشەكی لەم ڕستەیەدا ( واتە نەسرین كەركووكییە) زۆر ڕوون نییە، (روبیر مارتان، ٢٠٠٧ : ٧٧).

هەندێك لە زمانەوانان دوو جۆر كرداری ڕاستەقینەیان دەستنیشانكردووە، جۆرێكیان بە كرداری ڕاستەقینەی تەواو Full Factive لەقەڵەمداوە، وەك كرداری پەشیمانم :

**(٢٨) من پەشیمانم لەوەی كە خانووەكەم فرۆشت.**

كرداری پەشیمانم، گریمانەی پێشەكی ئەوە دەكات، كە قسەكەر خانووەكەی فرۆشتووە.

جۆرەکەی تریان بە کرداری نیمچە ڕاستەقینە Semi-Factives لەقەڵەمداوە( Stalnaker, ٥٦ :١٩٩٩) . وەك کرداری نازانم لە ڕستەی (٢٧)دا .

**(٢٩) کچەکە درکی بەوەکرد، کە کوڕەکە خۆشیدەوێت.**

کرداری درکی بەوەکرد، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە کوڕەکە کچەکەی خۆشدەوێت.

**(٣٠) دارا ئاگای لێ نەبوو، کە نەسرین شوویکرد.**

کرداری ئاگای لێ نەبوو، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (نەسرین) شوویکردووە.

**(٣١) نەسرین گوێ نادات بە کەوتنەکەی.**

کرداری گوێ نادات، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (نەسرین) کەوتووە.

**(٣٢) دارا شانازی دەکات، کە یەکەم بووە.**

کرداری شانازی دەکات، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (دارا) یەکەم بووە.

**(٣٣) نەسرین هەستیکرد، کە دارا توڕەبووە.**

کرداری هەستی کرد، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (دارا) توڕەبووە.

**(٣٤) تێبینی ئەوە دەکەم، کە دارا نەسرینی خۆشدەوێت.**

کرداری تێبینی دەکەم، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (دارا )،(نەسرین)ی خۆشدەوێت.

**(٣٥) داوای لێبوردن دەکەم لەوەی کە کردوومە.**

کرداری داوای لێبوردن دەکەم، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر کارێکی خراپی کردووە.

ئەو کردارانەی کە بوون بەشداری لە ڕۆنانیاندا دەکات و بەشی یەکەمیان ئاوەڵناوە، تەواوکەرەکانیان بە ڕاست گریمانە دەکرێت . وەك:

**(٣٦) خۆشحاڵبووم بەوەی کە برادەرەکانم ئامادەبوون.**

کرداری خۆشحاڵبووم، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە برادەرەکانی قسەکەر ئامادەبوون.

**(٣٧) سەیرە نەسرین نەهاتووە !**

کرداری سەیرە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (نەسرین)نەهاتووە.

**(٣٨) گرنگە، ئەمڕۆ نەوت لە هەرێمی کوردستاندا دەردەهێنرێت و دەنێردرێتە دەرەوە.**

کرداری گرنگە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا نەوت دەردەهێنرێت و دەنێردرێتە دەرەوە.

**(٣٩) شادمانم بەوەی کە بەشێك لە ئاواتەکانی گەلەکەم هاتوونەتەدی.**

کرداری شادمانم، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە بەشێك لە ئاواتەکانی گەلەکەم هاتوونەتەدی.

**(٤٠) سەرفرازم بەوەی کە باوکم لە پێناوی کوردستاندا شەهیدبووە.**

کرداری سەرفرازم، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە باوکی قسەکەر لە پێناوی کوردستاندا شەهیدبووە.

**(٤١) ئاسوودەم بەوەی کە تۆڵەی خوێنی شەهیدان کرایەوە.**

کرداری ئاسوودەم، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە تۆڵەی خوێنی شەهیدان کراوەتەوە.

**(٤٢) زۆر بەختەوەرم بەوەی کە نەسرین هاوسەرمە.**

کرداری بەختەوەرم، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (نەسرین) هاوسەری قسەکەرە.

**(٤٣) پێم ناخۆشبوو، کە دارا و کاوە بە شەڕ هاتن.**

کرداری پێم ناخۆشبوو، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (دارا) و (کاوە) بەشەڕهاتوون.

**(٤٤) دڵتەنگین بە کۆچی دوایی باوکی دارا.**

کرداری دڵتەنگین، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە باوکی (دارا) کۆچی دوایی کردووە.

### ٣ـ٤ . گریمانەی پێشەکیی ناڕاستەقینە:

تاکو ئێستا باسی ئەو پێکهاتانەمان کردووە، کە گریمانە پێشەکییەکەیان بە ڕاست وەردەگیرێت، هەندێك پێکهاتەی تریش لە زماندا هەن، کە گریمانەی پێشەکی ناڕاستەقینە دەبەخشن.

ژمارەیەك كرداری وەك: (خەوبینین، وازانین، واپیشاندان...هتد) هەن، گریمانەی پێشەكیی ناڕاستەقینە دەبەخشن، واتە ئەو زانیارییەی كە دەكەوێتە دوای كردارەكەوە بە شێوەیەكی ناڕاست گریمانە دەكرێت (Yule, ٢٠٠٠: ٢٩).

**(٤٥) لە خەونمدا، هەر چوار پارچەی كوردستان یەكی گرتبووەوە.**

ئەو زانیارییەی كە، كەوتۆتە دوای (لەخەونمدا) ڕاست نییە، واتە هەر چوار پارچەی كوردستان یەكی نەگرتووەتەوە.

**(٤٦) دارا وای دەزانی لە ئەورووپایە.**

كرداری وای دەزانی، گریمانەی پێشەكی ئەوە دەكات، كە (دارا) لە ئەورووپا نەبووە.

**(٤٧) نەسرین وا خۆی نیشاندا، كە تووڕەبووە.**

كرداری وا خۆی نیشاندا، گریمانەی پێشەكی ئەوە دەكات، كە (نەسرین) تووڕەنەبووە.

**(٤٨) دارا وا خۆی دەرخست، كە دڵی خۆشە.**

كرداری وا خۆی دەرخست، گریمانەی پێشەكی ئەوە دەكات، كە (دارا) دڵی خۆش نییە.

**(٤٩) دارا پێی وایە، من سەر بە پارتەكەی ئەوانم.**

كرداری پێی وایە، گریمانەی پێشەكی ئەوە دەكات، كە قسەكەر سەر بە پارتەكەی (دارا) نییە.

**(٥٠) دارا وای دانابوو، كە یەكەم دەبێت.**

كرداری وای دانابوو، گریمانەی پێشەكی ئەوە دەكات ، كە (دارا) یەكەم نەبووە.

**(٥١) پێشنیازدەكەم، نەسرین ببێتە بەڕێوەبەر.**

كرداری پێشنیازدەكەم، گریمانەی پێشەكی ئەوە دەكات، كە (نەسرین) نەبووەتە بەڕێوەبەر.

**(٥٢) پێشبینیدەكەم ئەمساڵ یەكەم ببم.**

كرداری پێشبینیدەكەم، گریمانەی پێشەكی ئەوە دەكات، كە قسەكەر یەكەم نەبووە.

**(٥٣) دارا هەڕەشەی كردووە، نەسرین بكوژێت.**

كرداری هەڕەشەی كردووە، گریمانەی پێشەكی ئەوە دەكات، كە (دارا)،(نەسرین)ی نەكوشتووە.

**(٥٤) مەزەندەی ئەوە دەکەم، کە ئەمساڵ خوێندکارێکی زۆر لە زانکۆ و پەیمانگەکان وەربگیرێن.**

کرداری مەزەندە دەکەم، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە هێشتا ئەو خوێندکارانە لە زانکۆ و پەیمانگەکان وەرنەگیراون.

**(٥٥) وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیاریدا، کە یەکەمەکانی هەموو بەشەکان دابمەزرێنێت.**

کرداری بڕیاریدا، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە وەزارەتی خوێندنی باڵا هێشتا یەکەمەکانی دانەمەزراندووە.

**(٥٦) نیازم وایە بچمە حەج.**

کرداری نیازم وایە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر هێشتا نەچووەتە حەج.

**(٥٧) گرەو دەکەم، کە یانەی دهۆك یارییەکە دەباتەوە.**

کرداری گرەودەکەم، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە یانەی دهۆك هێشتا یارییەکەی نەبردووەتەوە.

**(٥٨) لەوانەیە سەفەری ئەوروپا بکەم.**

وشەی (لەوانەیە) ، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر هێشتا سەفەری ئەوروپای نەکردووە.

## ٣ـ٥. گریمانەی پێشەکیی دژە واقیع:

لە زماندا هەندێك پێکهاتە هەن، کە گریمانەی پێشەکیی دژە واقیع دەبەخشن، گریمانەی پێشەکی ئەم پێکهاتانە نەك هەر ڕاست نییە، بەڵکو دژی واقیعیشە، بۆ نموونە ڕستەی مەرجی گریمانەی پێشەکی ئەوە دەبەخشێت، کە زانیاری ناو ڕستەکە لە کاتی قسەکردندا ڕاست نییە و دژی واقیعە:

**(٥٩) ئەگەر تۆ برادەری من بایت، یارمەتیت دەدام.**

بەشی یەکەمی ڕستەکە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە تۆ برادەری من نیت، بەشی دووەمی ڕستەکەش، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە گوێگر یارمەتی قسەکەری نەداوە (Yule, ٢٠٠٠: ٢٩).

**(٦٠) ئەگەر دارا نەسرین بخوازێت، ئەوا منداڵی جوانیان دەبێت.**

بەشی یەکەمی ڕستەکە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (دارا)،(نەسرین)ی نەخواستووە، بەشی دووەمی ڕستەکەش، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (نەسرین) و (دارا) منداڵی جوانییان نییە (شاهر، ٢٠٠١ : ١٥٤).

**(٦١) ئەگەر پارەم هەبووایە، یارمەتی هەژارانم دەدا.**

بەشی یەکەمی ڕستەکە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر پارەی نییە، بەشی دووەمی ڕستەکەش، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر یارمەتی هەژارانی نەداوە.

**(٦٢) ئەگەر کاتم هەبووایە، لە گەڵتان دەهاتمە سەیران.**

بەشی یەکەمی ڕستەکە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر کاتی نییە، بەشی دووەمی ڕستەکەش، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر لەگەڵ گوێگردا نەچووەتە سەیران.

**(٦٣) ئەگەر بیری نەتەوایەتی لای کورد بەهێزبووایە، کورد لەمێژبوو ڕزگاری ببوو.**

بەشی یەکەمی ڕستەکە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە بیری نەتەوایەتی لای کورد بەهێز نەبووە، بەشی دووەمی ڕستەکەش، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە کورد ڕزگاری نەبووە.

**(٦٤) ئەگەر کەرکوك نەوتی نەبووایە، لەمێژبوو کێشەکەی چارەسەرکرابوو.**

بەشی یەکەمی ڕستەکە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە کەرکووك نەوتی هەیە، بەشی دووەمی ڕستەکەش، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە کێشەی کەرکووك چارەسەر نەکراوە.

**(٦٥) ئەگەر بیبینم، قسەکەی پێ دەڵێم.**

بەشی یەکەمی ڕستەکە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر هێشتا ئەو کەسەی نەبینیوە، کە لەبارەیەوە دەدوێت، بەشی دووەمی ڕستەکەش، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر هێشتا قسەکەی پێ نەگوتووە.

**(٦٦) ئەگەر کچم ببێت، ناوی دەنێم نەسرین.**

بەشی یەکەمی ڕستەکە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر هێشتا کچی نەبووە، بەشی دووەمی ڕستەکەش، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر کچەکەی ناو نەناوە نەسرین.

**(٦٧) ئەگەر پۆستی وەزیری وەربگرم، دەتکەمە بەڕێوەبەری گشتی.**

بەشی یەکەمی ڕستەکە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر هێشتا پۆستی وەزیری وەرنەگرتووە، بەشی دووەمی ڕستەکەش، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر هێشتا گوێگری نەکردووەتە بەڕێوەبەری گشتی.

**(٦٨) ئەگەر ڕێگای ڕاست بگریت، قازانج دەکەیت.**

بەشی یەکەمی ڕستەکە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر ڕێگای ڕاستی نەگرتووە، بەشی دووەمی ڕستەکەش، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە گوێگر قازانجی نەکردووە.

**(٦٩) ئەگەر کارەکەم بۆ جێبەجێ بکەیت، دیارییەکی باشت بۆ دەهێنم.**

بەشی یەکەمی ڕستەکە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە گوێگر هێشتا کارەکەی بۆ قسەکەر جێبەجێ نەکردووە، بەشی دووەمی ڕستەکەش، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر هێشتا دیارییەکەی بۆ گوێگر نەهێناوە.

هەبوونی ئەم جۆرە گریمانە پێشەکییە دژە واقیعانە بەشێکە لەو کێشەیەی کە لە شیکردنەوەی پێکهاتە ئاڵۆزەکاندا تووشمان دەبێت، ئەویش کێشەی جێکەوتەیە، کە لەبەشی دووەمدا ڕوونکرایەوە (Yule, ٢٠٠٠: ٢٩).

لە ڕستەی خۆزگەییدا، کردار گریمانەی پێشەکیی دژە واقیع دەبەخشێت، چونکە لەم جۆرە ڕستانەدا شتێك هەبووە، دەبوایە قسەکەر ئەو شتەی بکردبایە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم شتە بەسەرچووە، بۆیە ئەم داواکارییەی قسەکەر تەنیا دەبێتە خۆزگەیەك (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٥: ٧٦):

**(٧٠) خۆزگە برۆیشتمایە و ڕزگارم بووایە.**

له بەشی یەکەمی ڕستەکەدا، کرداری بڕۆیشتمایە گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر بۆ ئەو شوێنە نەڕۆیشتووە، کە مەبەستیەتی و ئێستا لەو کارەی پەشیمانە، له بەشی دووەمی ڕستەکەشدا، کرداری ڕزگارم بووایە گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر ڕزگاری نەبووە .

**(٧١) بریا بچوومایە و گلەییم نەهێنابایە سەرخۆم.**

لەم ڕستەیەدا، کرداری بچوومایە، گریمانەی پێشەکی ئەوەدەکات، کە قسەکەر بۆ شوێنی مەبەست نەچووە، کرداری گلەییم نەهێنابایە سەرخۆم، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر گلەیی هێناوەتەوە سەرخۆی.

**(٧٢) دەبووایە بمخوێندایە.**

کرداری بمخوێندایە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر لە ڕابوردوودا نەیخوێندووە و ئێستا لەم کارەی پەشیمانە.

## ٣-٦ . گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی:

به شێوەیەکی گشتی له گریمانەی پێشەکی فەرهەنگیدا، فۆرمێکی دیاریکراو بەو واتا جەخت لێکراوەی کە هەیەتی، گریمانەی پێشەکی ئەوەی لێ هەڵدەهێنجرێت، کە واتایەکی تری جەخت لێ نەکراو non – asserted بەدەستەوەدەدات . بۆ نموونە کە دەڵێین:

**(٧٣) دارا توانی چیرۆکێك بنووسێت.**

واتای جەخت لێکراوی کرداری توانی ئەوەیە، کە ئەو کەسە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە نووسینی چیرۆکەکەدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام کە دەڵێین:

**(٧٤) دارا نەیتوانی چیرۆکێك بنووسێت.**

واتای جەخت لێکراوی کرداری نەیتوانی ئەوەیە، کە ئەو کەسە لە کارەکەیدا سەرکەوتوو نەبووە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا گریمانە پێشەکییەکە، کە جەختی لە سەر ناکرێت، ئەوەیە، کە (دارا) هەوڵیداوە کارێك ئەنجامبدات، کەواتە بە شێوەیەکی نەریتی (تەقلیدی) کرداری توانی وا لێکدەدرێتەوە، کە واتای سەرکەوتوو بووە، دەگەیەنێت، گریمانە پێشەکییەکەشی ئەوەیە، کە دارا هەوڵیداوە (Yule, ٢٠٠٠: ٢٨).

لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر دانەی فەرهەنگی هەن، دەکرێت بە سەرچاوەی گریمانەی پێشەکی دابنرێن، ئەو دانە فەرهەنگیانەش لە ناو زۆربەی بەشە ئاخاوتنەکاندا بەدیدەکرێن، بۆیە بە پێی بەشە ئاخاوتنەکان باسیان دەکەین.

لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر کردار هەن، کە گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی دەبەخشن. وەك :

**(٧٥) دارا وازی لە جگەرەکێشان هێناوە.**

کرداری وازی هێناوە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (دارا) پێشتر جگەرەی دەکێشا، کە ڕستەکەش نەفیدەکەین، ئەوا هەمان گریمانەی پێشەکی دەمێنێتەوە :

**(٧٦) دارا وازی لە جگەرەکێشان نەهێناوە.**

کرداری وازی نەهێناوە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (دارا) پێشتر جگەرەی دەکێشا.

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت، کە لێکچوونێك لە نێوان گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی و گریمانەی پێشەکیی ڕاستەقینەدا هەیە، بەڵام بەوە لێك جیادەکرێنەوە، کە لە گریمانەی پێشەکی فەرهەنگیدا ئەو دانە فەرهەنگییەی کە قسەکەر بەکاریدەهێنێت، گریمانەی پێشەکی چەمکێکی تر دەکات . لە گریمانەی پێشەکیی ڕاستەقینەدا ئەو زانیارییەی کە لە دوای کردارەکەوە دێت، وەکو خۆی بە ڕاست گریمانە دەکرێت (Yule, ٢٠٠٠: ٢٨).

لەوانەیە ڕستەیەك کۆمەڵێك گریمانەی پێشەکی لەخۆبگرێت، بەڵام ئێمە لە گریمانەی پێشەکی فەرهەنگیدا تەنیا ئەو گریمانە پێشەکییە سەرەکییە هەڵدەهێنجین، کە دانە فەرهەنگییەکە دەیبەخشێت:

**(٧٧) دارا فێری مەلەوانی بووە.**

کرداری فێربووە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (دارا) پێشتر مەلەوانی نەزانیوە.

**(٧٨) بەندکراوەکان ئازادکران.**

کرداری ئازادکران، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە ئەوانە پێشتر گیرابوون.

**(٧٩) قەڵەمەکەم لە نەسرین سەندەوە.**

کرداری سەندەوە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (نەسرین) قەڵەمی قسەکەری بردبوو.

(٨٠) ڕاستییەکان دەرکەوتن.

کرداری دەرکەوت، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێشتر ڕاستییەکان دەرنەکەوتبوون.

(٨١) هەر دوو کۆمپانیایەکە یەکیانگرت.

کرداری یەکیانگرت، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێشتر ئەو دوو کۆمپانیایە جیابوون.

(٨٢) نەسرین مۆڵەتی شوفێری وەرگرت.

کرداری وەرگرت، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێشتر (نەسرین) مۆڵەتی شوفێری نەبووە.

(٨٣) دزییەکە ئاشکرابوو.

کرداری ئاشکرابوو، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێشتر دزییەکە ئاشکرا نەببوو.

(٨٤) دارا ژنی هێنا.

کرداری ژنی هێنا، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێشتر (دارا) ژنی نەبوو.

(٨٥) کەلوپەلی کارەبایی هەرزان بووە.

کرداری هەرزان بووە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێشتر کەلوپەلی کارەبایی گران بووە.

(٨٦) نەسرین چاکبووەتەوە.

کرداری چاکبووەتەوە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێشتر (نەسرین) نەخۆش بووە.

جگە لەو کردارانەی کە باسکران، ژمارەیەکی زۆر کرداری تر هەن، کە گریمانەی پێشەکی دەبەخشن، ئەو کردارانە (چاوگ) لە لیستێکدا یاداشت دەکەین، پاشان پۆلینیان دەکەین و تایبەتییەکانیان دەخەینەڕوو:

| ئاشتبوونەوە | بەردەوامبوون | تێکدان |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| تێگەیشتن | بەخەبەرهێنان | ئاشكرا كردن |
| تەختكردن | بوژانەوە | ئاقڵبوون |
| تەڕبوون | بەگەڕخستن | ئاگاداربوونەوە |
| تەڕكردن | پاككردنەوە | ئاگاداركردنەوە |
| تەرككردن | پرسینەوە | ئاڵۆزبوون |
| تەشەنەكردن | پڕكردنەوە | ئاڵۆزكردن |
| توانەوە | پینەكردن | ئاوەدانبوونەوە |
| توشبوون | پێڕا گەیاندن | ئاوەدانكردنەوە |
| توندكردن | پێشكەوتن | ئوتوكردن |
| تۆڵەكردنەوە | پێكهێنانەوە | باركردن |
| جێكردنەوە | پێكردن | باشبوون |
| جێ لەقبوون | پێوەدان | بڕان |
| جوان بوون | پۆزشهێنانەوە | بڵندكردن |
| جوانكردن | پەككەوتن | بچووككردنەوە |
| جیاكردنەوە | پەیدابوون | بڵاوبوونەوە |
| چاككردنەوە | پەیداكردن | بڵاوكردنەوە |
| چاوكردنەوە | تێربوون | بێعاربوون |
| چۆڵكردن | تێركردن | بەئاگا هێنانەوە |
| چەمانەوە | تێكەڵبوون | بەبیر خستنەوە |
| زیادبوون | تێكەڵكردن | بەبیرهاتنەوە |
| زیادكردن | تێكچوون | حەسانەوە |
| زویربوون | دەست لەكاركێشانەوە | خاپووركردن |
| ژیانەوە | دەست لەكار هەڵگرتن | خراپكردن |
| ساردبوونەوە | دەست لێك بەردان | خۆتێنەگەیاندن |

| | | |
|---|---|---|
| ساردکردنەوە | دەست نیشانکردن | خۆشاردنەوە |
| ساغکردنەوە | دەوڵەمەندبوون | خۆشێتکردن |
| سپیبوونەوە | دووبارەکردنەوە | خۆکەڕکردن |
| سپیکردنەوە | دووپاتکردنەوە | خۆگەرمکردنەوە |
| سۆراخبوون | دوورکەوتنەوە | خۆگێلکردن |
| شلبوونەوە | ڕازاندنەوە | خواربوونەوە |
| شلکردنەوە | ڕاستکردنەوە | خوارکردنەوە |
| شوکردن | ڕاگەیاندن | دابەزین |
| فێرکردن | ڕاگرتن | داتەپین |
| فریودان | ڕاهاتن | داخستن |
| لێککردن | ڕزگاربوون | داخستنەوە |
| لێککردنەوە | ڕزگارکردن | داگیرساندن |
| لەهۆش خۆچوون | ڕووتانەوە | دامرکاندنەوە |
| ناساندن | ڕوونبوونەوە | درکاندن |
| نەخۆشکەوتن | ڕوونکردنەوە | دەربوون |
| نووستن | ڕووناککردنەوە | دەستپێکردن |
| هاتنەوە | ڕۆچوون | قسەبڕین |
| هەستان | ڕۆیشتنەوە | قسەکردن |
| هەستانەوە | ڕیککەوتن | قەدکردن |
| هەڵکردن | ڕەنجان | قەرزدانەوە |
| هەڵگرتنەوە | گیان لەدەستدان | قەڵاکردنەوە |
| هوشیاربوونەوە | گرتنەوە | قەڵاشبوون |
| هوشیارکردنەوە | گەرمکردن | قەڵەوبوون |
| هێنانەوە | گەرمبوون | قین هەڵگرتن |

| | | |
|---|---|---|
| کاڵبوونەوە | گەرمکردنەوە | وەرگرتن |
| کردنەوە | گەرمبوونەوە | وەرگرتنەوە |
| کڕبوونەوە | گەشانەوە | وشکبوونەوە |
| کڕکردنەوە | گەورە بوون | وشککردنەوە |
| کزبوون | گێژبوون | لەبیرکردن |
| کزکردن | گورجبوون | لەپێکەوتن |
| کلیلدان | گورجکردن | لەخەوکردن |
| کوژانەوە | لادان | لەخشتەبردن |
| کوژاندنەوە | لاربوونەوە | وردکردنەوە |
| کۆکردنەوە | لارکردنەوە | وێرانبوون |
| تەڕبوون | لاوازبوون | وێرانکردن |
| کوێربوون | لالێکردنەوە | یەکگرتنەوە |
| کوێربوونەوە | لێکترازان | کەمکردنەوە |
| کەمبوونەوە | لەبەرکردن | لەبیرچوونەوە |

سەبارەت بەو کردارانەی کە گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی دەبەخشن ئەم تێبینی و سەرنجانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

١ـ دەبێت کردارەکە لە کات (زەمەن) دا ڕابوردوو بێت.

٢ـ بە پێی ڕووکار، دەبێت کردارەکە بەسەرچووبێت (تەواو بووبێت).وەك:

**(٨٧) نەسرین خۆی جوانکردووە.**

کرداری جوانکردووە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (نەسرین) پێشتر ئاوا جوان نەبووە، کرداری جوانکردووە لە ڕووی کات و ڕووکارەوە کردارێکی ڕابوردووی تەواوە.

٣ـ هەندێك کردار لەم بوارەدا زۆر چالاکن، بە تایبەتی ئەو کردارانەی کە (کرد) و (بوو) بەشداری لە ڕۆنانیاندا دەکەن. ئەو کردارانەی کە (کرد) و (بوو) بەشداری لە ڕۆنانیاندا دەکەن و بەشی یەکەمیان هاوبەشە، هەمان گریمانەی پێشەکی دەبەخشن. وەك:

(٨٨) موچەی فەرمانبەرانیان زیادکرد.

کرداری زیادکرد، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێشتر موچەی فەرمانبەران کەم بووە.

(٨٩) موچەی فەرمانبەران زیادبووە.

کرداری زیادبووە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێشتر موچەی فەرمانبەران کەم بووە.

٤- ئەو کردارانەی کە دووبارەکردنەوە و دووپاتکردنەوە دەگەیەنن، بە تایبەتی ئەو کردارانەی کە پاشگری (- ەوە)ی دووبارەکردنەوەیان لە گەڵدایە، گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی دەبەخشن. وەك:

(٩٠) نەخۆشخانەکەیان نۆژەنکردەوە.

کرداری نۆژەنکردنەوە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە ئەو نەخۆشخانەیە پێشتر دروستکرابوو، دواتر دەستێکی پێداهێنرا و نوێکراوەتەوە، لەوانەیە ژووریشی بۆ زیادکرابێت.

ژمارەیەك ئاوەڵکردار هەن، گریمانەی پێشەکی دەبەخشن، وەك ئاوەڵکرداری دووبارەکردنەوە و ئاوەڵکرداری کات . ئاوەڵکرداری دووبارەکردنەوە بۆیە گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی دەبەخشێت، چونکە دووبارەکردنەوە و دووپاتکردنەوەی ڕوودانێك دەگەیەنێت (ئەوڕەحمان، ١٩٩٨: ١٥٠). وەك:

(٩١) ئەوە دیسان دواکەوتیت.

ئاوەڵکرداری دیسان، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە گوێگر پێشتر بەلای کەمی جارێك دواکەوتووە.

(٩٢) دووبارە چیرۆکەکە بخوێنەوە.

ئاوەڵکرداری دووبارە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە گوێگر پێشتر بەلای کەمی جارێك چیرۆکەکەی خوێندووەتەوە.

(٩٣) ئەم جارەش کورد فێڵی لێکرا.

ئاوەڵکرداری ئەم جارەش، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە کورد پێشتریش چەند جارێك فێڵی لێکراوە.

**(٩٤) دادگای باڵای تاوانەکان جارێکی تر سزای لەسێدارەدانی بەسەر عەلی حەسەن مەجید دا سەپاند.**

ئاوەڵکرداری جارێکی تر، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێشتریش هەمان دادگا سزای لەسێدارەدانی بەسەر عەلی حەسەن مەجید دا سەپاندبوو.

**(٩٥) ئێستا نوێژدەکەم.**

هەر چەندە ئەم ڕستەیە، ڕستەیەکی لێڵە، کەچی ئاوەڵکرداری ئێستا، گریمانەی پێشەکی ئەوەش دەکات، کە قسەکەر پێشتر نوێژینەکردووە.

**(٩٦) جاران نوێژم دەکرد.**

ئاوەڵکرداری جاران، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر ئێستا نوێژناکات.

**(٩٧) پار دارام ناسی.**

ئاوەڵکرداری پار، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر پێشتر (دارا)ی نەناسیوە.

**(٩٨) ماوەیەکە نەسرین دیار نییە.**

ئاوەڵکرداری ماوەیەکە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێشتر (نەسرین) دیاربووە.

**(٩٩) تەنیا دارا دەرنەچووە.**

ئاوەڵکرداری تەنیا، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە ئەوانی تر دەرچوون.

هەروەها پارتیکلی (وا) کە بۆ کات بەکاربێت گریمانەی پێشەکی دەبەخشێت. وەك:

**(١٠٠) وا دەچم بۆ بازاڕ.**

پارتیکلی( وا) لەم ڕستەیەدا گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر ئێستا دەچێت بۆ بازاڕ.

هەندێك دانەی فەرهەنگی تر هەن، کە سەر بە بەشە ئاخاوتنی ناون و گریمانەی پێشەکی دەبەخشن، بۆ نموونە ئەو ناوانەی کە بۆ باری خێزانداری بەکاردێن، گریمانەی پێشەکی دەبەخشن (بالمر، ١٩٨٥: ١٩٧). وەك:

**(١٠١) نەسرین قەیرەیە.**

ناوی قەیرە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (نەسرین) هێشتا شووی نەکردووە و تەمەنیشی گەورەیە.

**(١٠٢) نەسرین بێوەژنە.**

ناوی بێوەژن، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە مێردی (نەسرین) مردووە، یان نەماوە.

**(١٠٣) دارا بوخچەی نەکراوەیە.**

فرێزی ناوی بوخچەی نەکراوە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (دارا) هێشتا ژنی نەهێناوە.

**(١٠٤) دارا سەڵتە.**

ناوی سەڵت، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (دارا) خێزانی نییە.

**(١٠٥) نەسرین هەوێی پەروینە.**

ناوی هەوێ، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (نەسرین) و (پەروین) ژنی یەك پیاون.

هەروەها ئەو ناوانەی کە تەمەن نیشان دەدەن، گریمانەی پێشەکی دەبەخشن.وەك:

**(١٠٦) دارا کوڕێکی هەرزەکاری هەیە.**

ناوی هەرزەکار، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە کوڕەکەی (دار)ا تەمەنی لە نێوان (١٢ - ١٧) ساڵان دایە .

**(١٠٧) دارا یەکێکە لە جوامێرەکانی گوندەکەمان.**

ناوی جوامێر، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (دارا) گەنج نییە و پیریش نییە.

هەروەها ئەو ناوانەی کە تەمەنی ئاژەڵیش نیشاندەدەن، گریمانەی پێشەکی دەبەخشن. وەك:

**(١٠٨) دارا بەرخێکی کڕی.**

ناوی بەرخ، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە تەمەنی ئەو بەرخە لە ساڵێك کەمترە.

**(١٠٩) دارا کاوڕێکی سەربڕی.**

ناوی کاوڕ، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە تەمەنی ئەو کاوڕە لە ساڵێك زیاترە.

هەروەها ئاوەڵناوی نادیاری وەك: (تر، دیکە) گریمانەی پێشەکی دەبەخشن.وەك:

**(١١٠) نەسرین گلاسێکی تری شکاند.**

ئاوەڵناوی نادیاری( تر) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (نەسرین) پێشتریش بەلای کەمی گلاسێکی شکاندووە.

وشەکانی ڕادەی وەك (هەموو، هەندێك) گریمانەی پێشەکی دەبەخشن. وەك:

**(١١١) هەموو وەرگیراین.**

وشەی هەموو، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە هەموو ئەوانەی داوایان پێشکەش کردبوو، وەرگیران.

**(١١٢) هەندێکمان وەرگیراین.**

وشەی هەندێك، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە هەندێك لەوانەی داوایان پێشکەش کردبوو، وەرگیران، واتە هەموو وەرنەگیراون.

## ٣ـ٧. گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی:

جۆرێکی تر لە گریمانەی پێشەکی، گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەییە. لە گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەییدا، ئەو گریمانە پێشەکییەی کە پێکهاتەکە دەیبەخشێت بە ڕاست وەردەگیرێت. قسەکەر دەتوانێت ئەم جۆرە پێکهاتانە بۆ دیاریکردنی هەندێك زانیاری بەکاربهێنێت و بە ڕاست گریمانەیان بکات. بەمەش وا لە گوێگر دەکات، کە هەمان زانیاری بە ڕاست گریمانە بکات، بۆ نموونە لەو ڕستە پرسانەی کە وشەی پرسیان تێدایە، ئەو زانیارییانەی کە دەکەوێتە دوای وشە پرسەکانەوە، بە ڕاست لە قەڵەمدەدرێن ( Yule, ٢٨ :٢٠٠٠).

لە زمانی کوردیدا ژمارەیەك وشەی پرسمان هەیە، وەکو: (**کێ، کەی، کامە، لەکوێ، چەند، چۆن، چی و کوا**)، ئەم وشە پرسانە وەکو جێناوی پرس و ئاوەڵناوی پرس لە ڕستەدا بەکاردێن (ئەوڕەحمان، ١٩٨٧: ٢٥٧). ئەو زانیارییانەی کە دەکەونە دوای ئەو وشە پرسانەوە بە ڕاست گریمانە دەکرێن:

**(١١٣) کێ لە دارای داوە؟**

لەم ڕستەیەدا ئەو زانیارییەی کە کەوتووەتە دوای وشەی پرسی کێ بە ڕاست گریمانە دەکرێت، واتە یەکێك لە (دارا)ی داوە.

**(١١٤) کەی دکتۆراکەت تەواوکرد؟**

ئەم ڕستەیە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە گوێگر دکتۆرای تەواوکردووە.

**(١١٥) لە کام گۆڤار وتارەکەت بڵاوکردەوە؟**

ئەم ڕستەیە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە گوێگر وتارێکی لە یەکێك لە گۆڤارەکاندا بڵاوکردووەتەوە.

**(١١٦) ئەو کتێبەت لە کوێ دەستکەوت؟**

ئەم ڕستەیە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە گوێگر کتێبێکی دەستکەوتووە.

**(١١٧) چەند فرۆکەخانە لە کوردستان هەیە؟**

ئەم ڕستەیە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە لە کوردستان فرۆکەخانە هەیە.

**(١١٨) چۆن هەواڵەکەیان پێڕاگەیاندی؟**

ئەم ڕستەیە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە هەواڵەکەیان بە گوێگر ڕاگەیاندووە.

**(١١٩) چیت کڕیوە؟**

ئەم ڕستەیە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە گوێگر شتی کڕیوە.

هەروەها هەندێك ڕستەی پرس هەیە، کە بەهۆی ئاوازەوە دروست دەبن، گریمانەی پێشەکی دەبەخشن. وەك:

**(١٢٠) چووبووی؟**

ئەم ڕستەیە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر بۆ ئەو شوێنە نەچووە، کە قسەی لەبارەوە دەکرێت.

**(١٢١) هاتبووی؟**

ئەم ڕستەیە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر بۆ شوێنی مەبەست چووە.

لە ڕستەی پرسیاریدا، هەر ڕستە پرسەکە، گریمانەی پێشەکی نابەخشێت، بەڵکو وەڵامەکانیش گریمانەی پێشەکی لەخۆدەگرن. وەڵامی ڕستەی پرسیار دەبێتە بەشێك لە

پرۆسەی پراگماتیکی ڕستەکان و لە ڕێگەی وەلآمەکانەوە، مەبەستەکان دەگەیەنرێن و بە هەردوو ڕستەکە ( پرسیار ، وەلآم ) کردەی لێکتێگەیشتن بە ئەنجامدەگات:

**(١٢٢) نەسرین: بۆچی کاوە ئاگری کردەوە؟**

**دارا: چونکە سەرمای بوو٠**

پرسیاری (نەسرین) و وەلآمی (دارا) یەك گریمانەی پێشەکی لە خۆدەگرن، ئەویش ئەوەیە، کە (کاوە ئاگری کردووەتەوە) ٠

لەڕستەی فەرمانیش هەمان شت بەدیدەکرێت:

**(١٢٣) ا: خانووەکەت بە (کاوە) بفرۆشە٠**

**ب: بە کاوە نایفرۆشم٠**

ڕستەی (ا) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە گوێگر خانووی هەیە و دەیفرۆشێت٠

ڕستەی (ب) ش، هەمان گریمانەی پێشەکی لەخۆدەگرێت، کە گوێگر خانووی هەیە و دەیفرۆشێت (ئاڤێستا، ٢٠٠٦: ١٠٠).

هەروەها ئەو پێکهاتانەی کە بۆ بەراوردکردن و بەرامبەرکردن بەکاردێن، گریمانەی پێشەکی دەبەخشن (Korbayova,www: presupposition) هەروەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

**(١٢٤) دارا زمانەوانێکی باشترە لە نەسرین.**

ئەم ڕستەیە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (نەسرین)یش زمانەوانە.

**(١٢٥) داراش خوازبێنی نەسرینی کرد.**

ئەم ڕستەیە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە کەسێکی تریش خوازبێنی (نەسرین)ی کردووە، ئەم گریمانە پێشەکیەش زیاتر مۆرفیمی (ـ ش) دەیبەخشێت، کە بۆ دووبارەکردنەوە بەکارهاتووە.

**(١٢٦) داراش کەوتووە.**

ئەم ڕستەیە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە بەلای کەمی کەسێکی تریش کەوتووە.

**(١٢٧) کەلتوری دیموکراسی لە لای ئێمەش گەشەی کردووە.**

ئەم ڕستەیە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە کەلتوری دیموکراسی پێش ئێمە لە لای گەلانی تر گەشەی کردووە.

**(١٢٨) کارەبا باشتر بووە.**

ئەم ڕستەیە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێشتر کارەبا باش نەبووە.

**(١٢٩) من جارێکی تر دەنگ بۆ ئەو لیستە نادەم.**

ئەم ڕستەیە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر پێشتر دەنگی بۆ ئەو لیستە داوە.

**(١٣٠) سەردەمی خۆشی و هەرزانی ناگەڕێتەوە.**

ئەم ڕستەیە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێشتر خۆشی و هەرزانی هەبووە.

**(١٣١) پێویستە حوکمەت خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش بە هاوڵاتیان بکات.**

ئەم ڕستەیە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە حوکمەت تاکو ئێستا وەکو پێویست خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوڵاتیان نەکردووە.

**(١٣٢) دارا تاکە پاڵەوانە کە توانی کاوە ببەزێنێت.**

ئەم ڕستەیە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە هیچ کەسێکی تر نەیتوانیوە (کاوە) ببەزێنێت.

**(١٣٣) کورد چیتر ئەنفال ناکرێت.**

ئم ڕستەیە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە کورد لە ڕابوردوودا ئەنفال کراوە.

**(١٣٤) ئەمساڵ یادی کیمیابارانی هەڵەبجە نەکرایەوە.**

ئەم ڕستەیە، ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت :

ا ـ لە ڕابوردوودا هەڵەبجە کیمیاباران کراوە.

ب ـ ساڵانی پێشوو یادی کیمیابارانی هەڵەبجە کراوەتەوە.

پ ـ ئەمساڵ لەبەر چەند هۆکارێك یادی کیمیابارانی هەڵەبجە نەکرایەوە.

**(١٣٥) ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار.**

ئەم پەندە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە ژیان لە سالآنی ڕابوردوودا لە ئێستا باشتر بووە.

هەندێك لەو پێکهاتانەی کە ئامرازی لێکدەری (یان) و( نە) بەشداری لە ڕۆنانیاندا دەکەن، گریمانەی پێشەکی پێکهاتەکان، یەکسانە بە گریمانەی پێشەکی ئامرازە لێکدەرەکان :

**(١٣٦) یان خێزانەکەت بوو تەلەفۆنی کرد، یان خوشکەکەت.**

ئامرای لێکدەری (یان)، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە یەکێکیان تەلەفۆنی کردووە.

**(١٣٧) هاوینەهەواری چنارۆك لە پارێزگای هەولێرە، یان لە پارێزگای سلێمانی؟**

ئامرازی لێکدرەی (یان)، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە هاوینەهەواری چنارۆك لە یەکێك لەم دوو پارێزگایەیە.

**(١٣٨) نە دارا هاتووە و نە نەسرین.**

ئامرازی (نە)، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە هەردووکیان نەهاتوون.

جگە لەو پێکهاتانەی کە باسکران، ژمارەیەك پێکهاتەی تریش هەن، کە گریمانەی پێشەکی دەبەخشن. وەك :

**(١٣٩) من لە باشووری کوردستان دەژیم.**

فرێزی ناوی باشووری کوردستان، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە کوردستان یەك پارچەیە و قسەکەر باوەڕی بەوە نییە، کە کوردستان دابەشی سەر چوار پارچە کراوە.

**(١٤٠) من لە کوردستانی باشوور دەژیم.**

فرێزی ناوی کوردستانی باشوور، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە کوردستان چوار پارچەیە و قسەکەر لەو پارچەیەدا دەژی، کە کەوتووەتە باشووری کوردستانەوە.

**(١٤١) گەلی کوردستان لە ئاداری ١٩٩١ دا ڕاپەڕی.**

فرێزی ناوی گەلی کوردستان، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە لە کوردستاندا جگە لە کورد نەتەوەی تریش دەژین، لە ئاداری ١٩٩١دا کورد و ئەو نەتەوانەی کە لە کوردستاندا دەژین بە یەکەوە ڕاپەڕیون.

**(١٤٢) گەلی کورد لە ئاداری ١٩٩١دا ڕاپەڕی.**

فرێزی ناوی گەلی کورد، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە لە ئاداری ١٩٩١دا تەنیا گەلی کورد ڕاپەڕیوە و نەتەوەکانی تری کوردستان بەشدارییان لەو ڕاپەڕینەدا نەکردووە.

## بەشی چوارەم
## ئەنجام و پێشنیاز

ئەم بەشە لە دوو تەوەری کورت پێکدێت: لە تەوەری یەکەمدا ئەنجامەکان و لە تەوەری دووەمیشدا پێشنیازێك بۆ کاری ئاییندە خراوەتەڕوو.

### ٤ـ١: کورتە و ئەنجام:

١ـ قسەکەر بە یەکێك لە تەوەرە هەرە گرنگەکانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی دادەنرێت، بەوەی کە چەند لە گەڵ گوێگردا هاریکارە، لە بەهەند وەرگرتنی دەوروبەری قسەکردن، زانیاریی هاوبەش، ڕوونی گوتنەکەی و لە چوارچێوەگرتنی پەیوەندیی ئاخاوتنەکەی. پێچەوانەی ئەوە وا لە (گرایس) دەکات، کە مەبەستی قسەکەر و لێکەوتەی ئاخاوتەیی بە بەشێك لە واتای ناسروشتی دابنێت، گرنگی لێکەوتەی ئاخاوتەیی لەوەدایە، کە ئاسانکاری لە وەسفی بونیادی واتاسازیدا بکات.

٢ـ بۆ بەدیهێنانی لێکەوتەیەکی ئاخاوتەیی دروست، دەبێت گوێگر لە لایەکەوە پابەندی ئاستی ستوونی مەعریفی زەینی خۆی بێت بەوەی کە زانیارییە دونیاییەکانی خۆی لە بونیادی زمانەکەیدا، کە مێشك پەی پێبەرێت، لە لایەکی ترەوە پابەندی ڕۆنانی ئاسۆیی گوتنی قسەکەر بێت، کە تا چەند هاریکارە و چۆن ئەو دوو ئاستە بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

٣ـ لەگەڵ ئەوەداین، کە بنەمای هاریکاری بە بنەمای پەیوەندی دابنرێت، لە پاڵ ئەو هۆکارانەی کە (ویلسون) و (سپێربەر) خستویانەتەڕوو. ئەو ڕاستییە زیاتر لە بەزاندنی لقە بنەماکاندا بەدەردەکەوێت، بۆ نموونە هەر زانیارییەکی زیادە لە بنەمای چەندایەتی و چۆنیەتی و بەزاندنی ڕیزبەندی کەرەستەکان، گوێگر لە ئەسڵی مەسەلەکە دوور دەخاتەوە و هیچ پەیوەندییەك لە ئارادا ناهێڵێت. بەزاندنیش تەنیا زیادە زانیاری نییە، بەڵکو نەدانی زانیاری پێویستیش بەزاندنە و پچڕاندنی پەیوەندییە.

٤ـ بەهۆی ئەوەی چ لێکەوتەی ئاخاوتەیی گشتی و چ گریمانەی پێشەکیی سیمانتیکی دەستەمۆناکرێن، لە لێکدانەوەکاندا پەنابراوەتە بەر کەرەستەکانی ڕێزمان، ئەمانەش پەیوەستی واتان و واتاش سنووردار ناکرێت و لە دەوروبەری گوتنەکەش دەترازێت، وشەش خۆی لە خۆیدا ڕوون نییە و بە بێ دەوروبەر لێڵتر دەبێت، لە پاڵ ئەوەی کە لێکەوتەی ئاخاوتەیی نەریتی نییە (هەڵهێنجاوی وشەکان نییە) و لە درکە و خوازەشدا بەدەستدێت.

٥ـ لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە ڕۆنانی سەرەوەدا بەدەستدێت، دوای ئەوەی خۆی لە هەموو لێکدانەوە و درێژدادڕییەکانی ڕۆنانی ژێرەوە ڕزگاردەکات، بەڵام کە دەگاتە ڕۆنانی سەرەوە و تەمومژێك دروستدەکات، بە واتای ئەوەی زیاتر لە لێکەوتەیەکی لێکەوتەوە (بڕوانە نموونەی ٥٢ : بەشی یەکەم). تەنیا دەروازەی ڕەواندنەوەی تەمومژەکە دەکەوێتە ئەستۆی هاریکاری قسەکەر، هێز و ئاوازە، دەوروبەری قسەکردن.

٦ـ دەکرێت گرتنەوە بکرێت بە پێوەرێك بۆ جیاکردنەوەی چەمکی لۆجیکی لە واتای سیمانتیکیدا، ئەمەش لە دوو دەروازەوە :

ا ـ کەرەستەکان : کەرەستەی شیکردنەوەی لۆجیك لە سنووری گرتنەوەکە، ڕستەیە و لەبەر ئەوەش بە (Entailment) ناو دەبرێت، کەرەستەی شیکردنەوەی سیمانتیك لەو سنوورەدا وشەیە و بە (Hyponymy) ناودەبرێت.

ب ـ گرتنەوەی لۆجیکی پەیوەندی لۆجیکی نێوان دوو باس لە سنووری ڕستەکەدا دەردەخات، لەبەر ئەوە دەکرێت گۆڕینی فۆڕمی ڕستەکان بە هەمان باس ئەنجامبدەین، بەڵام لە گرتنەوەی سیمانتیکیی وشەکاندا ئەمە ناکرێت.

٧ـ له لۆجیکی بیرکاریدا سەلماندنی تایبەتی مەرجی پێویستە بۆ سەلماندنی گشتی، بەڵام پێچەوانەکەی چەوتە، ئەمەش لە سەر بنەمای بە نەرێکردن  پاساو دەدرێت (بڕوانە نموونەی ٧٧: بەشی یەکەم).

٨ـ لە لێکدانەوەکانی لۆجیکناسانی وەکو (فریگە) و (ڕەسل) و (ستراوسن) بەم ئەنجامە دەگەین : (فریگە) خۆی لە چارەسەری سەرەکی ڕاستی و ناڕاستی دەپارێزێت و بۆ کەم و کوڕی زمانی سروشتی دەگێڕێتەوە، (ڕەسل) لە سەر بنەمای گرتنەوەی لۆجیکی، گرنگی بە بوونی بکەرەکە نادات و بە بکەری ڕێزمانی لەقەڵەمدەدات و دەستەواژەی نە ڕاست و نە درۆ بەکاردەهێنێت، بەڵام (ستراوسن) لە (فرێگە) نزیکترە و لێکدانەوەکانیان دەبەنە ئاستی گریمانەی پێشەکی، نەك گرتنەوەی لۆجیکی، لای (ڕەسل) لە (ستراون)ەوە واز لە لۆجیکی دوو بەهایی هێنرا و پەنا بردرایە بەر لۆجیکی سێ بەهایی.

٩ـ لە ڕستەی ئاڵۆزدا، جاری وا دەبێت ڕستەیەکی سادە بەشێك دەبێت لە ڕستە ئاڵۆزەکە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا واتای گریمانەی پێشەکی ڕستە سادەکە ناخرێتە ناو واتای ڕستە ئاڵۆزەکە و جێکەوتەی لەو دەوروبەرە زمانییەدا نابێت ( بڕوانە نموونەی ٢٦: بەشی دووەم)، ئەمەش ئەو  ڕاستییەی پێشتر ڕەتدەکاتەوە، کەوا گریمانەی پێشەکی ڕستەی سادە لە ناو ڕستە ئاڵۆزەکەدا دەمێنێتەوە، ئەم کێشەیەش بە کێشەی جێکەوتە ناودەبرێت، ئەم کێشەیە یەکێکە لە هۆکارەکانی پشتگوێ خستنی تیۆرە سیمانتیکییەکانی گریمانەی پێشەکی، لە لایەکی ترەوە چارەسەرەکەی (جۆرج یول)یش بۆ کێشەکە پڕاوپڕ نییە.

١٠ـ بەسترانەوەی تیۆرە سیمانتیکییەکانی گریمانەی پێشەکی بە واتا جێگیر و نەگۆڕاوەکانی ناو ڕستە، هۆکارێکی تری سەرنەکەوتنی گریمانەی پێشەکییە لە ناو تیۆرە سیمانتیکییەکاندا، زیاتر لە چوارچێوەی پراگماتیکدا سەرکەوتووە، چونکە پراگماتیك واتا دەداتە دەست دەوروبەر .

١١ـ بە هۆی ئەوەی گریمانەی پێشەکی دەچێتە بواری لێکدانەوە پراگماتیکییەکانەوە، گریمانەی پێشەکی پەیوەستە بە توانای قسەکەر و گوێگرەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پێویستی بە وەبیرهێنانەوەی هەندێك زانیاری دونیایی هەیە، دەبێت توانستیش (Competence) لە هاوکاریدا بێت .

١٢ـ له تیۆرەکەی (کارتونین)دا، له یاساکانی دەمبەست و پالاوتن و دەروازەدا، پالاوتن چارەسەری نەگونجانی ڕسته ئالۆزەکان دەکات.

١٣ـ تاکه تایبەتمەندیی دیار و هەڵکەوتووی گریمانەی پێشەکی، که به سەر لێکەوتەی ئاخاوتەیی و گرتنەوەی لۆجیکیدا سەری دەخات و جیای دەکاتەوە، ئەوەیە، که له ژێر ناکردن( نەفیکردن)دا جێگیره و ناگۆڕێت.

## ٢ـ٤. پێشنیاز:

پێشنیازی ئەوە دەکەین له کارەکانی ئایندەدا هەندێك لایەنی تری تیۆرەکانی گریمانەی پێشەکی و لێکەوتەی ئاخاوتەیی به پێی ڕێبازی زمانەوانیی نموونەشیکاری (Corpus Linguistics) کاری له سەر بکرێت، واته نموونەی نووسراو له ئەدەب و ڕۆژنامه وەربگیرێت و لەسەر ئەو دەقه وەرگیراوانه، تیۆرەکان پراکتیزەبکرێن.

## سەرچاوەکان

### اـ به زمانی کوردی :


ـ ئاڤێستا کەمال مەحموود (٢٠٠٦) پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان له دیالێکتی کرمانجیی خواروودا( نامەی ماجستێر)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٨٧ ) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی) ،بەشی دووەم (جێناو)، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ٠

ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨ ) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی چوارەم (ژمارە و ئاوەڵکردار)، دەزگای ڕۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا٠

ـ بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٠) میتافۆر له ڕوانگەی زمانەوانییەوە (نامەی دکتۆرا)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی ٠

ـ حەمید عەزیز (٢٠٠٥) بنەماکانی فەلسەفەی شیکردنەوەی مەنتیقی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر٠

ـ پیرەمێرد (١٩٩٠) دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوە و ساغ کردنەوەی فائق هوشیار، محمد احمد محمد، مصطفى صالح كريم، محمد نوری توفیق و احمد زرنگ مصطفى، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

ـ تریفە عومەر ئەحمەد (٢٠٠٨) مەبەستی پراگماتیی لە وتاردا (نامەی ماجستێر)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

ـ شێخ ڕەزای تاڵەبانی (٢٠٠٣) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

ـ سازان رضا معین (٢٠٠٥) واتا و دەوروبەر– لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکیی (نامەی ماجستێر)، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

ـ صباح رشید قادر(٢٠٠٠) هاوبێژی و فرەواتایی لە(گیرەك)دا( نامەی ماجستێر) کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

ـ عەبدوڵلا حوسێن(٢٠٠٥) پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

ـ عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠٠٥) ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

ـ عەزیز گەردی(١٩٧٢) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغداد.

ـ عەزیز گەردی(١٩٧٥) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی دووەم(جوانکاری) چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.

ـ عەزیز گەردی(١٩٧٩) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی سێ یەم (واتاناسی)، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی.

ـ عەلی سولحجوو(٢٠٠٥) گوتار و وەرگێڕان، وەرگێڕانی کۆساری فەتاحی، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی.

ـ قەیس کاکل تۆفیق(٢٠٠٢) پەیوەندییەکانی نێو دەق(نامەی دکتۆرا)، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

-محمد معروف فتاح(١٩٩٠) زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

ـ محمد معروف فتاح(٢٠٠٧) زمانی شیعر ـ ڕوانگەیەکی زمانەوانی و پراگماتیکی.

ـ محمد معروف فتاح(٢٠٠٨/١٠/١٥) دیدەنی.

ـ(مینە)محەمەد ئەمین حسێن (٢٠٠٧) زمانی جەستەـ درۆ و هێماکانی درۆکردن، کۆمپانیای ئاوێنە، سلێمانی.

ـ هۆگر مەحموود فەرەج (٢٠٠٠) پراگماتیك و واتای نیشانەکان (نامەی دکتۆرا)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

ـ وریا عومەر ئەمین (١٩٩٤) هێز و ئاواز، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە( ١٣٤)، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغداد.

وریا عومەر ئەمین (١٩٩٥) لێڵی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٣٦)، بەغداد.

**ب ـ بە زمانی عەرەبی :**

ـ آوزوالد دیکرو و جان ماری سشایفر (٢٠٠٧) القاموس الموسوعي الجديد لعلوم اللسان، الطبعة الثانية، ترجمة منذر عياشى، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء٠

ـ بالمر ٠ف (١٩٨٥) علم الدلالة، ترجمة مجيد عبدالحليم الماشطة، جامعة المنتصرية، بغداد٠

ـ جميل صليبا (١٣٨٥) المعجم الفلسفي، الجزء الاول، منشورات ذوي القربى، المطبعة سليمانزاده، قم ٠

- جون لاينز (١٩٨٠) علم الدلالة، ترجمة مجيد عبدالحليم الماشطة، حليم حسين فالح و كاظم حسين باقر، جامعة البصرة٠

- جون لاينز (١٩٨٧) اللغة والمعنى و السياق، ترجمة عباس صادق الوهاب، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ٠

- حسان الباهي (٢٠٠٠) اللغة و المنطق بحث في المفارقات، دار الامان للنشر و التوزيع، الرباط ٠

- روبير مارتان (٢٠٠٧) مدخل لفهم اللسانيات ،ترجمة عبدالقادر المهيري، المنظمة العربية للترجمة، بيروت٠

- شاهر الحسن (٢٠٠١) علم الدلالة السمانتيكية و البراجماتية في اللغة العربية، دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع، عمان ٠

- شحدة فارع، جهاد حمدان، موسى عمايرة و محمد العناني (٢٠٠٦) مقدمة في اللغويات المعاصرة، الطبعة الثالثة، دار وائل للنشر و التوزيع، عمان٠

- عادل فاخوري (١٩٨٩) الاقتضاء فى التداول اللساني، مجلة عالم الفكر، العدد الثالث، المجلد العشرون، الكويت٠

- عبدالرحمن بدوي (١٤٢٧) موسوعة الفلسفة، الجزء الاول والثانى، منشورات ذوى القربى، المطبعة سليمانزاده، قم ٠

- عبدالهادي بن ظافر الشمري (٢٠٠٤) استراتيجيات الخطاب ـ مقاربة لغوية تداولية، دار الكتاب الجديد المتحدة، بنغازي٠

- عزمي اسلام (١٩٨٥) مفهوم المعنى دراسة التحليلية، حوليات كلية الاداب، جامعة الكويت، الرسالة الحادية والثلاثون، حولية السادسة، الكويت ٠

- فردينان دي سوسور (١٩٨٨) علم اللغة العام، ترجمة يوئيل يوسف عزيز، دار الكتب و النشر، جامعة الموصل، موصل ٠

- كولنج·ن·ى (١٤٢١) الموسوعة اللغوية، المجلد الاول، ترجمة محي الدين حميدي و عبداللة الحميدان، جامعة الملك سعود، الرياض·

- محمد محمد يونس علـي (٢٠٠٤) مقدمـة في علمـي الدلالة و التخاطب، دار الكـتب الجديد المتحدة، بنغازي·

- محمد محمد يونس علي(٢٠٠٧) المعنى و الظلال المعنى ـ انظمة الدلالة العربية، دار المدار الاسلامي، بنغازي.

**پ ـ به زمانى فارسى :**

- رودلف كـارناب (١٣٨٥) فلسفه و نحو منطقـى، ترجمه رضا مثمر، تهـران.

- شيوان چيمن(١٣٨٤) از فلسفه به زبان شناسى، ترجمه حسين صافى،تهران.

- كـورش صفوى (١٣٨٠) گـفتارهايى در زبان شناسـى، انتشارات هرمس، تهـران·

- نيل اسميت، ديردرى ويلسون(١٣٧٤) زبانشناسى نوين (نتايج انقلاب چامسكى)، ترجمه ابوالقاسم سهيلى، على اشرف صادقى، على صلحجو، مجدالدين كيوانى، يحيى مدرسى و رضا نيلى پور، چاپ دوهم، موسسه انتشارات اگاه، تهران .

**ت ـ به زمانى ئينگليزى :**

Davis,S. (١٩٩١) Pragmatics, A Reader. Oxford University Press.

Grice,H. P. (١٩٧٥) Logic and conversation .In Cole &Morgan(١٩٧٥):٤١ - ٥٨.

Laurence,R.H & Ward, G. (٢٠٠٦) The handbook of pragmatics, Blackwell.

Kraus, P. (٢٠٠١) Topics in Presupposition theory University stuttgart.

Leech, G. (١٩٩٦) Principles of Pragmatics, tenth impression, Longman, London.

Levinson, S.C. (١٩٨٣) Pragmatics, Cambridge :Cambridge University Press.

Mey, J.L. (٢٠٠١) Pragmatics : An introduction, Second edition, Blackwell.

Stalnaker, R.C. (١٩٩٩) Context and Content, Oxford University Press.

Verschueren,J. (٢٠٠٣) Understanding Pragmatics, Oxford :Oxford University Press.
Yule,G .(١٩٨٥) The study of Language : An introduction.Cambridge : Cambridge University Press.
………(٢٠٠٠) Pragmatics, Oxford : Oxford University Press.
Kobayova,Ivan Kruijff(٢٠٠٥) Presuppositions .URL: http: // www . coli.uni-saarland.de/courses/

## خلاصة الدراسة الموسومة
## ب ( السمات التداولية والدلالية للفرضيات المسبقة )

تعنى هذه الاطروحة بشكل اساس بالخوض في نظرية الفرضية المسبقة و تطبيقاتها في اللغة الكردية . و يدخل نطاق البحث بشكل رئيس في مستويات التداول و الدلالة، لكن طبيعة البحث فتطلب ولوج الجانب المنطقي في اطار تحليلاتنا، لكون النظرية الفرضية المسبقة قد ظهرت اساسا في محاور المنطق. اما المشاكل التي تتناولها مضامين هذه الدراسة فعبارة عن مجالات النظريات المختلفة لهذا الموضوع وكيفية تفعيلها و تطبيقها في اللغة الكردية . و تتالف الاطروحة من مقدمة و اربعة فصول :

يعد الفصل الاول تمهيدا وانطلاقة للدخول في البحث، وتعرض فيه انماط الدلالات و موضوعي الاستنتاج الكلامي و التضمين المنطقي والدلالي كونهما مرتبطان بالفرضية المسبقة

و كرس الفصل الثاني للاراء التي طرحت في هذا المضمار، اي في مجال الفرضية المسبقة، وطرحت ايضا في هذا المجال ثلاث نظريات : النظرية المنطقية، والنظرية الدلالية، والنظرية التداولية للفرضيات المسبقة .

اما الفصل الثالث فتتناول فيه الباحث انواع الفرضيات المسبقة على النحو الآتي : الفرضية المسبقة الكينوني (الوجودي)، والفرضيات المسبقة الحقيقية وغير الحقيقية والفرضية المسبقة المضادة للواقع، والفرضية المسبقة التركيبية، وتم تمثيلها بامثلة مختلفة.

وخص الفصل الرابع لعرض اهم النتائج التي توصل اليها الباحث في اثناء هذه الدراسة مقترنة بعدد من المقترحات و التوصيات، نبرز منها ما يأتي:

ارتباط النظرية الدلالية للفرضية المسبقة بالمعاني الثابتة غير المتغيرة داخل الجمل، و من أسباب فشلها في اطار النظريات الدلالية و نجاحها بالمقابل في اطار النظريات التداولية، كون الاخيرة تربط المعاني بالدوائر السياقية .

ابرز السمات الظاهرة للفرضية المسبقة التي تجعلها سباقة ومميزة للاستنتاج الكلامي والتضمين المنطقي، هي ثبوتها وعدم تغيرها عند نفيها.

وتتختم الدراسة بقائمة المصادر والمراجع وخلاصة للبحث باللغتين العربية والانجليزية .

# Abstract

This dissertation entitled "The pragmatic and Semantic features of presupposition" deals with the theory of presuppositions and putting them into practice. The scope of the study falls primarily within the limits of pragmatics and semantics although the nature of the theory demands that the logical aspect be covered, as well.

The problems addressed in the dissertation include the various theories of presupposition and the way they can be established and applied in Kurdish.

The Study falls into an introduction and four chapters. The first chapter which serves as a preliminary to the study highlights such topics as types of meaning, cooperation principle, conversational implicatures, logical entailment And hyponymy.

The second chapter demonstrates the views given by scholars on presupposition which consist mainly in three theories: the logical theories of presupposition , the semantic theories of presupposition, and the pragmatic theories of presupposition.

The third chapters tackles the six types of presupposition which are: Existential presupposition, factive presupposition, non-factive presupposition, counterfactual presupposition, lexical presupposition, and structural presupposition.

The fourth chapter sums up the results and conclusions of the study in addition to suggestions for future study. Among the outstanding conclusions drawn from the study, is that the associathons of the semantic theories of presupposition with the constant and invariable meanings in the sentence, is a reason why presupposition works better within pragmatics rather than semantics since pragmatics commits meaning to context. Another conclusion is that an exclusive characteristic of presuppositions which distinguish it from conversational implicatures and hyponymy, is constancy under negation.

The study closes with a bibliography of the works cited and consulted, and two abstracts in Arabic and English.